دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


# کوردستان

ژمارە: ٥٢٦

www. kurdistanukurd.com

سێ شەممە ١٥ی‌بەفرانباری ١٣٨٨ ـ ٥ی ژانویە ٢٠١٠ ـ ١٥٠ تمەن ● ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

وتووێژ



**خالید عەزیزی: نابێ بەرانبەر بە بارودۆخی ئێستای ئێران کەمتەرخەم بین**

سیاسی



**کۆماری ئیسلامی بەرەو هەڵدێرگەی نەمان**

وتووێژ



حیشمەتوڵڵا تەبەرزەدی

**سەرکوتی خەڵکی ئێران نیشانەی لاوازیی حکوومەت**

سیاسی



**ستراتێژیی نوێی ئامریکا لە ئەفغانستان و چەند قسەیەك**

# خەڵکی ئێران مل بۆ هیچ بەرنامەو ڕێککەوتنێک نادەن کە ماف و ئازادییەکانی ئەوان دابین نەکا



## دەسبەسەر کراوەکانی ڕووداوەکانی ئەو دواییانە هەڕشەی ئیعدامیان لە سەرە

کەمپەینی نێو نەتەوەیی مافی مرۆڤ لە ئێران جەختی کردەوە کە مەلاکانی لایەنگری دەوڵەت لە پەیامێکی ئاشکرادا خۆازیاری ئیعدامی دەسبەسەرکراوەکانی ئەو دواییانە بوون.

ئەم کەسانە فشارێکی زۆریان بۆ دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی هێناوە کە وەکوو ساڵانی سەرەتای شۆرشی ٥٧ کار بکەن و حوکمی توند و تیژ لە دژی نەیارانی کۆماری ئیسلامی دەربکەن.

هادی قائمی وتەبێژی کەمپەین سەبارەت بە لێدوانەکانی ئەو کەسانە گوتی کە ئێمە زۆر نیگەرانین، چونکە وادیارە بەرپرسانی دەولەت لەوە نەگەیشتوون کە توندوتیژی کۆتایی بە نارەزایەتییەکان ناهێنێ و ئەو کارە زیاتر خەڵك تووڕە دەکا.

کەسانێك وەك ئایەتوڵلا عەلەمەلهودا، پێشنوێژی هەینیی مەشهەد، جەننەتی دەبیری شوورای نیگابان و تەباتەبایی نژاد پێش نوێژی هەینیی ئیسفەهان و ئەسەدوڵلای ئیمانی پێش نوێژی شیراز هەڕەشەیان لە نارازییان کردووە کە ئەگەر دەست لە نارەزایەتی دەربڕین هەڵنەگرن، بە"محارب " و "مفسدفی‌الارض " دەناسرێن و لە کۆماری ئیسلامییشدا سزای محارب و مفسدفی الارض ئێعدامە.

## بەرەو ڕێبەندانێکی دیکە

قادر وریا

ڕووداوەکانی ئەمساڵی ئێران، تا دێ پتر پاییزو زستانی ١٣٥٧ وەبیر خەڵکی ئەم وڵاتە دێننەوە.

ئەگەرچی بەربەرەکانیی خەڵك بەتایبەتی تویژی ڕووناکبیرو خوێندکار لەگەڵ بەڕێوەبەرانی دەسەڵاتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی شتێکی تازە نیەو هەر لەم ١٢ ـ ١٠ ساڵەی دوایی‌دا نموونەی وەك پووشپەڕی ١٣٧٨مان لێ دیتوە، بەڵام بەربەرەکانی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەم ڕێژیمە لە دوای کودەتای جۆزەردانی ئەمساڵەوە پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ. قۆناغێك کە دەکرێ ناوی قۆناغی یەك لابوونەوەو بە ئاکام گەیشتنی خەباتی خەڵکی ئێران بە دژی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆریی لە سەر دابنێین.

لە ڕێبەندانی ١٣٥٧دا، ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران لە دوای ساڵێك خەباتی سەرشەقامەکان و خۆپێشاندانی جەماوەری، کۆتایی بە تەمەنی ڕێژیمی شایەتی هێناو سەرکەوت. ڕووداوەکانی دوای کودەتای جۆزەردانی ئەمساڵ و ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان لە هێندێك بارەوە، لە ڕووداوەکانی هاوین و پاییزو زستانی ١٣٥٧ دەچن. هەربۆ وێنە:

١ـ وەك ڕاپەڕینی جەماوەری بە دژی ڕێژیمی شایەتی، بزووتنەوەی ئازادیخوازی و جەماوەریی ئەمجاریش، خسڵەتێکی پەرەئەستێنانەوهەموو لا داگری هەیە. هەم لە نێو چین و توێژو بەشە جۆراوجۆرەکانی خەڵکداو، هەم لە نێو نەتەوەو شارو ناوچە جیاوازەکاندا، ڕۆژ بەرۆژ زیاتر بڵاو دەبێتەوە. ئەمە ڕاستە کە هاتنە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندانەکان بە زۆری لە تاران و شارەگەورەکان روو دەدەن، بەڵام هەر ئەو نارەزایەتی، تووڕەیی و داوایانەی خەڵك لە شارەگەورەکان دێننە سەر شەقام، لە دڵی هەموو خەڵکی ئێران دان و، بە دوور نازانرێ لەگەڵ هەرەسهێنانی پتری سام وهەیبەتی دیکتاتۆری و دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی، لە هەموو شارو ناوچەکان خۆبنۆێنن.

٢. هەر وەك لە ساڵەکانی ٥٦و ٥٧دا، بیرەوەریی هەر تاوانێکی ڕێژیم و کوژرانی هەر خۆپێشاندەرێك دەبووە بۆنەو بیانوویەك بۆ پێشاندانی هاوپێوەندیی خەڵك و هاتنە سەر شەقامەکان، ئێستاش وێڕای ڕۆژە مێژوویی و مەزهەبییەکان و بۆنە گشتیی‌یەکان سێ ڕۆژانەو "اربعین"و چلەی هەر شەهیدێك، شەپۆلەکانی خەڵك دەخاتەوە سەریەك و بە لێبڕاوییەکی زیاترەوە ڕەوانەی شەقامەکانیان دەکا.

٣ـ سەرکوت و توندوتیژیی دەسەڵاتداران ئەگەرچی جار لەگەڵ جار، دڕندانەتر دەبێ، بەڵام هەر بەو پێیەش کارایی‌یەکەی کەمتر دەبێتەوە. سوپاو بەسیج و هێزە لیباس شەخسییەکان و سەرجەم دامەزراوە سەرکوتکەرەکان بە ئیشارەو فەرمانی ڕێبەری و تاقمی دەسەڵاتدار، لە کوشتاری خەڵك لە سەر شەقامەکان و لە نێو زانستگەکاندا، لە دەستدرێژی بۆ سەر گیراوەکان لە بەندیخانەکان و لە سانسۆرو داخستنی ڕۆژنامەکان، دەستیان نەگێڕایەوە، بۆ ئەوەی نەوێرن جارێکی دیکە بێنەوە سەر شەقامەکان. بەڵام ئەو مۆتەکەیەی لێی دەترسن کە حزووری میلیۆنی خەڵکی نارازی‌یە، لە ١٣ی خەزەڵوەر، لە ١٦ی سەرماوەز، لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن وماتەمینی مونتەزیری‌داو لە ڕۆژەکانی مانگی موحەڕڕەمدا، دیسان بەربینگی پێ گرتنەوە. "شا"ش لە دوامانگەکانی تەمەنی‌دا، جار بە جار بێڕەحمانەتر دەکەوتە دروێنەی ئاپۆرای خەڵکی نارازیی سەر شەقام. بەڵام کەڵکی نەبوو.

ل ٥

## لە ٣ مانگی پاییزدا لە کوردستان زیاتر لە ١٦٠ کەس کوژراو بریندار یان دەسبەسەرهەبووە



لە ماوەی ٣ مانگی پاییزی ساڵی ١٣٨٨دا، ٥٥ کەس لە خەڵکی کوردستان بە هۆی تەقەی هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە کوژراون و بریندار بوون.

بەپێی ڕاپۆرتێک کە ناوەندی هەواڵی "کوردستان و کورد نیوز" بڵاوی کردۆتەوە لە ماوەی ٣ مانگی پاییزی ئەو ساڵدا ٢٦ کەس لە کوردستان بە هۆی سیاسەتەکانی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی کوژراون. لە نێو ئەو ٢٦ کەسە دا ١٨ کەسیان کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون کە ڕاستەوخۆ لە لایەن هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە دراونەتە بەر گوللەو گیانیان لە دەست داوە.

ئیحسان فەتاحیان، چالاکی سیاسیی کورد کە ٢٠ی خەزەڵوەر لە گرتووخانەی سنە ئیعدام کراو ٤ کەسیش بە هۆی تەقینەوەی مینی چێنراو لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە گیانیان لە دەست داوە.

٣ کەسەکەی دیکەش بە شێوەیەکی گوماناوی لە گرتووخانەکانی ڕێژیمدا کوژراون، بەڵام بەرپرسانی گرتووخانەکانی ڕێژیم ئیدیعا دەکەن کە بە مردنی سروشتی گیانیان لە دەست داوە.

هەرلە درێژەی سەرکوتی کاسبکاران و کۆڵبەرانی ناوچە سنوورییەکانیش ٢٩ کەس بە گوللەی هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیم پێکراون و بریندار بوون.

## دەوڵەتی ئێران بە بێدەنگی خەریکی شەڕ لەگەڵ خوێندکارە "ئەستێرەدارەکان"ە



ڕۆژنامەی"وال ستریت ژورناڵ" لە ڕاپۆرتێك دا لە ژێر سەردێڕی "ڕێژیم خەریکی شەڕێکی ئارام بە دژی خوێندکارە ئەستێرەدارەکانە" لە دوایین ژمارەی خۆی دا نووسیویەتی کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە پشت ڕووداوەکانی ئێستای سەر شەقامەکانی ئێران بە بێدەنگی خەریکی سەرکوتی خوێندکارەکان لە ڕێگای بێبەش کردنیان لە خوێندنە. لە زۆر شوێندا ئەستێرەدار بوون بە مانای پلە بەرزیە، بەڵام لە ئێران دا ئەوە بە مانای بێبەش کردنی خوێندکارێك لە خوێندنە.

بەپێی لێدوانێکی مستەفا موعین، وەزیری پێشووی پەروەردەو فێرکردن، لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە کە ئەم شێوەیە لە سەرکوتی خوێندکاران سەری هەڵداوە، هەتا ئێستا زیاتر لە هەزار خوێندکار لە خوێندن بۆ پلەی سەروتر بێ- بەش کراون و ئیتلاعاتی ڕێژیمیش بەردەوام ئیمەیل و پێوەندییە تەلەفوونیەکانی ئەم خوێندکارانە کۆنترۆڵ دەکات و دەیانخانە ژێر چاوەدێرییەوە.

هەر لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژە بە قسەکانی ساڵح نیکبەخت ، پارێزەر و نیشتەجێی تاران کراوە کە دەوڵەت زۆر لە شۆڕشی خوێندکارەکان دەترسێ، چونکە ئەوان ئامانجخواز لاون و زۆر جاریش نیشانیان داوە کە ئامادەن لە بەرانبەر بێ‌عەداڵەتیدا ڕاوەستن.

ڕۆژنامەی"وال ستریت ژورناڵ" لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەی دا نووسیویەتی کە زانکۆکانی ئێران لە بۆمبێکی کاتژمێری دەچن.

## ئەگەری ئێعدامی حەبیبوڵڵا لەتیفی لە ئارا دایە



بە پێی هەواڵێك کە ڕێکخراوی دژە ئێعدامی کوردستان (roek) بڵاوی کردۆتەوە، ئەگەری ئێعدامی حەبیبوڵڵا لەتیفی چالاکیی خوێندکاری کورد لە ئارادایە. بە پێی ئەم هەواڵە لەتیفی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لەلایەن "ئەسکەندەری" بەرپرسی بەشی بەڕێوەچوونی حوکمەکان لە زیندانی ناوەندیی سنەوە بانگ کراوە و پێی ڕاگەیەنراوە کە هیچ گەرەنتییەك بۆ بەڕێوە نەچوونی حوکمی ئێعدامی ناوبراو لە ئارادا نیە. هەر بە پێی ئەم هەواڵە ئەسکەندەری داوای لە لەتیفی کردوە کە تۆبە بکاو داوای لێبووردن بکا تا شایەد بڕیار بدرێ کە حوکمەکەی بەڕێوە نەچێ. هەروەها لە چەند ڕۆژی را بردوودا فشارەکان بۆ سەر ئەو بەندییە کوردە پەرەی سەندوە و هەڵسوکەوتی بەرپرسان لەگەڵ ناوبراو ئاسایی نیە.

## لە پێناوی ئازادیی خوێندکارانی دەسبەسەرکراودا خوێندکارانی زانکۆی رازی هەڕەشەی مانگرتن دەکەن





خوێندکارانی زانکۆی رازی کرماشان، بە دەرکردنی ڕاگەیەنراوێك هەڕەشە لە دەسەڵات دەکەن کە ئەگەر بێتو بەزووترین کات خوێندکارانی دەسبەسەر کراو ئازاد نەکەن، ئەوا وەکوو تێرمی پێشوو، تاقی کردنەوەکانی کۆتایی تێرم تەحریم دەکەن. خوێندکاران ڕایانگەیاندوە کە سوورن لە سەر ئەوەیکە بە بێ هاوپۆلەکانیان نەچنە سەر جەلەسەی تاقی کردنەوەکانی کۆتایی تێرم.

خوێندکارانی زانکۆی رازی هەروەها لە ڕاگەیەنراوەکەیاندا سەرکوتی خەڵکی ئێران بە توندی مەحکووم دەکەن و ڕایانگەیاندوە کە دەسەڵات بەم شێوەیە سیمای ڕاستەقینەی خۆی بۆ هەموو لایەك ئاشکرا کرد.

شایانی باسە خوێندکارانی زانکۆی پۆلی تێکنیك (ئەمیر کەبیر) بە هەمان شێوە تاقی کردنەوەکانی کۆتایی تێرمیان تەحریم کردوە و بە پێی هەواڵەکان تا ئێستا تاقی کردنەوەکان لە زۆربەی کۆلێژەکانی ئەو زانکۆیە هەڵوەشاوەتەوە.

## سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژێك لەگەڵ "کوردکاناڵ"دا:

# نابێ بەرانبەر بە بارودۆخی ئێستای ئێران کەمتەرخەم بین

هەڤپەیڤین: مادێح ئەحمەدی

ئازیزانی بینەر! هەر وەك ئاگادارن بارودۆخی ئێران رۆژ لە دوای رۆژ ئاڵۆزتر دەبێ و کەلێنەکانی نێوان قۆڵەکانی دەسەڵات لە وڵاتدا قووڵتر دەبێ و هەروەها لە لایەکی تر، بەربەرەکانیی نارازییانی ئەو حەرەکەتەی ئێستا کە بە جووڵانەوەی سەوز لە ئێران ناسراوە، بۆ خۆی توانییەتی جۆرێك کێشە یا لە ئاستێکی دیکەدا حاکمییەتی ئێران یا قۆڵی پاوانخوازی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی تووشی قەیران بکا. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ناوەندە سیاسییەکان چ لە ئاستی جیهانیداو چ لە ئاستی وڵاتانی ناوچەکەدا سەرنجێکی زیاتر بدەنە کێشەی ئێران. لە پێوەندی لەگەڵ ئەو وەزعییەتەدا کە ئێستا لە ئێران هاتۆتە گۆڕێ بێ گومان مەوقعییەتی کورد زۆر زۆر گرنگەو پێویستە ئێمەش وەك کورد خوێندنەوەی تایبەت یا پێناسەی تایبەتمان لەم پێوەندییەدا هەبێ. لەم بارەیەوە لە سەرەتای بەرنامەکەماندا هەوڵ دەدەین لە چوارچێوەی چەند پرسیاردا تیشك بخەینە سەر ئەم بابەتە، بەڵام لە بەشی دواتری بەرنامەکەماندا لە پێوەندی لەگەڵ وتووێژێکی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ماوەی رابردوودا لە میدیاکان بڵاو کرایەوەو کۆمەڵێك شتی هێنا بووە بەرباس کە بووە جێی سەرنجی کۆمەڵێك لە ساحێب نەزەران و رەخنەگران یا کەسانێك کە بە هەر حاڵ بە موافق و بە موخالف لە سەر ئەو مەسەلەیە قسەیان کرد. ئەو مەسەلەیەش کە لەو وتوێژەی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا وروژێندرا بوون، یەك: مەسەلەی هەڵگرتنی دروشمی رووخان لە لایەن بزووتنەوەی کورد، دوو: مەسەلەی موزاکرەو دانوستان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی، سێ: لانیکەم و لانی زۆری مافەکانی ئێمەو کۆمەڵێك بابەتی تر لەو پێوەندییەدا. ئەم بابەتە یا ئەم وتوێژەی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان تا ئاستێك ئێنعکاس و کاردانەوەی جیاوازی لێکەوتەوە.

لەم دیدارە تایبەتەدا هەوڵ دەدەین لە چوارچێوەی ئەم مەسەلەیەدا، لە خزمەت بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بین. کاك خالید زۆر سپاس بۆ ئەوی ئەم دەرفەتەتان نایە ئێختیارمان بۆ ئەم چاوپێکەوتنە.

**پرسیار: با لەوەوە دەست پێ بکەین هەروەك لە سەرەتاشەوە ئیشارەم پێکرد، وەزعی ئێران ئاڵۆزەو ئەو قەیرانانەی کە ئێستا تووشی حاکمییەتی ئەو وڵاتە بوون، یا قۆڵی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی، رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر دەبن و ئەو رقابەتەو ئەو کێشەو ململانێیانەی کە کەوتوونە نێوان ئەو حەرەکەتەی ئێستا لە گۆڕێدایەو حاکمییەتی جمهوری ئیسلامی لە واقعدا قەیرانێکی گەورەی دروست کردوە لەو وڵاتەدا . پێم خۆشە لە پێشدا هەڵسەنگاندنی جەنابتان لە پێوەندی لەگەڵ وەزعییەتی ئێستای کۆماری ئیسلامیدا ببیسین.**

خالید عەزیزی: پێشەکی زۆر سپاسی ئێوە دەکەم کە ئەو دەرفەتەتان بۆ من رەخساند کە لێرە لە خزمەتتاندا بم هەروەها بە هۆی کورد کاناڵیشەوە رێزو سڵاوم هەیە بۆ بینەرانی ئەم بەرنامەیە. لە راستیدا



دوای ئینقلابی ئیسلامیی ئێران دەکرێ بڵێم ئەوە قەیرانێکی زۆر بەربەرینی جەماوەری، سیاسی، ئابووری، ئەمنییەتی، قانوونی، مەزهەبی و نێودەوڵەتییە کە جمهووری ئیسلامی لەگەڵی رووبەڕوو بووەتەوە. لە سەردەمی ئێستادا ئێمە لە روانگەی کۆمەڵێك فاکتۆرەوە دەتوانین مەوقعیەتی دەوڵەت یا دەسەڵاتێك لە دنیای ئەمڕودا هەڵسەنگێنین. یەکێك لەو فاکتۆرانە فاکتۆری ئابوورییە. فاکتۆری ئابووری لە ئێراندا سەرەڕای ئەوەی کە ئێران وڵاتێکی دەوڵەمەندە، داهاتی نەوتی زۆرە، هەر لە نێوخۆی وڵاتیش مەجالی تەولیدی هەیە، کاری باشی هەیە، کشاوەرزی باشی هەیە، مەوقعییەتی جوغرافیایی لەو مەنتەقە بۆ معامەلە باشە بەڵام ئابووری ئێران سەرەڕای هەمووی ئەوانە خراپەو. لە پێوەندیی لەگەڵ وەزعی ئابوریدا نارەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵك یەکجار زۆرەو بەربەرین بۆتەوە. فاکتۆرێکی دیکە، فاکتۆری جەماوەرییەو جەماوەر لە سەردەمی ئێستادا (ساڵی ٢٠٠٩) شێوەیەکی دیکە لە حکوومەتکردنیان دەوێ، بە حکوومەتی جمهوری ئیسلامی رازی نین. کۆمەڵگەی ئێران زۆر چۆتە پێشێ، شعووری سیاسی زۆر چۆتە پێشێ. خەڵك موتالباتێکیان هەیە دەیانەوێ جێبەجێ بێ. خەڵکی ئێران بە هەموو نەتەوەکان و بە هەموو چین و توێژێکەوە دیانهەوێ لە دنیادا جێگەیەکیان هەبێ کە موناسبی وەزعی حاڵ و شعوورو هۆویەتی کۆمەلانی خەڵکی ئێرانە. لەم روانگەیەشەوە جمهووریی ئیسلامی لە قەیرانێکی جیددی دایە. خەڵك بە بەراورد لەگەڵ رابردوو، بە شعوورێکی زۆرترەوە لە دژی جمهووریی ئیسلامی راوەستاوە. فاکتۆرێکی دیکە، فاکتۆری نێودەوڵەتییە. جمهووری ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەك قۆڵدورێك موعامەلە دەکا. ئێحترام بۆ قانوون و یاسا ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان دانانێ. تێ دەکۆشێ لە سەر عەقڵییەتی خۆی کە چۆن تەعامول لەگەڵ خەڵکی خۆی دەکا هەر ئاواش تەعامول لەگەڵ دنیای دەرەوە بکاو، ئەوەی لە دنیای دەرەوە بە راحەتی لێ قبووڵ ناکەن. ئەوەی کە بە ناوی کێشەی ئەتۆمی، خۆی پێناسە کردوە، رۆژ بە رۆژ ئێران لە دنیادا پتر دەخاتە بەر چالشی جیددی. فاکتۆرێکی دیکە ئەوەیە کە لە نێوخودی سیستمی جمهووریی ئیسلامیدا، هەر وەکی هەموو لایەکمان دەزانین قانوونەکان و بنەماکانی دامەزراندنی ئەو حکوومەتە لە سەر ئەساسی بنەمای مەزهەبی شێعە دانراوە. لە نێوخودی سازماندەهی مەزهەبی شێعەش، کێشەو ناکۆکی یەکجار زۆر لە گۆڕێدا هەیە. ئێعترازاتێکی زۆر بە سیستمی ولایەتی فەقیە دەکرێ، لە سەر چۆنیەتیی تەعامول لەگەڵ خەڵك. لە سەریەك لە چوار مەیدانی سەرەکی، جمهووریی ئیسلامیی ئێران کەوتۆتە بەر هێرش، کەوتۆتە بەر رەخنەو گازندەی خەڵکی نێوخۆو دنیای دەرەوە.

**پرسیار: دەکرێ واشی پێناسە بکەین کە لەو چوار مەیدانەدا کۆماری ئیسلامی جگە لەوەی کەوتۆتە بەر هێرش، لە واقعدا تووشی قەیرانێکی جیددیش بووە؟**

خالید عەزیزی: مادام کەوتۆتە بەر هێرش لە چوار مەیدانداو لە موقابیلیدا راوەستاون و سوئالی لە سەرە ، قەیرانێکی جیددی دروست کردوە. ئەو قەیرانە لەو قەیرانانەیە کە حکوومەتی جمهووریی ئیسلامی دەبێ بە شێوەیەك تەعامولی لەگەڵ بکا، یا ئەوەیە دەستگای سەرکوت و نیزامیی جمهووریی ئیسلامی رۆژ بە رۆژ سەقامگیرتر دەبێ، (هۆیەکەی ئەوەیە جمهووریی ئیسلامیی ئێران ئێستا بە کۆمەڵێك مافیای نێو دەسەلات، کە لە دەوری ئەحمەدی نژادو سپای پاسداران و ئیتلاعات و خامەنەیی و ... کۆبوونەتەوە، ئێران ئیدارە دەکەن . ئەو مافیایە لە ئیدامەی خۆیدا دەبێ خۆی تۆکمەتر بکاتەوە، یەکدەستتر بکاتەوە کە رووبەڕووی ئەو قەیرانە بێتەوە) یا ئەوەی مەجبوور بە پاشەکشە بێ لە موقابیل ئەو قەیرانەدا. دیسان ئەوەش بۆ جمهووریی ئیسلامی هەر گران تەواو دەبێ. وەلحاسڵ لە هەر حاڵەتێکدا هەر سیاسەت و هەر بۆچوونێك جمهووریی ئیسلامی هەیبێ، چ سیاسەتی سەرکوتی زۆرتر ئیدامە بدا، چ سیاسەتی پاشەکشە بە تەعبیر لە هەمووی ئەو فاکتۆرانە سەحنەی سیاسیی ئێران، جمهووریی ئیسلامی هیچ ئایندەیەکی نیە. درەنگ یا زوو لە موقابیل ئێعترازاتی کۆمەڵانی خەڵك یا مەجبوور بە پاشەکشە دەبێ یا بێ ئایندەتریش دەبێ.

**پرسیار: کاك خالید بە نیسبەت ئەو حەرەکەتەی کە ئێستا لە ئێران بە ناوی جووڵانەوەی سەوز ناوبانگی دەرکردوەو لە واقعدا دەگەڕێتەوە بۆ پاش هەڵبژاردنەکان کە ئەم حەرەکەتە شکڵی گرت و هاتە گۆڕێ و رۆژ بە دوای رۆژیش لە واقعدا زیاتر تەوسعە پەیدا دەکاو حەوزەی فەعالیەت و چالاکییەکانی بەربەرینتر دەبێتەوە، پێم خۆشە پێناسەی ئێوە لەو پێوەندییەدا ببیستم؟.**

خالید عەزیزی: ئەم جووڵانەوەیە کە دژکردەوەیەك بوو لە دژی کردەوەی خامەنەیی و ئەحمەدی نژاد، دوای هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، ئەم جووڵانەوەیە لە ئیدامەی خۆیدا بەربەرینتر بوو و بوو بە دژکردەوەی کۆمەڵانی خەڵك لە موقابیل سیاسەتی جمهوری ئیسلامی لە کوللییەتی خۆیدا. ئەو جووڵانەوەیە لە سەردەمێکدا دەستی پێکردوە کە رۆژ بەرۆژ خەڵکێکی زۆرتر پێی مولحەق دەبێ. ئەگەر وایە بە لەحازی زەمانییەوە رەنگە ئێستا بڵێین زوو بێ ئێمە هەموو فاکتۆرەکانی بەشدار لە چەندو چۆنی شکڵ گیریی ئەو جووڵانەوەیە لە تەنیشتی یەك دابنێین. بەڵام ئەو جووڵانەوەیە لە لایەك دەکرێ ئاوا پێناسە بکەین بە شێوەیەك لە سەر بەستەری بنەماکانی ٢ی جۆزەردانی پێشوو لە سەردەمی خاتەمی کە ئیسلاح تەڵەبی هاتە گۆڕێ، هێندێك لەو بنەمایانەی تێدا هەیەو ئێستا لە کەشوهەوایەکیدیکەدا مەجالی بۆ هاتۆتەوە پێشێ و خۆ دەنوێنی. بەڵام ئەو کەشوهەوایە نزیك بە دە ساڵ دوای ئەو وەختە، تەبیعەتەن دە ساڵیش گۆڕانکاریی بە سەر خەڵك و بە سەر کۆمەڵگادا هێناوە، بۆیە جووڵانەوەی ئێستا لە هی ئەو وەخت رادیکاڵترە. دنیای ئێستا دنیایەکی پێشکەوتووترە، لە سەردەمی ئێستادا ئینترنێت، مۆبایل، سەتەلایت، ئێران و خەڵکی ئێران بە دنیای دەرەوە وەسڵ دەکاتەوەو جمهووریی ئیسلامی مەجالی پێشگیری لەوانەی نیە. بۆیە ئەو جووڵانەوەیە ئەگەر لە زاهیردا نمایەکی هەیە لە ژێر رەنگی سەوزدا ئەو خەڵکە کۆدەکاتەوەو زاهیرەن عەکسولعەمەلێکە لە موقابیل هەڵبژاردنەکانداو ئێستا زۆرتر بە کەڕووبی و خاتەمی و مووسەوی خۆی پێناسە دەکا، بەڵام کۆمەڵانێکی زۆری خەڵکی ئێران خۆی تێدا دەبیننەوەو تێدەکۆشن هەر کەسە داوایەك، بۆچوونێك، موتالباتێکی هەیە بە شێوەی خۆی لە دڵی خۆیدا بە گوێرەی عەقڵییەت و لێکدانەوەی خۆی کۆماری ئیسلامی بە چالش دەکێشێ. بەڵام حالیەن بە ناوی جووڵانەوەی سەوز خۆی ناساندوە. ئەوەی کە ئێمە پێناسەی بکەین ئەو جووڵانەوەیە لە مەرحەلەی ئێستادا بۆ رووبەڕوویی کردن لەگەڵ جمهوری ئیسلامی دەکرێ بنەمایەك بێ، حەدیئەقلی بەرنامەی هەبێ، کۆمەڵانی جۆراوجۆر لە خۆیدا کۆبکاتەوە لەو مەیدانەدا بتوانێ جمهووریی ئیسلامی لە سەر ئەو داوایانە بە چالش بکێشێ. بۆیە ئەوەی کە من ئەگەر پێناسەی بکەم، جووڵانەوی ئیدئۆلۆژییەکی موشەخەس نیە، جووڵانەوەی نەتەوەیەکی موشەخەس نیە، جووڵانەوەی حیزبێکی موشەخەس نیە، جووڵانەوی هێندێك ئەقشاری ئیسلامییش نیە، جووڵانەوەی هێندێك قشری دەرەوەی شاریش نیە، یا قشرێکی نێوشار نیە، بەڵکوو جووڵانەوەیە، جووڵانەوەیەکە دروشمی جۆراوجۆری تێدایە، جووڵانەوەیەکی هەمە رەنگە، وەسیعە یا بڵێین کۆلکەزێرینەیەکە هەرچەند ئێستا رەنگی سەوزە کە بۆتە نمادی ئەو جووڵانەوەیە.

**پرسیار: کاك خالید لە پێوەندی لەگەڵ ئەم جووڵانەویە (کێشەی ئەم جووڵانەویە لەگەڵ حاکمییەتدا ئێمە دەبینین لە ماوەی رابردوودا کە خەڵکی نارازی کە ئێستا وەك جووڵانەوی سەوز ناوی لێ دەبەین هیچ پاشەکشەیەکیان نەکردوەو رۆژ بە رۆژیش ئێعترازات ەبرینتر دەبێ، لە موقابلیشدا دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی هیچ پاشەکشەیەکی نەکردوەو بەردەوام بەجێی ئەوەی کە بێت مکانیزمێك ببینێتەوە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە زیاتر پەرە بە سەرکوتی خەڵك و نارازیان دەدا. پێت وایە لە نهایەتدا کێشەی ئەم دوو لایەنە یا کێشەی جووڵانەوەی سەوز لەگەڵ حاکمییەت بە چ ئاراستەیەکدا بڕوا؟**

خالید عەزیزی: لە یەکەم حاڵەتدا، مەعمولەن ئەو دەسەڵاتانەی کە موتەمەرکزن، دیکتاتۆرن، غەیرە دێموکراتیکن، کاتێك لەگەڵ رەخنەو گلەیی و گازندەو ئێعترازاتی کۆمەڵانی خەڵك رووبەڕوو دەبنەوە، لە ئیدامەی کێشەکەی خۆیان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵك وایان لێ دێ توندڕەوتر دەبن، مەجالی جموجۆڵ ناهێڵنەوە، تێدەکۆشن لە ئەبزاری نیزامی و سەرکوت ئیستفادە بکەن، تێدەکۆشن مێتۆدو تێکنیکی تۆکمەکردنی خۆیان لە دژی کۆمەڵانی خەڵك ببیننەوە. ئەوە لە مەوردی زۆربەی زۆری وڵاتانی دنیادا سدقی کردوە، دیکتاتۆرەکان هەموو وابوون، دەسەڵاتە موتەمەرکزەکانی غەیرە دێموکراتیك هەموو وابوون. ئێمە دەتوانین چەند سێناریۆ پێش بینی بکەین. ئەوەی من لێرە دەیڵێم هەمووی پێش بینییە، هەمووی ئێحتمالاتە. یەکێك لە سێناریۆکان ئەوەیە کە جمهووریی ئیسلامی هیچ شتێك لەو جووڵانەوەیە قبووڵ ناکا، لە موقابیل داواو موتالباتی کۆمەڵانی خەڵك پاشەکشە ناکا. رۆژ بە رۆژ مافیاکانی جۆراوجۆری نێو سیستمی جمهووریی ئیسلامی یەکگرتووتر دەبن، سیستمێکی نیزامیتر بە حکوومەتەکە دەدەن، ئەو حکوومەتەی پێ یەکدەست تر دەکەن، لە نەتیجەدا مەجالی جموجۆڵ و فەعالییەت بۆ جووڵانەوەی سەوزو کۆمەڵانی خەڵك لە ئێران مەحدوودتر دەکەنەوە. جەوێکی نیزامی دادەمەزرێنن، ئەو جەوە ئەمنییەتییەی کە لە کوردستانیان داناوە لە شوێنەکانی دیکەش بەهێزی دەکەن. لەو حاڵەتەدا رەنگە جووڵانەوەکە بۆ ماوەیەك مەجبوور بە هێندێك پاشەکشە بێ، یا نەخێر تێبکۆشێ مێتۆدی دیکە لە چۆنیەتی سازماندەهیی خۆی بێنێتە گۆڕێ. ئەگەر وایە یەکێك لە حاڵەتەکان ئەوەیە کە ئەو دەسەڵاتە یەکدەست هیچ قبووڵ ناکاو هێرش دەکا، تەعاروز دەکاو جووڵانەوەکە دەبێ تێبکۆشێ مێتۆدی دیکە ببینێتەوە. حاڵەتێکی دیکە ئەوەیە، ئەو جووڵانەوەیە بەربەرین و وەسیع دەچێتە پێشێ، رۆژ بە رۆژ جمهووریی ئیسلامی مەجبوور بە پاشەکشە بکا، لە نەتیجەدا لە نێو خودی سیستمی جمهووریی ئیسلامی کە ئێستا زۆرتر بە خامەنەیی و ئەحمەدی نژاد خۆی پێناسە کردوە لە میکانزمێك، لە رێگاحەللێك بگەرێن کە لەگەڵی سازش بکەن. هۆیەکەشی ئەوەیە ئەو جووڵانەوەیە نالێ جمهوری ئیسلامی برووخێ، ئەو جووڵانەوەیە نالێ قانوونی ئەساسی بگۆڕدرێ، ئەو جووڵانەوەیە نالێ نیزام بگۆڕدرێ، ئەو جووڵانەوەیە دەیهەوێ ئەو سیستمی جمهووری ئیسلامی بە قانوونی ئەساسی و نیزامەکەیەوە موتەعادیلتر بێ، لیبراڵ تر بجووڵێتەوە، بەرامبەر بە کۆمەڵانی خەڵك هێندێك ئاوڕدانەوەی هەبێ، هێندك داخوازو ویستی لانیکەمی ئازادییە دێموکراتیکەکان و ماف و شتی ئاوای هەیە. لەو حاڵەتەدا ئەگەر جمهووریی ئیسلامی پاشەکشە بکاو ئەوە لە جووڵانەوەی سەوز قبووڵ بکا، دەبێتە هۆی ئەوە کە جمهووریی ئیسلامی تووشی پاشەکشێی زۆرترو لە ئیدامەی خۆیدا هاتنە ژێر سوئال و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ویست و داخوازی زۆری کۆمەڵانی خەڵك ببێ و تەنانەت رێبەرانی جووڵانەوەی سەوزیش ئیدی ؟؟ دەدا نابن بە رێبەرانی جووڵانەوەی سەوز، مەجبوورن ببن بە رێبەرانی جووڵانەوەیەك کە دەیهەوێ نیزامی جمهووریی ئیسلامی یا بگۆڕێ یا ئاڵوگۆڕی بە سەردا بێ. ئێحتمالێك ئەوەیە کە ئەو کێشانە ئاوا هەر بڕواتە پێشێ، ئێعترازات هەبێ، لە موناسبەتەکانی مەزهەبی و مێژوویی کۆمەڵانی خەڵکدا بێنە گۆڕێ لە دژی جمهووریی ئیسلامی راوەستن، هەر ئاوا کێشی پێبدەن تا دەگەنە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی. ئەگەر گەیشتنە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی ئەو وەختی دوو حاڵەت هەیە. حاڵەتی یەکەم ئەوەیە ئەو جووڵانەوەیە ئەوەندە بە قوەت بووە، ئەوەندە کۆمەڵانی خەڵك پشتیوانی لێ دەکەن، وەك ئۆپۆزیسیۆنێك بە بەرنامەیەکی موشەخەس دێتە گۆڕێ، لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامیدا شیرکەت دەکاو لە مەجلیس ئەگەر بە ئێعتباری وەزعیەتی نارەزایەتی ئێستا لە دژی جمهووریی ئیسلامی چاو لێ بکەین رەنگە ئەکسەریەتێکی باش بێنێتەوە، ئەو وەختی کێشەی ئەو جووڵانەوەیە بکەوێتە ئاستێکی قانوونی لە مەجلیس، دەسەڵاتی هەبێ و ئەو سێناریۆیە ببێت بە ئەمری واقع.

**پرسیار: لێرەدا ئێحتمالی ئەوە لێ نادەن کە شوورای نیگابان کە تەحتی نەزارەتی خودی بەیتی رەهبەرییەوەو بۆ ئەو شتانە کار دەکا کە لە بەرژەوەندی قۆڵی پاوانخواز دایەو ئەو کەسانەش کە بیانهەوێ بۆ مەجلیسی شوورای ئیسلامی خۆیان کاندید بکەن پێویستە شوورای نیگابان تەئیدیان بکا. پێت وانیە هەر لەوێ پێشیان پێ بگرن و لە واقعدا بەرخوردیان پێ بکەن؟**

خالید عەزیزی: دەمویست ئەوە یلێم کە دوو حاڵەتی هەیە، حاڵەتێك ئەوەیە کە ئاوا دەچێتە پێشێ و مەجالێك بۆ خۆی دروست دەکاو دەوڵەت پاشەکشە دەکاو ئەوان بەشداری دەکەن. کە ئەوە گران تەواو دەبێ بۆ جمهووریی ئیسلامی. حاڵەتێکی دیکە هەر ئەوەیە کە جەنابت ئاماژەت پێ کرد، شوورای نیگابان مەجالیان پێ نادا، کاندیدەکانیان رەد دەکاتەوە، بە مەعنای ئەوەیە ئەو وەختی لە کاناڵێکی قانوونی کە بۆخۆیان دروست کردوە دیسان تێدەکۆشن کە نەیەڵن جووڵانەوەی سەوز لە نێو کۆمەلانی خەڵك بەهێز بێتەوە. بەڵام جیاواز لە هەمووی ئەو سێناریۆیانە، جیاواز لە هەمووی ئەو حاڵەتانە، ئەو جووڵانەوەیە جووڵانەوەیەکی بەربەرینی کۆمەڵانی خەڵکە، ئەگەر ئێستا بە رەنگی سەوز یا بە کەڕووبی و بە مووسەوی و خاتەمی خۆی پێناسە کردوە لە ئیدامەی خۆیدا رەنگە رەنگی تر و پێناسەی تر بۆخۆی بێنێتە گۆڕێ. لە هەر حاڵدا جمهووریی ئیسلامیی ئێران لە موقابیل کۆمەڵانی خەڵکدا یان مەجبوور بە پاشەکشە دەبێ یا دەگۆڕێ یا تێدادەچێ.

**پرسیار: کاك خالید ئێمە وەك**

**کورد دەبێ بە چ شێوەیەك موعاملە لەگەڵ ئەو جووڵانەوەیەدا بکەین؟**

خالید عەزیزی: ئێمە وەك کورد مادام لەو باوەڕەداین کە مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا دەبێ چارەسەر بکرێ، مادام لەو باوەڕەداین کە ئێمە سی ساڵە بۆ مافەکانی خۆمان دژی جمهووریی ئیسلامی هەوڵ دەدەین، مادام لەو باوەڕەداین کە دەبێ مەسەلەی کورد لە نێوخۆی کوردستان بێنینە دەرێ و کۆمەڵانی خەڵك لە ئێران بە گشتی، و ئەوانەی کە لە سەحنەی سیاسیی ئێراندا سیاسەت دەکەن و لە ئایندەی ئێراندا لە سەر چەندو چۆنی دەسەڵات لە تاران دەسەڵاتیان دەبێ لە ئێمە تێ بگەن، نابێ بەرامبەر بە وەزعی مەوجوود بێ تەفاوەت بین. ئێمە سەرەڕای ئەوەی کە خاتەمی و کەڕووبی و مووسەوی یا ڕێبەرانی ناسراوی ئێستای جووڵانەوی سەوز کاتێك بۆ خۆیان ئەم ئینقلابەیان کردووە تا ئێرەیان هێناوە تەنانەت لە دەسەڵاتیشدا بەشدارییان بووەو، بەڵام مادام ئێستا کێشەیان هەیەو لایەك هێندێك شتی مەنتقی دێنێتە گۆڕێ، ئێمە دەبێ تەشویقی ئەوە بکەین. ئێمە دەبێ تێبکۆشین چۆن فەرقی مونتەزیری و خومەینیمان کرد (خومەینی کاتی خۆی ئێعلانی شەڕی کرد دژی میللەتی کورد، ئێعلانی جیهادی کرد بەڵام مونتەزیری ئێعترازی کرد بە ئێعدامەکان و وەك کەسێکی بە شەهامەت ماوەو خانەنشینیی ئینتخاب کرد لە جیاتی ئەوەی کە لە دەسەڵات دا بێ) دەبێ لە بەینی ئەوانەش دا فەرقیان بکەین. بۆیە واقع بینی لە سیاسەتدا ئەوەیە ئێمە تێبکۆشین هەمووی ئەو مەجال و تەفرەقانەی دێنە گۆڕێ واقع بینانە بەرخوردیان پێ بکەین، تەشویقیان بکەین، لەگەڵیان لە پێوەندیدا بین، تەجروبەی خۆمانیان پێ مونتەقیل بکەین، پێیان بڵێین کە ئەگەر دەتانهەوێ ئێوە سەرکەوتوو بن، ئەگەر ئێوە دەتانهەوێ ئێرانی ئایندە ئیدارە بکرێ، ناکرێ لە ساڵی ٢٠٠٩ و ساڵی ٢٠١٠ میلادی ئێران بە شێوەی سی ساڵ پێش ئەمڕۆ ئیدارە بکرێ. یانی ئەو زێهنیەتەیان پێ بدەین ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان هەر بە ناوی جمهووریی ئیسلامی دەستیان بە کار کرد بەڵام ویستیان بڕێك ئاقڵانە و مەسئولانە بجووڵێنەوە، ئەوە داواو موتالیباتی خەڵکی کوردیان لە بەردەم خۆیان دا هەبێ. چون یەکێك لە موشکلاتی ئێمە ئەوەیە، موشکلاتی ئینقلاباتیش ئەوەیە، موهیم ئەوە نیە ئینقلابێك دەکەی و حکوومەتێك دەڕووخێنی، موهیم نیە کە تۆ ئینقلاب دەکەی و حکوومەتێك مەجبوور بە پاشەکشە دەکەی، موهیم ئەوەیە چیت وەگیر دەکەوێ. ئەوە زۆر زۆر گرنگە بۆ ئێمەی کورد، بۆیە بۆ ئەوەی شتێکمان گیر بکەوێ، بۆ ئەوەی کە بمانناسن، بۆ ئەوەی کە دەنگ و ڕەنگی کورد لە کێشەکانی ئێراندا لە گۆڕێدا بێ و لە پەراوێز نەکەوین، ڕێگای ئەوەیە ئێمەش بە شێوەی جۆراوجۆر لە نێو ئەو جووڵانەوەیە بەشدار بین. فورسەتێکە لەو مەجالە ئیستفادە کەین و کەڵکی لێ وەربگرین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەبێ ئەو واقعیەتە قبووڵ بکەین، ئەو جۆرەی کە جمهووریی ئیسلامی لە تاران و شوێنەکانی دیکە لەگەڵ خەڵك تەعامول دەکا، تەبیعەتەن لە کوردستان ئاوا تەعامول ناکەن. هەر لە سی ساڵی رابردوودا جمهووریی ئیسلامی سیاسەتی ئەمنییەتیی بەرامبەر بە کوردستان کردوە بە بەردی بنەمای بۆچوون و هەڵوێستەکانی خۆی لە سەر مەسەلەی کوردستان، و کوردستان بە تەواوی میلیتاریزە کراوە. ئێمە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستان بە لەبەر چاوگرتنی ئەو واقعییەتە هەوڵمان نەداوە سیاسەتێك، بۆچوونێك، شوعارێك، دروشمێك، تەبلیغێك بێنینە گۆڕێ کە لە نێوخۆی کوردستان شەرایەتێك بێتە پێشێ جمهووریی ئیسلامی بیکا بە بەهانەو بە دەیان قات تۆڵە لە خەڵکی کورد بستێنێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتیش دا پێمان وایە رووناکبیرانی کورد، نوخبەگانی کورد، خوێندەواران لە دانشگاکان، خەڵکی ئەهلی قەڵەم، هەمووی ئەو خەڵکەی کە بە جۆرێك تێکەڵاوییان لەگەڵ جووڵانەوەی سەوز هەیە، لە شارو گوندەکانی کوردستان، لە شارەکانی دەرەوەی کوردستان، دەبێ تێکەڵاوی و پێوەندییان پێوە هەبێ و مەعلوماتیان بدەنێ لە سەر قەزیەی کوردستان. یەکێك لە گرفتی ئێمە لە سی ساڵی رابردوودا ئەوە بووە جمهووریی ئیسلامی بە مەیلی خۆی ویستوویە مەسەلەی خەڵك لە پەراوێز بخا، کۆمەڵانی خەڵك لە دەرەوەی ئێران تێ نەگەن. ئەگەر بڵێین ئێران حەشیمەتێکی ٧٥ میلیۆنی هەیەو نزیك بە هەشت ـ نۆ میلیۆنی کوردە، هەشت ـ نۆ میلیۆن کوردەکە لە دەردو موشکلەی خۆی دەگا، بەقییە کە بڵێین نزیك شەست میلیۆن دەمێنێتەوە خۆ ئەوە هەموو لە جوزئیاتی کێشەی ئێمە ناگەن و ئەوانن ئێستا جمهووریی ئیسلامییان لە دەرەوە لەگەڵ ئێمە بە چالش کێشاوە. جا یەکێك لە ئەرکەکانی ئێمە ئەوەیە خەڵك لە دەرەوەی کوردستان لە خۆمان ئاگادار بکەین.

**پرسیار: لە بەرامبەر ئەم خوێندنەوەیەی جەنابتان، خوێندنەوەیەکیش هەیە کە دەڵێ، ئەم کێشەیە بە هەر حاڵ کێشەی نێوان قۆڵەکانی دەسەڵاتە لە تاران و هیچ پێوەندیی بە کوردو نەتەوەکانی دیکەوە نیەو نابێ تێکەڵ بەو مەسەلە بین، چۆن چاو لەو خوێندنەوەیە دەکەن؟**

خالید عەزیزی: بۆ حیزبێکی سیاسی کە لە واقعییات دەگەڕێ و لە مەجال و دەرفەتەکان ئیستفادە دەکا، سیاسەت وەك ئەوە چاو لێ دەکا چۆن لە فورسەتەکان کەڵك وەرگرێ و میللەتێك وەك میللەتی کورد کە سی ساڵە تەجروبەی کێشەی لەگەڵ جمهووریی ئیسلامی هەیەو، جمهووریی ئیسلامی شەڕی بە سەردا تەحمیل کردووەو ئەویش هەموو مێتۆدەکانی بەکار هێناوە، نابێ لەو خانەیەدا گیربکا. حیزبێکی سیاسی دەبێ زیندوو بێ، میللەتێك کە بە دوای ماف و داواکانی خۆیدا دەگەڕێ دەبێ زیندوو بێ. ئێمە نابێ بەرامبەر بە هیچ کێشەیەك، بەرامبەر بە نیسبەت داهاتووی تاران بێ تەفاوەت بین. ئێمە یەك بڕیارمان داوە، هەمووی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان دەڵێین مەسەلەی ئێمە لە نێوخۆی ئێران لە چوارچێوەی ئێران چارەسەر دەکرێ. مادام ئەو مەسەلە لەوێ چارەسەر دەکرێ و تەنانەت من باسی ئەوەم کرد کە ڕەنگە ڕووخانی سیستمێك، گۆڕانی سیستمێك بەشێك لە کارەکەمان بێ، بەڵام بەشی گەورەی کارەکەمان ئەوەیە دوای ئەو حکوومەتە چیمان لێ بەسەر دێ و کێ دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێ، لەو خانەیەدا ئەگەر چاو لە قەزیەکە بکەین ئێمە نابێ ئاوا بڕوانین.

**پرسیار: لە واقعدا لەو خانەیەدا دەبێ لە هەمووی فورسەتەکان ئیستفادە بکەین.**

خالید عەزیزی: بۆ جارێکی دیکە دەڵێمەوە ئێمە وەك نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران وەك حیزبە سیاسییەکان دەبێ لە هەموو مەجال و دەرفەتەکان کەڵك وەربگرین بۆ هاتنە گۆڕێی قەزیەی کورد.

**پرسیار: کاك خالید! جیاواز لەم باسانە هەر وەك لە سەرەتای بەرنامەکە ئیشارەم پێکرد لە ماوەی رابردوودا، وتوێژێکی جەنابتان لە مێدیاکان بڵاو کرایەوە کە تیشکتان خستبووە سەر چەند مەسەلەیەکی گرنگ و، ئەمەش ئێنعکاس و عەکسولعەمەلی جۆراوجۆری لێ کەوتەوە. پێش ئەوەی بڕۆینە سەر ئەو چەند خاڵەی کە جەنابت لە سەریان تەئکید کردبوو، پێم خۆشە نەزەری جەنابتان بەرامبەر بەو ڕەخنانە یا ئەو باسانەی کە لە پێوەندیی لەگەڵ ئەو وتووێژەدا هاتە گۆڕێ، ببیستم؟**

خالید عەزیزی: لەو وتوێژەدا کۆمەڵێك باس هاتە گۆڕێ، ئەو باسانە هەم لە مێدیای ئازاددا دەنگی داوە، تەنانەت لە نێو کۆڕو کۆمەڵی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، چ لە نێوخۆو چ لە دەرەوەی وڵات، باسی هێنا گۆڕێ. پێشەکی من زۆر خۆشحاڵم، زۆرم پێ خۆشە کە باسێکم هێناوەتە گۆڕێ، ئەو باسە خەڵك تەوەججوهی پێدەکا، بۆیان مەسەلەیە، ئەو باسە سوئالی دروست کردوە، کۆمەڵێك مەوزوعات لە سەر ئەو باسە بە موافق و موخالف نووسراوە. تا ئەو جێگەیەی پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە، دیسان دووبارە زۆر خۆشحاڵم کە، ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە حیزبێك دان کە زیندووە، سەریحاڵە، بەرامبەر بە هەڵوێستەکان و مەوزووعەکان، تەنانەت شتێك کە ڕەهبەریی حیزب هێنابێتی، سکرتێرەکەشی هێنابێتی بێ تەفاوەت نین، نەقدی دەکەن، تەحلیلی دەکەن، نەزەری خۆیان دەدەن، دەوڵەمەندی دەکەن و تێدەکۆشن ڕەهبەرییەکەیان موتەوەججیهی ئەبعادی جۆراوجۆری هێنانە گۆڕی باسەکە بکەن. لە هەمان کاتیش دا لە دەرەوەی حیزبی دێموکراتیش ئەو باسە کە هاتۆتە گۆڕێ، کۆمەڵگەی کورد ئەوەندەی کە ئازادەو ئیمکانی هەبووەو نەزەری داوە، بە نیسبەت ئەوانیشەوە من هەر خۆشحاڵم، چ نەزەری موخالف چ نەزەری موافق هاتۆتە گۆڕێ. هۆیەکەشی ئەوەیە ئێمە لە سەردەمێك دا دەژین سیاسەت لە خانەی بەستەدا ناکرێ. حیزبایەتی لە خانەی بەستەدا ناکرێ. لە سەردەمێك دا دەژین کە شتی مەخفی و نهێنی لە حیزبایەتی دا زۆر کەم بۆتەوە. لە سەردەمێك دا دەژین کە شەفافییەت لە گۆڕێ دا هەیە. ئەگەر دە ساڵ پێش ئێستا، پازدە ساڵ پێش ئێستا لە ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکرات ئەو مەوزوعاتە، چ مەسائیلی نێوخۆیی حیزبی، چ کێشەکانی حیزبی، چ مەسائیلی سیاسی وەسیعەن باسی لێ کرابایە لە نێو کۆڕو کۆمەڵی حیزبی دا هاتبایە نێو باسی ئازاد، شتی لەسەر گوترابایە، شتی لە سەر نووسرابایە، شتەکان لە تابۆو ئیبهام و هالەدا نەهێشترابانەوە، من دڵنیام ئەو لەتبوونانە نەدەکەوتنەوە. لە رابردووی ئێمەدا بەشێکی ئەو کێشانە، راوەستابوون، خڕکرابوونەوە، پنگیان خواردبۆوە، کە دەهاتیە نێو کۆنفرانس و کۆنگرەکان خەڵکێکی لێك تووڕەو نارەحەت دەهات لەوێ تەسفیە حیسابیان لەگەڵ یەکتر دەکرد. ئەگەر بەو دەلیلەش بێ ئێستا ئەگر من کۆمەڵێك باسم هێناوەتە گۆڕێ، کۆمەکم لە حەددی خۆمدا بە زێهنییەتی ئەندامانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵگا کردوە کە ئێمە وەك حیزبی دێموکرات، وەك میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران لە موقابیل مەجمووعەیەك سێناریۆو حاڵەت دا دەبین. مەسەلەی وتووێژ سوئالی لە سەرە. چ کرا، چۆن کرا؟ مەسەلەی ڕووخان باسی لەسەرە. مەسەلەی چەندو چۆنی حزووری ئێمە باسی لە سەرە. تەنانەت مەسەلەی تێکنیکی وتووێژ (ئایا) لە سەر خودموختاری دەیکەی، لە سەر فیدرالیزم دەیکەی، لە سەر قانوونی ئەساسی دەیکەی؟ باسی لە سەرە. دەی چ باشتر ئێمە ئێستا باسەکان لە زەمانی خۆمانەوە بێنینە گۆڕێ، نەزەراتی جۆراوجۆرمان بۆ بێتەوە (با) کاتێك دەچینە کۆنفرانس و کۆنگرەکان و سیاسەتگوزاری دەکەین بە ئامادەگییەکی زۆرترەوە بیکەین. بەو دەلیلە پێم باش بوو کە باس خولقاندراوە، سوئال دروست بووەو بەو دەلیلە پێم خۆشە کۆمەڵگەی نێو حیزب و کۆمەڵگەی دەرەوەی حیزب ئەو مەسەلانە بە راشکاوی باس بکەن.

**پرسیار: لە واقع دا ئەم دژکردەوانە بەرامبەر بەو وتووێژو قسانەی جەنابت، بە بڕوای ئێوە تەعبیر لەوە ناکا کە جۆرێك زیندوویەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، لە حیزبی دێموکرات دا هەیەو ئەو زیندوویەتییەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو دژکردەوانەی لێ بکەوێتەوەوبێ تەفاوەتی نەبێ؟**

خالید عەزیزی: دەقیقەن تەعبیر لەوە دەکا. چونکە ئێمە لە گوفتاری پێشووی خۆمان بەتایبەتی دوای کۆنگرەی چواردە لە وتووێژو هەڵوێستەکان دا هەمیشە رامان گەیاندوە، کە کۆمەڵگە دەبێ بەرامبەر بە حیزبەکان مەسئول بێ. ڕەخنەیان لێ بگرێ، ئینتقادیان لێ بکا، پێشنەهاد بکا، بێ تەفاوەت نەبێ. ئەگەر کۆمەڵگە فەعال بوو و ئەکتیڤ بوو، ئەندامانی خودی حیزبیش ئەکتیڤ و فەعال دەبن. ئەگەر ئێمە حیزبی زیندوو و سەریحاڵمان هەبێ، باسەکان لە وەختی خۆیدا بێنینە گۆڕێ، کۆمەڵگە بەشداریی بکا لە ئایندەدا هێندێك کێشە کە لە زەمانی خۆی و لە کاتی خۆی دا دەکرێ حەل بێ ناگاتە ئەو مەرحەلەیە کە مەجالی تەوافوق و سازش بە بن بەست بگا.

> **یەکێك لە موشکلاتی ئێمە ئەوەیە، موشکلاتی ئینقلاباتیش ئەوەیە، موهیم ئەوە نیە ئینقلابێك دەکەی و حکوومەتێك دەڕووخێنی، موهیم نیە کە تۆ ئینقلاب دەکەی و حکوومەتێك مەجبوور بە پاشەکشە دەکەی، موهیم ئەوەیە چیت وەگیر دەکەوێ. ئەوە زۆر زۆر گرنگە بۆ ئێمەی کورد، بۆیە بۆ ئەوەی شتێکمان گیر بکەوێ، بۆ ئەوەی کە بماننناسن، بۆ ئەوەی کە دەنگ و ڕەنگی کورد لە کێشەکانی ئێراندا لە گۆڕێدا بێ و لە پەراوێز نەکەوین، ڕێگای ئەوەیە ئێمەش بە شێوەی جۆراوجۆر لە نێو ئەو جووڵانەوەیە بەشدار بین**

**پرسیار: کاك خالید! یەکێك لەو شتانەی کە لەو وتووێژەدا تەئکیدت لە سەر کردبوو مەسەلەی دروشمی ڕووخان بوو، کە لە لایەن بزووتنەوەی کوردەوە ساڵانێکە هەڵگیراوە. بە لەبەر چاوگرتنی زەمینە تاریخییەکەی کە ئەو دروشمە لە کەیەوە دێتە نێو وتاری سیاسیی کوردو وتاری سیاسیی حیزبی دێموکراتەوە، پێم خۆشە لەو پێوەندییەدا لێکدانەوەی جەنابتان ببیستین؟**

خالید عەزیزی: پێشەکی، فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٥، کە پاشان کۆماری کوردستانی دامەزراندو لە سەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد بوو، فەلسەفەیەکی مەدەنی بوو. حیزبی دێموکرات بۆ شەڕ دانەمەزرا. حیزبی دێموکرات لە نێو شارو کۆمەڵانی خەڵك بە مەبەستێکی مەدەنی بۆ ئیدارەی وڵات دامەزرا. بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا موەفەق بوو بتوانێ زۆرێك لە موئەسەسات و دەمودەزگای ئیداری لە وڵات دابمەزرێنی و لە تەواوی ئەو وەختیش دا سیاسەت و ستراتێژیی شەخسی پێشەوا ئەوە بوو بە دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ هەموو ناوەندەکانی دەسەڵات کێشەی خۆی لەگەڵ تاران جێبەجێ بکا. لە دوای ئەودا حیزبی دێموکرات تووشی ژیانی مەخفی دەبێتەوە لە سەردەمی شا. پاشان لە ئێران ئینقلاب دەکرێ، حیزبی دیمۆکرات بە ئاشکرا فەعالیەت دەکاتەوە کە ئاشکرا فعالیت دەکاتەوە یەکەم کاری ئەوە دەبێ لە ڕێگای وتووێژو گفتوگۆ لەگەڵ تاران کێشەکەی حەل بکا. بەڵام دوایە جمهووریی ئیسلامی شەڕ بە سەر ئێمەدا تەحمیل دەکا، کوردستان میلیتارێزە دەکا، خەڵک شەهید دەبێ، بێڕەحمانە لە کوردستان دەجوولێتەوە، لە کەش و هەوایەکی ئاوادا لە کۆنگرەی ٥ی حیزبی دیمۆکرات دا شوعاری ڕووخان دێتە گۆڕێ. دەنا پێش کۆنگرەی ٥ شوعاری ڕووخان لە گۆڕێ دا نەبوو، لەو وەختەوەش کە شوعاری ڕووخان لە ئەدەبیات و مێتۆدو بۆچوونەکانی حیزبی دیمۆکراتدا هەر ماوەتەوە. ئەوەی کە من لەو وتووێژەدا هێناومەتە گۆڕێ ئەوەیە کە ئێمە شوعاری ڕووخان بە کار ناهێنین، ئێمە شوعاری ڕووخانمان وەلا ناوە. من نەم وتوە کە ئێمە شوعاری ڕووخانمان ڕەت کردۆتەوە، شوعاری ڕووخان لە جێی خۆیەتی. جیاواز لەو تکنیکی قانوونی بە کار هێنانی شۆعارێک ئەگەر لە دەورانێک دا کە فەعالیەتێکی نیزامی بەربەرین لە گۆڕێ دا بوو هێزی پێشمەرگە لە مەیدان بوو ئێمە وەزنەیەکی سەنگین بووین فەعالیەتەکانمان بەربەرین بوو، ڕەنگە لە ڕۆژنامەی حیزبی دا لە میدیای حیزبی دا لە رادیۆ کوردستان دا باس کردن لە شوعاری ڕووخان برێک لەگەڵ واقعیەتی عەینیی کۆمەڵگەو چەندو چۆنی وەزعیەتی ئێمە هاتباوە بەڵام لەم دوایانەدا وتمان ئێمە لە کەش و هەوایەک دا هەین کە ڕۆژنامەیەک بڵاو دەکەینەوە یان ئێتلاعیەیەک دەدەین ڕەنگە شتێکی زۆر سەیرو عەجایەب نەبێ لە خوارەوەی ڕۆژنامەکە بنووسین بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. جیاواز لەوە ئێمە بگەڕێینەوە سەر هێندێک واقعیاتی قەزیەکە. ئێمە پێمان وا نییە لە ئێراندا دەوڵەتی تاران بە کورد دەرووخێ و ئوسووڵەن جووڵانەوەی کورد بۆ ڕووخانی حکوومەتی مەرکەزی نییە! جووڵانەوەی کورد بۆ ئەوەیە کە بە مافەکانی خۆی بگا. شوعاری ڕووخانی حکوومەتی مەرکەزی بەرهەمی کەشوهەوایەکە کە لە کوردستان هاتە پێش و بە سەر ئێمەدا تەحمیل کرا کە ئێمە لەو سەردەمەدا ئەو شوعارەمان قەبوول کرد لایەنی سیاسیەکەی ئەوە بوو کە جمهووریی ئیسلامی ئەو ماوەیە لەگەڵ ئێمە لە مەیدانی شەڕدا لە کوردستان دا بە تیرۆر کردنی ڕێبەرانی ئێمە، ترۆر کردنی کادرەکانی ئێمە و تەنانەت لە دەرەوە ئەو مەجالەی بۆ ئێمە نەهیشتەوە کە شوعارێک بە غیری ئەو شوعارە بێتە گۆڕێ. ماهییەتی جمهووریی ئیسلامی ڕاستەوخۆ کۆمەکی بەوە کردوە کە ئەو شوعارە لە جیی خۆی بمێنێتەوە. بەڵام ئەگەر ئێمە چاو لە کوردستانی تورکیە بکەین، PKK جەرەیانێکی زۆر بە هێزی نیزامییە کە ٣٠ ساڵە بە دژی دەوڵەتی تورکیە شەڕ دەکا قەت نەیگوتوە کە شوعاری ئێمە ڕووخانی دەوڵەتی تورکییەیە، تەنانەت DTP کە لەوێ فەعالییەت و جموجولی هەیە باسی ڕووخانی دەوڵەتی تورکیە ناکا. من دەمهەوێ ئەوە بڵێم جیاواز لە تەبیعتی چەندو چۆنی دروشمی ڕووخان کە لە نێو حیزبەکان کوردستانی ئێران جیی گرتووە ئوسووڵەن لە کوردستانی ئێران و لە ئێران نابێ کورد بەوە پێناسە بکرێ کە کورد میللەتێکی بەرئەندازە، کورد بۆ ڕووخانی حکوومەتی مەرکەزی کار دەکا. نا ئێمە تێدەکۆشین کە تەواوی خاست و داخوازەکانی خۆمان بە شێوەیەک لە ئێران جێبەجێ بێ کە دوور بێ لە شەڕ. بەڵام بۆ ئاگاداریی جەنابەت لەو ماوەدا هەموو گوفتاری خۆمان و لە هەڵویستەکانداو لە وتووێژەکاندا گوتوومانە سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە پێمان وایە کورد بە تەنی جمهووریی ئیسلامی پێ نارووخێ بەڵام حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە هەموو فەعالیەتێکی سیاسی، تەبلیغاتی، تەشکیلاتی و دیپلۆماسیی نێونەتەوەیی کەڵک وەردەگرێ بۆ ئەوەی کە جمهووریی ئیسلامی نەمێنێ، ئەگەر وایە لە باری ئوسوولییەوە جەوهەری فعالیەتی ئێمە لە هەموو مەیدانەکان بۆ ڕووخاندنی جمهووریی ئیسلامییە، بۆ نەهێشتنی ئەو سیستەمهیە جا ئەگەر ئەو شوعارە بڵێین ئێمە هەر وەک شوعار بە کاری ناهێنین، من لە راستی دا عەقیدەم بەوە نییە کە حیزبێکی سیاسی، جەماوەری بەو رابردوویەوە. بەو بنەما سیاسیە واقع بینییە لە سیاسەت هەیە بە شوعار دڵی خۆی خۆش بکا.دیارە ئێمە حیزبی شۆعار نیین

**پرسیار: یانی لە واقعدا دەکرێ لە ئێستادا بە جۆرێک بڵێین هێندێک حیزبەکان، یان ماوەیەک حیزبەکان خۆیان بەوە زەمینگیر کردبوو؟**

خالید عەزیزی: لایەنی ڕەوانیی ئەو شوعارە یان لایەنە

فەرهەنگیەکەی ئەوەیە کە وشک بە شوعاری رووخانەوە بنووسێیت دەبێتە هۆی ئەوەی کە تۆ سیاسەت کردن و دامەزراندنی بەرنامەو چۆنیەتی کێشە لە گەڵ جمهووری ئیسلامی سەرفەن لە خانەی ئەو شوعارەدا کۆ بکەیەوە و ئامادەگیی ئەوەت نەبێ کە لە مەیدانەکانی دیکەشدا جمهوریی ئیسلامی بە چالش بکێشی. جەوهەری باسەکە لێرە دایە. وەلحاسڵ ئەو شوعارە ئەوەی کە بەکار هاتوە لەو وتووێژەدا گوتراوە ئێمە وەلامان ناوە یانی دەکرێ بیهێنێتەوە جێی خۆی ئێمە بە کاری ناهێنین دەکری بەکاری بهێنییەوە بەڵام نەگوتراوە ئێمە شوعاری رووخانی جمهوریی ئیسلامیمان رەت کردۆتەوە.

**پرسیار: کاک خالید لە پیوەندی لە گەڵ مەسەلەی وتووێژو دانیشتن لە گەڵ دەسەڵاتی ناوەندی یان خود کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندیەدا پێمان خۆشە هەڵسەنگاندنی جەنابت ببیسین؟**

خالید عەزیزی: لە پێوەندی لەگەڵ وتووێژدا مەوزوعێکی حەساسە ئەو مەوزووعە زەمانێک حەساسیەتی پەیدا کرد کە دوکتور قاسملوو، رێبەری حیزبی دیمۆکرات لە ڤییەن ترۆر کرا. بۆیە لەو رۆژەوە مەسەلەی وتووێژ هەمیشە سوئالی گەورەی لە سەرە. تەنانەت ئەگەر باشیش بێ و لە وەختی خۆی دا بە کاریش بێ کۆمەڵانی خەڵک بە شک و گومانەوە چاوی لێدەکەن. ئەوە تەجرووبەی ڕەوانیی تالی ئەمنیەتیی ئێمە لەوتووێژە. لایەنێکی دیکەش خەڵک هێندە بێ ئیعتمادەن بە رێژیمی جمهووریی ئیسلامی کە حەقی خۆیانە، پێیان وایە کە جمهووریی ئیسلامی ئەگەر باسی وتووێژیش بکا راست ناکا، لەوەش دا هەر راست دەکەن. بەڵام با بێینە سەر وتووێژ لە باری ئوسوولییەوە، بۆ حیزبێکی سیاسی یان بۆ میللەتێکی کە کێشەی لە گەڵ دەوڵەتی مەرکەزی دا(خەڵک) هەیە، وتووێژ هەمیشە دروستە. ئێمە قەت نابی بڵێین وتووێژ خراپە. ئێمە هەر دوای ئینقلاب وتووێژمان کردوە و پێمان وابووە رێگا چارەی قەزیەی کورد وتووێژە. ئەگەر وایە لە باری ئوسوولی، وتووێژ دروستە، هیچ غەڵەتی تیدا نییە. بەڵام ئایا وتووێژ لە هەلومەرجی ئێستادا دروستە یان نادروستە؟ با بریک ئەوەش تەعریف بکەین. ئەگەر بگەڕێینەوە رابردووی ئەو کێشەیە، کاتی خۆی کە جمهووریی ئیسلامی هاتە سەر کار هەموو هەوڵی ئێمە ئەوە بوو کە بە وتووێژ کێشەکەمان لە گەڵ تاران جێبەجێ بکەین و، کاتی خۆی دەستەینوێنەرایەتیی گەلی کورد کە بریتی بوو لە چەند رێکخراو وحیزب و دوکتور قاسملوو قسەکەر یان سوخەنگووی ئەو هەیئەتە بوو، لە رەئسی ئەو وتووێژانەدا بوو، حیزبی دیمۆکرات دەورێکی سەرەکیی لەو وتووێژانەدا هەبوو، ئەو وەخت کە رێگا چارەکە رێگاچارەی هەر ئەو کات رەخنە لە حیزبی دیمۆکرات دەگیرا دەیان گوت کە حیزبی دیمۆکرات سازش کارە. کاتێک دوای ئەوەی کە وتووێژەکان لە مەرحەلەی یەکەم شکستیان هێنا. دوایە ٨ مادە ٢٦ مادە ٦ مادە هەمووی ئەوانەی بە سەردا هاتەوە، هەیئەتێکی حیزبی دیمۆکرات چووە تاران بۆ ئەوەی کە بەنیسەدر ببینێ کە تێبکۆشی مجالێک ببینێتەوە کەشەڕ بە سەر کوردستاندا تەحمیل نەکرێ. ئەو کاتە کە رێبەرانی حیزبی دیمۆکرات هاتنەوە بە حیزبی دیمۆکراتیان دەگوت سازشکار. حیزبی دیمۆکرات هەوڵی دەدا کە مەجالێک ببینێتەوە کە شەڕ نەکرێ. ستراتێژیی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە ئەگەر رۆژێکیش شەڕ لە کوردستان وەدرەنگی بکەوێ کورد یەک رۆژی قازانج کردوە، حیزبە سیاسەکانی دیکە ئاوایان فکر دەکردەوە. ئەووەختەی ئەو هەوڵەیان دەدا بەڵام لە تەنیشت ئەوەدا زۆر گرووپ و لایەنی دیکە هەبوو کە رەخنەیان لە حیزبی دیمۆکرات دەگرت کە حیزبێکی سازشکارە. جا ئەگەر وایە هەمیشە کە تۆ مەوزووعێک، هەڵویستێک دێنیتە گۆڕێ، ئەو هەڵوێستە لە روانگەی جوراوجۆرەوە نەقد دەکرێتەوە، ئەوەی کە وتووێژ لێرەدا هاتۆتە گۆڕێ، وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی تابعی هێندێک میکانیزمە. ئەگەر وتمان لە باری ئوسوولییەوە هیچ غەڵەتی تێدا نییە دروستی تێدایە. بەڵام لە مەیدانی عەمەلییەکەیدا وتووێژ تابعی دوو دانە سناریۆیە، سناریۆیەک ئەوەیە کە عەقلانیەت و مەنتق لە هەر دوو لا کە کێشەیان لەگەڵ یەکتر هەیە جێ کەوتووە. ئەوە دوو لایەنە ئیعتراف بە کێشەکە دەکەن، لە رێگا حەلێک دەگەڕێن. ئەگەر وایە لەو حاڵەتە تێگەیشتن و قەناعەت و ئیعتراف جەوهەرو بنەماو میکانیزمی وتووێژو حەلی قەزیەکە دێنێتە گۆڕێ. تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە کێشە میللەتی کوردو حیزبەکانی کوردستان لەگەڵ جمهووریی ئیسلامیەوە هەیە ئەو سیناریۆیە لەگۆڕێ دا نییە. نە جمهووریی ئیسلامی ئیعتراف بە کێشە سیاسییەکە دەکا و نە حازرە ئێمە قبوول بکا و وتووێژ لەگەڵ ئێمە بکا، نە ئێمەش داوای وتووێژمان لێ-کردوە( بۆ ئاگاداریێت..بلێ!) ئەگەر وایە دەگەڕێینەوە خانەی دووهەم. خانەی دووهەم خانەی بالانسی تەوازونی قەوایە. دەورانێک کە ئێمە لەنێوخۆی وڵات کوردستانمان بە دەستەوە بوو لە چەندین مەرحەلەدا جمهووریی ئیسلامی مەجبوور بە وتووێژ لە گەڵ ئێمە بوو، چوونکە ئەو وەختە ئێمە دەسەڵات بووین، لە ژووریدا. بووین هێزی پێشمەرگەمان هەبوو، خەڵکمان هەبوو، کۆمەلانی خەلکمان لە گەڵ دا بوو، ئیستا دەسەڵات و تەوازونی قەوا بە جۆرێک نییە کە جمهووریی ئیسلامی لە گەڵ ئێمەدا وتووێژ بکا، هێزی پێشمەرگەی ئێمە وەک قەدیم لە مەیدانی فەعالیەت دا نەماوە و (بە زۆری لە مەیدانی شەڕی چەکداری بەرێوە ناباو کە ئەسبابی) سەر ئێشە بۆ جمهووریی ئیسلامی بێ و ئەزیەتی بکا، مەجبور بە پاشەکشەی بکا و ئەو جەووی نیزامی ـ ئەمنیەتی کە جمهووریی ئیسلامی لە کوردستان تەسبیتی کردوە مەجال بە کۆمەڵانی خەڵکیش نادا وەک کارتێکی سیاسی بۆ ئێمە فشار بێنێ کە وتووێژ بکا، جا ئەگەر وایە لەهەر دووک ئەو سیناریۆیانەدا هیچ زەمینەیەک بۆ وتووێژ بەینی ئێمەو جمهووریی ئیسلامی نییە. لەو ماوەیەشدا نە جمهووریی ئیسلامی داوای وتووێژی لە حیزبی دیمۆکرات کردوە نە ئێمە داوای وتووێژمان لەگەڵ جمهوری ئیسلامی کردوە. باسەکە ئەوەیە ئایا لە شەرایەتی ئێستادا ئەرێ وتووێژ لەگەڵ جمهووریی ئیسلامی دروستە؟ وتووێژ دەگەڕێتەوە سەر تەشخیسی هەر دوو لایەنەوە، مادام نە جمهووریی ئیسلامی داوای لە ئێمە کردوە نە ئێمە داوامان لەوان کردوە جیاواز لە شەرایەتەکە هیچ مەوزووعی نییە .

**پرسیار: باشە جەنابەت لەو باسەدا ئاماژە بەوە دەکەی کە تەنانەت لە سەر مادەی ١٥و ١٩ش ئامادەن ئێوە بکەونە وتووێژ وگفتوگۆوە، ئەمە چۆناوچۆنە؟**

خالید عەزیزی: لە هیچ شوێنێکی دنیایە کاتێک حیزبێکی سیاسی داوای داخوازێک دەکا (بۆ نموونە داخوازی زۆربەی حیزبەکان بۆ چارەسەری قەزیەی کورد فیدرالیزمە) قەد ئێمە نابی پێمان وابێ ئەوە دەوڵەتی تاران چ جمهووریی ئیسلامی بێ بە ئیعتباری ئەحمەدی نژاد و خامنەیی، چ جمهووریی ئیسلامی بێ بە ئیعتباری مووسەوی و کەرووبی و خاتەمی، نەخیر چ یەکی دیکە بێ، حکوومەتێکی دیمۆکراتیک بێ، پێمان وابێ ئەوە دیت فیدرالیزمەکە دەکا بە بنەماو وتووێژمان لەگەڵ دەکاو فیدرالیزمان دەداتی. وتووێژ دەتوانی ئەنواعی شێوەی هەبێ، موهیم ئەوەیە ئەو دەسەڵاتە ئیعتراف بە کێشەکە بکاو بێتە سەر ئەو قەناعەتە کە دەبێ رێگا حەلێکی بۆ ببینێتەوە. قانوونی ئەساسی دەتوانێ مەبنایەک بێ بۆ دوو لایەن کە لەوێ را دەست پێ بکەن بۆ چارەسەری کێشەکانیان. زۆر شتێکی سەیرو سەمەر نییە تەنانەت قانوونی ئەساسی ببێت بە مەبنایەک. بەڵام جمهووریی ئیسلامی ئێران بە هیچ جۆر حازر نییە ئێستا (با) لەسەر مادەی ١٥و ١٩ بێت لەگەڵ ئێمە وتووێژ بکا، تەنیا ئەو باسە کە هاتۆتە گۆڕێ من هێناومەتە گۆڕێ، زۆرتر بەو مەبەستە بووە ئێمە لە سیناریۆکانی داهاتووی کوردستانی ئێران دەبێ ئەو ئیستعدادو ئامادەگیەمان هەبێ کە رەنگە حاڵەتی جۆراوجۆر بێتە پێشی لە تەعامول لەگەڵ تاران‌دا. بۆ نموونە ئەگەر رۆژێک لە رۆژان جمهووریی ئیسلامییەکمان هەبوو، لە ئێران کە کەرووبی و مووسەوی و خاتەمی یان جووڵانەوەی سەوز لە دەست خۆی گرت، ئەو جووڵانەوەیە نایەڵێت نیزام بگۆردرێت، ئەو جووڵانەوەیە باسی گۆڕانی سیستم ناکا، باسی گۆڕانی قانوونی ئەساسی ناکا. رەنگە یەکێک لە ئیحتمالات ئەوە بێ هەر خودی قانوون ئەساسی ئەو بەندی ١٥ و ١٩ مەبنایەک بێ لە گەڵ ئەوانە (بۆ ئەوەی) تۆ دەرگای وتووێژ و دەرگاکە بکەیتەوەو لێک حاڵی بوونێک، دانیشتنێک بێ، ئیعترافێکیش بکەین بە یەکتر. دەنا نە ئێمەو نە خەڵکی کورد لە کوردستان و نە هەمووی دنیا، نە خەڵکی نێوخۆی ئێران لەو باوەڕەدان کە جمهووریی ئیسلامیی ئێران کە ئێستا هەیە نە تەنیا لەسەر مادەی ١٥ و ١٩، لەسەر هیچ شتێک حازر نییە لەگەڵ ئێمە وتووێژ بکا .

**پرسیار: کاک خالید واکنشی بەرپرسی کۆنسوڵگەریی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بەو وتووێژەی جەنابت چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

خالید عەزیزی: پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە پێم خۆش بوو شتێکی لێرە تەئکیدی لە سەر بکەمەوە ئەویش ئەوەیە تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە وتووێژ هەیە چ ئێستا بێت کە من هیچ زەمینەیەکی بۆ نابینم بەڵام ئەگەر لە ئایندەدا شەرایەتێکی وا هاتە پێش، سیاسەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان زۆر سەریح و شەفافە. ئێمە پێمان وایە دەوڵەتی مەرکەزی (ئەگەر) لەسەر مەسەلەی کورد بە گشتی لەگەڵ حیزبەکانی موخالف وتووێژ دەکا، (ئەگەر) لە رێگا حەل دەگەرێ ئیعترافی پێ دەکا، ئەگەر رۆژێک لە رۆژان دەوڵەتی مەرکەزی داوای وتووێژ لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بکا، وەڵامی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئەوەیە ئێمە مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران بە مەسەلەی هەموو حیزبەکان دەزانین. ئێمە پێمان وانییە وەک حیزبی دیمۆکرات تەنیا خۆمان تەرەفی موعاملەی دەوڵەتی مەرکەزی دادەنێین. بەڵکوو پێمان وایە هەموو حیزبەکان دەبێ بە یەکەوە لە سەر میزی مزاکرە لە گەڵ دەوڵەتی مەرکەزی دابنیشن. جا دەوڵەتی مەرکەزی ئەو جمهووری ئیسلامییە(بێ) یان جمهووری ئیسلامییەکی دیکە یان هەر حکوومەتێکی دیکە ئەوە وەک ئەسڵ لای حیزبی دیموکراتی کوردستان و رێبەریی حیزبی دیمۆکرات دێتە گۆڕێ .

ئێمە وەک لایەنێکی تیکنیکی، وەک لایەنێکی ئوسوولی چاو لەو قەزیەیە دەکەین، چونکە تەجروبەی وتووێژەکان هەم لە کوردستانی عێراق کە لە رابردوودا بووە، هەم ئەوەی کە لە کوردستانی ئێران کە لە رابردوودا بووە، ستراتیژیی دەوڵەتە مەرکەزییەکان ئەوەیە کە تەنانەت دەوڵەتی دیمۆکراتیکیش بێ (با ئێمە پێمان وانەبێ دیموکراسی لە ئێران دێتە گۆڕی ئەوە دیموکراسییەکی ئورووپایە) هەمیشە میتۆدو میکانیزمی جۆراوجۆریان هەیە. بۆ ئەوەی کە لە سەتحی موخالیفانی خۆیان لە کێشەکەدا، دوو دەستەگی و سێ دەستەگی دروست بکەن خۆیان لە مەوقعیەتی باش و باشتری موعامەلە قەرار دەدەن. بۆیە ئێمە وەک حیزبی دیمۆکرات ئەو ئەسڵەمان قەبوول کردوەکە وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی بە بەشداریی هەموو لایەک بێ .

**پرسیار: باشە ئەی ئەو مەسەلەی دژکردەوەی بەرپرسانی کونسولگەریی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بەو وتووێژەکەی جەنابتان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

خالید عەزیزی: کۆماری ئیسلامی عادەتەن لەماوەی سی ساڵی رابردوودا هەوڵی داوە کە مەسەلەی ئێمە لە پەراوێز بخا، لە موناسبەت و رووداوی جۆراوجۆرکە هاتۆتە پێشێ، ئێمە هەڵوێستمان گرتوە، شتمان راگەیاندوە، قەت دژکردەوەیەکی وای نیشان نەداوە. بەڵام بەو ماهیەتەی کە جمهووریی ئیسلامیی ئێران هەیەتی پێمان وایە دژکردوەی کۆنسوڵی ئێران یان هەر شتێکی تر بێ لەو جیهەتەوە لە لایەکی ترەوە ئیعتراف بە مەسەلەی کورد بکا ، لەو جەهەتەوە بیرورای گشتی متەوەججیهی ئەو واقعیاتە بکا کە سی ساڵە موشکەلەیەکیان هەیەو حەلیان نەکردوەو ئێستا لە رێگا حەلێک دەگەڕێن، ئەوان کاتێک لە نێوخۆیان، دۆستانی سابقی خۆیان هاوسەنگەرانی سابقی خۆیان ئەو کەسانەی کە لە گەڵ ئەوان ئینقلابیان کردوەو ناتوانن لە گەڵیان تەحەممول بکەن لە گەڵیان ناحەوینەوە، دڵنیام نییەتی جمهووریی ئیسلامی نییەتی کۆنسوڵەکەی بەرانبەر بە ئێمە نییەتێکی دۆستانە نییە لەو فرسەت دەگەڕێن کە بە شێوەی جۆراوجۆر بە نەفعی خۆیان کەڵک لەو کێشەو لە باسە وەرگرن .

**پرسیار: ئێوە چ لە وتووێژەکەی پێشووتان چ لە چەندین وتووێژی دیکەدا زۆرتان تەئکید کردۆتەوە لە سەر ئەوەی کە ئەگەر فەزایەک لە ئێران بڕەخسێت و ئەمنیەتێک دابێ، مەسەلەن ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکان دەستگیر نەکرێن و ئەگەر خەڵک ئیعدام نەکرێ و ئەگەر چالاکانی مەدەنی و سیاسی سەزا نەدرێن، ئازادیی سیاسی لە موقابلی ئەمانەدا هەبێ، تەنانەت ئەگەر کۆماری ئیسلامییش بێت ئەم فەزایە دروست بکا حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەن، باشتر وایە کە برۆنەوەو فەعالیەت بکەن، لەم پێوەندیەدا پێم خۆشە رای جەنابتان ببیستم یان تەوزیحی زیاتر بدەی ؟**

خالید عەزیزی: من پێشوو ئاماژەم بە واقعیەتێکی مێژوویی کرد، ئەویش ئەوە بوو وهتم کاتی خۆی کە هەیئەتی نوێنەروتەتیی گەلی کورد کە حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەی تێدا بوو لایەنەکانی دیکەش هەموو هەوڵێکیان دا کە لە کوردستان شەڕ نەیەتە پێشێ، لێکدانەوەکە ئەوە بوو ئەگەر رۆژێک شەڕ لە کوردستان وەدرەنگی بکەوێ ئێمە یەک رۆژمان قازانج کردوە بۆیەک رۆژمان قازانج کردوە یەک رۆژی دیکە زیاتر لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران دەمێنینەوە. سیاسەتی حیزبایەتیمان جا ئەگەر وایە من ئەگەرێکی گەورە دەکەمەوە کاک مادیح ـ ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر دەوڵەتی مەرکەزی چ جمهووریی ئیسلامی ئێستا بێ و چ جمهووریی ئیسلامیی ئایندە بێ لە کوردستان خەڵک نەگرێ و خەڵک ئیعدام نەکا، ئەمنیەت هەبێ، بەسیج و پاسدار دەسەڵاتیان نەبێ، لە مەرزەکان ئەمنیەت بۆ خەڵک هەبێ، کاسبی بکەن ئازادیی فەعالیەتی سیاسی بۆ ئەحزابی سیاسی هەبێ، ئەحزابی سیاسی ئەمنیەتی سیاسییان هەبێ خەڵک بە دەلیلی عەقیدەو حیزبایەتی وجموجۆلی فعالیەتی سیاسی بێتە کۆرو کۆمەل و لە تەزاهورات دا نەگیرێ و ئیعدام نەکرێ و ئەمنیەتی هەبێ، ئازادیی هەبێ هیچ دەلیلێک نابێ حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەوێ کار نەکەن. بەڵام ئەو ئەگەرە ئەگەرێکی قورسە. ئایا ئەو ئەگەرەی کە من هێناومەتە گۆرێ و هەمووئەو شتانەی کە ریزم کرد لە ماهیەتی جمهووریی ئیسلامی دا عەمەلییە تەبیعەتەن نا . ئەگەر عەمەلی بێ جمهووریی ئیسلامی ئەوە قەبووڵ بکا بە شتێکی باشی دەزانم، جێگەی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کوردستانی عێراق نیە جێگەی ئێمە کوردستانی ئێرانە. ئەگەر ئێمە لە نێو خەڵکی خۆمان [لە نێو] کۆمەڵگەی خۆماندا باین، دڵنیام بەشێک لەو موشکیلاتەی کە ئێستا ئێمە هەمان بووە و بە داخەوە لەتبوون و ئینشعاباتی لێ کەوتەوە رەنگە بەو شێوەیە نەبایە و رەنگە رووشی نەدابایە. جا بۆ حیزبێکی سیاسی زۆر لە تاراوگە مانەوە بۆ حیزبێکی جەماوەری کە لە نێو خەڵک دا دروست بوو، بەرنامەی بۆ ئیدارەی خەڵک هەیە، دووری خۆش نیە. جا من ئەو ئەگەرەم لەو هێناوە کە بە داخەوە لە سیستمی کۆماری ئیسلامی دا نە عەمەلییە. بەڵام ئێمە دەبێ ئیستعدادی ئەوەمان هەبێ لە ئایندەدا ئەگەر حاڵەتێک هاتە پێشی دەوڵەتی مەرکەزی جۆرێکی دیکەی تەحەمول کرد هەمووی ئەوانە دادەنێنە سەر میزی فکر کردنەوە لە بەرنامەی خۆمان.

**پرسیار: بەڵی ! کاک خالید! ئەگەرچی پرسیاری زیاتر هەیە بەڵام بە هۆی مەجالی کەمی بەرنامەکە وەکو دوا پرسیار پێم خۆشە لە پێوەندی لەگەڵ وەزعی کورد بە گشتی و بە تایبەت کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، داهاتووی ئەو مەسەلەیە چوون دەبینی؟**

خالید عەزیزی: ئەگەر ئێمە چاو لە ئالۆگۆرەکانی دنیا بکەین رۆژ بەرۆژ دیکتاتۆریەت بێ ئایندە دەبێ. رۆژ لە گەڵ رۆژ دیموکراسی پەرە دەستێنێ رۆژ بە رۆژ سیستمی ئینترنیت و سەتەلایت و موبایل و ماس میدیا پەرە دەستێنێ، سنوور ناناسێ و دەچیتە هەموو ماڵێک. رۆژ بە رۆژ دونیا قانوونیتر دەبێ، ئەوە یەک سیگناڵ ئەویش ئەوەیە کە کورد لە سەردەمی ئێستا دا لە گەڵ دەوڵەتە مەرکەزییەکان لە حاڵەتی کێشە دایە کە رەوتی دونیا لە خزمەتی دیموکراسی دایە. ئەوەی لە تورکیە لە گۆریدا هەیە ئێمە بە شتێکی باشی دەزانین. پێمان وایە ئەوەی دەوڵەتی ئۆردۆغان لە مەجلیس دا کردی هەوڵی دا کرانەوەیەک بە رووی مەسەلەی کورد و دێموکراسی دا هەبێ بکاتەوە هەنگاوێکی باش بوو. کورد لە کوردستانی تورکیە سەرەڕای ئەوەی کە دادگای باڵای تورکیە DTPی غیرە قانوونی کرد دەبێ هەوڵ بدا کۆمەڵگای مەدەنی لە تورکیە پتر بەهێز بکا، دەبێ هەوڵ بدا نەهێڵی ئەو هەوڵانەی کە دەولەتی ئۆردۆغان و ئەو کەسانەی کە لە ڕێگا چارە دەگەڕێن بە شکست بگەیەندرێ. تێبکۆشن خۆیانی لەگەڵ تەتبیق

ل ٦

**ئێمە مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران بە مەسەلەی هەموو حیزبەکان دەزانین. ئێمە پێمان وا نییە وەك حیزبی دێموکرات تەنیا خۆمان تەرەفی موعامەلەی دەوڵەتی مەرکەزی دادەنێین. بەڵکوو پێمان وایە هەموو حیزبەکان دەبێ بە یەکەوە لە سەر میزی مزاکرە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی دابنیشن**

### ڕاگەیەندراوی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# بە بۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرین کاک تەها عەتیقییەوە

خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!

تێکۆشەران و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕادەگەیەنین کە شەوی دووشەممە ٩ی سەرماوەز (٣٠ی دیسامبر) تێکۆشەری دێرین کاک تەها عەتیقی لە وڵاتی سویس لە تەمەنی ٦١ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

هاوڕێ تەها عەتیقی ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی خۆشناوو نیشتمانپەروەری شاری مەهاباد لەدایك بوو. قۆناغەکانی سەرەتایی، ناوەندی و دەبیرستانی لە مەهاباد تەواو کردو پاشان لە تەورێز تا وەرگرتنی بڕوانامەی لیسانس لە زانستی جوغرافیادا، درێژەی بە خوێندن دا. تەها عەتیقی دواتر لە قوتابخانەکانی مەهاباد لە ئاستی دواناوەندی و دەبیرستاندا، وەك مامۆستا، دەرسی ئەدەبیاتی گوتەوە. هەر لەو ساڵانەدا بوو کە لە رادیۆ تەلەڤیزیۆنی مەهاباد دەست بەکار بوو و بۆ ماوەی چەند ساڵ بەرنامەی پڕگوێگری "خاوو خێزان"ی ئامادەو پێشکەش کرد.

بە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و دەست پێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، کاك تەها پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرت و، هاوکاریی لەگەڵ حیزب دەست پێکرد. لەگەڵ دامەزرانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، کاك تەها عەتیقی لە ریزی یەکەم بێژەراندا، قۆڵی لە خزمەتکردنی ئەم رادیۆیە هەڵماڵی. تەها عەتیقی کە هەم تێگەیشتنێکی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی باشی هەبوو، هەم خاوەنی ئەزموونی کار لە رادیۆو تەلەڤیزیۆن-دا بوو، هەموو تواناو عەلاقەی خۆی خستە خزمەت بەرەوپێشبردنی کارو باری رادیۆ دەنگی کوردستان. لە ساڵی ١٣٥٩وە هەتا هاوینی ١٣٧٣ کە ڕووی کردە ئورووپا، کاك تەها کارو بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری لەم رادیۆیە بەڕێوە برد. بۆ ماوەیەکی زۆر وەك ئامادەکار، بەرپرسی هەواڵ و بەڕێوەبەری رادیۆ دەنگی کوردستان کاری کردو شانبەشانی کاری بێ پسانەوەو ماندوویی نەناسانە لەم بەشانەدا، بەرنامەی رادیۆیی "وڵامی نامەی گوێگرەکان"ی ئامادەو پێشکەش کرد. تەها عەتیقی یەکێك لە کۆڵەکەکانی ئەم رادیۆیە لە ئەستەمترین قۆناغەکانی خەباتی حیزبی دێموکرات دا بوو. ئەو لە نێو کادری رادیۆو چاپەمەنیی حیزب بەتایبەتی و لە نێو سەرجەم تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و گوێگرەکانی رادیۆ دەنگی کوردستاندا، خۆشەویست و جێگای ڕێز بوو. هاوڕێیان و هاوکارانی بە چاوی مامۆستاو ڕێنوێنی خۆیان لێیان دەڕوانی.

کاك تەها لە نێوان کۆنگرەکانی پێنجەم و شەشەمی حیزبدا (ساڵانی ١٣٦٢ـ ١٣٦٠) ڕاوێژکاری کومیتەی ناوەندیی حیزب بوو. ئەو، لە کۆنگرەی چوارەمەوە تا کۆنگرەی نۆیەم، لە هەموو کۆنگرەکانی حیزبدا چالاکانە بەشدار بوو. لە ڕاستیدا چونکە هەم توانای بەڕێوەبردنی کارو بەرپرسایەتیی گرنگی هەبوو، هەم کەسێکی ئاگاو خۆشەویست بوو، ئەگەر بۆ خۆی ویستبای لە زۆربەی کۆنگرەکاندا شانسی هەڵبژاردنی بە ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی هەبوو. بەڵام بۆ تەها عەتیقی نەك پۆست و عینوان، بەڵکوو کاری دڵسۆزانەو خزمەتی سادقانە مەبەست بوو.

کاك تەها وێڕای سەرقاڵبوون بە کاری ڕۆژانەی رادیۆوە، لە وەرگێڕانیش غافڵ نەبوو. وەرگێڕانی کتێبی بەناوبانگی "کوردستان و کورد"ی دوکتور قاسملوو بۆ سەر زمانی فارسی، بەرهەمی سەردەمێکە کە تەها عەتیقی لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان لە سەنگەری ڕادیۆدا خزمەتی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردی دەکرد. کاك تەها، هاوینی ١٣٧٣ی هەتاوی (١٩٩٤ی زایینی) وەك پەنابەر ڕووی کردە وڵاتی سوئێدو لەوێ گیرسایەوە. چەند ساڵێك دواتر لە وڵاتی سویس نیشتەجێ بوو و لەگەڵ خاتوونی سەربەرزو ڕووسوور ئەسمەر ئیبراهیمزادە هاوسەری شەهید عەبدوڵڵا شەریفی ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. کاك تەها لە دەرەوەی وڵاتیش لە سەر خزمەت بە جووڵانەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی گەلەکەی بەردەوام بوو. وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی کتێبی "کورتە مێژووی جووڵانەوە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد" لە فارسییەوە بۆ کوردی کە دوکتور سادق شەرەفکەندی نووسیویێتی، یادگاری ساڵانی ژیان لە دەرەوەی وڵاتی ئەم تێکۆشەرەیە.

کاك تەها عەتیقی لە کاتێك-دا دڵی لە لێدان وەستا کە بەڵێنی دابوو لە ساڵی تازەدا سەردانی کوردستان بکاتەوەو جارێکی دیکە خۆی لە نێو کۆڕی هاوخەباتان و هاوڕێیانی پێشمەرگەدا ببینێتەوە کە بەداخەوە مەرگی ناوەخت هەم ئەویش و هەم ئێمە هاوسەنگەرانی، و هاوکاران و دۆستانی لەمێژینەی لە دیتنەوەی دووبارەی یەکتر بێبەش کرد.

بە کۆچی ناوەختی تەها عەتیقی، گەلی کورد تێکۆشەرێکی بەوەفاو بەنرخ و،حیزبی دێموکراتی کوردستان دۆست و یاوەرێکی خۆشەویستیان لەدەست دا. ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی کاك تەها عەتیقییەوە، سەرەخۆشی و هاودەردی قووڵی خۆی بە هاوسەری زیندەیاد کاك تەهاو هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەیان و تێکڕای ئۆگرانی ئەو کەسایەتییە تێکۆشەرە ڕادەگەیەنێ. هەمووانیش دڵنیا دەکەین کە یادی کاك تەها، وەك خزمەتەکانی ئەو مرۆڤە بە رادیۆ دەنگی کوردستان و حیزبی دێموکرات، بە نەمری دەمێنێتەوەو هەمیشە بە ڕێزەوە ئاوڕییان لێ دەدرێتەوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**ناوەندی ڕاگەیاندن**

**سێ شەممە ١٠ی بەفرانباری ١٣٨٨**

**١ی ژانوییەی ٢٠١٠**



درێژەی

## بەرەو ڕێبەندانێکی دیکە

بێگومان وێکچوونی دیکە لە نێوان قۆناغی ئێستای خەباتی خەڵکی ئێران و ڕاپەڕینی ١٣٥٧دا هەن. بەڵام پێویستە جیاوازییەکانیش لە نێوانیاندا ببینین. "شا" ئەگەرچی بە درەنگەوەش بوو، سەرئەنجام "دەنگی شۆڕشی خەڵکی ئێران"ی بیست. خامەنەیی زۆر دەرفەتی خرایە بەردەم بۆ ئەوەی پەیامی خەڵکی کودەتالێکراوی ئێران ببیسێ، و نەهێڵێ کێشەی خەڵک لەگەڵ ئەم نیزامە بگاتە جێگای باریک، کەچی نەیبیست. "شا" ئەگەر بە سەرکوتیش ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران دەبۆوە، لە ڕۆژانی تاسووعاو عاشووڕادا، دەستی لێ دەپاراستن. ئەوەش بە جێی خۆی کە ئەو نە سەرۆکی نیزامێکی ئیسلامی بوو، نە ئیددیعای ڕێبەری موسوڵمانانی جیهانی دەکرد. بەڵام خامەنەیی، بە ناوی ئیسلامەوەو تەنانەت لە مانگی موحەڕڕەم و ڕۆژانی تاسووعاو عاشووڕادا، فەرمانی کوشتنی یاران و لایەنگرانی دوێنێی ئەم نیزامە دەدا! "شا"و دەست و پیوەندەکانی، ئەگەر ئێرانیشیان لە دەست چوو، لانیکەم لەم دنیایەدا، جێگایەکیان بۆ مانەوەی خۆیان و ماڵ و منداڵیان شک دەبرد. بەڵام خامەنەیی و شەریکە تاوانەکانی، کارنامەکەیان لەوە ڕەشترە کە هیچ وڵاتێک وەریان بگرێ.

بەڵام جیاوازیی هەرە گرنگ و هەر لەم کاتەدا جێگای خۆشحاڵی لە نێوان ئەم دوو قۆناغە مێژووییەدا ئەوەیە خەڵکی ئێران جارێکی دیکە ڕێگە نادەن ئەزموونی ٥٧ دووپات بێتەوەو تاقمێک بە ناوی دین یا ئیدئۆلۆژییەکی تایبەتەوە، سواری شەپۆلەکان ببن و، بزووتنەوەو ڕاپەڕین بەرەو ئاقاری دڵخوازی خۆیان بەرن. لە سەر هەست بوون و دژکردەوە نیشاندانی ئەم ڕۆژانەی حیزب و ڕێکخراوو لایەن و کەسایەتیی جۆراوجۆر بەرامبەر بە نێوەرۆکی تازەترین بەیاننامەی مووسەوی، پێمان دەڵێ خەڵکی ئێران وشیارن و، مل بۆ هیچ بەرنامەو ڕێککەوتنێک نادەن کە هاتنەدیی ماف و ئازادیی ٣٠ ساڵ پێشێلکراوی ئەوان دابین و دەستەبەر نەکا. (هەر لەم بارەیەوە وتارێک لەم ژمارەی کوردستان‌دا بخوێننەوە).

درێژەی

## ٢٠٠٩، ساڵێکی تاڵ بۆ ڕێژیمی ئێران

ڕێژیمی ئێران لە ساڵی ٢٠٠٩دا ئەگەر لە نێوخۆی وڵات بەرەوڕووی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی بێ وێنە بۆوە کە دروشمە سەرەکییەکانی "مەرگ بۆ دیکتاتۆری و مردن بۆ خامەنەیی" بوو، لە ئاستی نێونەتەوەییش‌دا، لەگەڵ ڕیسوایی و مەحکوومکران و فشاری بێ‌وێنە بەرەڕوو بوو، ئەم ڕێژیمە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نارەزایی دەربڕینی هێمنانەی خەڵكدا پەنای بردە بەر سەرکوتی دڕندانەو تاوانی شەرماوی، بەم خەیاڵە کە خەڵك چاوترسێن بن و مل بۆ کودەتاو دەسەڵاتی داسەپاو ڕابکێشن. بەڵام تاوانە شەرماوییەکانی سەرشەقام ونێو بەندیخانەکان جگە لەوەی نەبوون بە هۆی ترسانی خەڵك، ڕیسوایی ئەم ڕێژیمە لە ئاستی دنیاشیان‌دا لێ کەوتەوە. ٧ مانگی ڕابردوو، پڕ بوو لە هاتنە سەرشەقام و نارەزایەتی دەربڕین و پێداگری لە سەر نەویستنی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی. جار لەگەڵ جاریش شەپۆلی میلیۆنیی خەڵك "بەگوڕترو ڕاشکاوتر لە پێشوو هاتنەوە سەر شەقام و، خەڵك لە دروشمی داواکردنەوەی دەنگەکانیان"را، ئێستا داوای نەمانی سیستەمی ویلایەتی فەقیە دەکەن. چڵەپۆپەی ململانێی خەڵك و دەسەڵاتبەدەستانی کودەتاچی لە ڕۆژانی عاشووڕادا (دوایین ڕۆژەکانی ساڵی ٢٠٠٩)دا بوو. ئەو وەحشیگەرییەی بەڕێوەبەرانی ڕێژیم لەم بۆنە ئایینی‌یەدا لە دژی خەڵکی ناڕازی ئەنجامیان دا، دەریخست کە ئەم دەسەڵاتە تا دێ پتر لە کۆتاییەکانی تەمەنی خۆی نزیك دەبێتەوە. هەر بۆیە بۆ مانەوەی خۆی ئامادەیە هەموو سنوورەکان ببەزێنێ. بەڵام وەك دیتمان کۆمەڵێک لە ڕێبەرانی دنیا کە پێشتر لەم بارەیەوە زۆر بە پارێزەوە دەدوان، ئەمجارە ڕاشکاوانە تاوانەکانی دەسەڵاتدارانی ئێرانیان مەحکووم کردو پشتیوانیی خۆیان لە خەباتی هێمنانەو داوا بەحەقەکانی خەڵکی ئێران ڕاگەیاند. بەم جۆرە کۆماری ئیسلامی لە هەلومەرجێكدا پێی ناوەتە نێو ساڵی ٢٠١٠، کە لە نێوخۆدا، سەرەڕای ٧ مانگ سەرکوتی دڕندانە، نەك هەر نەیتوانیوە پاشەکشە بە بزووتنەوەی جەماوەریی خەڵکی ئێران بکا، بەڵکوو بزووتنەوەکە بەرینترو ڕادیکاڵتر بووە. لە دەرەوەو لە ئاستی نێونەتەوەییش‌دا بە بۆنەی بەردەوام بوون لە سەر هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی و سەبارەت بە پێشێلکردنی ئاشکرای مافەکانی خەڵکی ئێران و کوشتاری هاونیشتمانانی ناڕازی، کەوتۆتە ژێر فشار. دیارە بەم وەزعەوە ساڵی ٢٠١٠یش بۆ کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ٢٠٠٩ خۆشتر نابێ.

## ڕێورەسمی ماتەمینیی کۆچی دوایی کاك تەها عەتیقی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ڕێورەسمی ماتەمینی و پرسەی کۆچی دوایی کاك تەها عەتیقی، کادری دێرینی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بەڕێوە چوو.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ٩ ی بەفرانبار ڕێورەسمی ماتەمینیی کاك تەها عەتیقی، کادری دێرینی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و سیمای دیاری رادیۆ دەنگی کوردستان، بە بەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەکان و بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب لە ساڵۆنی بۆنە و ڕێورەسمەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا بەڕێوەچوو.

لەو ڕێورەسمەدا کاك سمایل بازیار لە وتەیەکی کورت دا چەند لایەنێکی بەرزی کەسێتیی کاك تەها عەتیقی بۆ ئامادەبووانی ڕێورەسمەکە شی کردەوە و وێڕای باس کردن لە لایەنەکانی ژیان و خەباتی کاك تەها لە یەک ڕستە دا ئاماژەی بەوە کرد کە کاك تەها عەتیقی مرۆڤێکی بە باوەڕ و ئامانجخواز و نەسرەوتوو و، پێشمەرگەی ئازای ڕۆژە سەخت و دژوارەکان بوو.

خۆشکە خەدیجە مەعزوورییەکێکی دیکە لە هاوڕێیانی دێرینی کاك تەها لەو ڕێوڕەسمەدا چەند بیرەوەرییەکی سەردەمی شاخ و کاری رادیۆی لە کاك تەها گێڕایەوە کە لایەنە بەرزەکانی کەسێتیی کاك تەهای دەردەخست.

خەدیجە ئاماژەی بەوەش کرد کە لە هەموو پێوەندییەکانی کاك تەها و نامە و نووسینەکانی را دەردەکەوێ کە کاك تەها لەو ماوەیەدا کە لە ئورووپا بوو، تەنیا بە جەستە لەوێ بوو، ئەگینا ڕووح و دەروون و بیرکردنەوەی کاك تەها هەر لە لای تێکۆشەرانی حیزب و گەلەکەی بوو، هەر بۆیەش ئێمە لەو ڕێوڕەسمەدا یاد و بیرەوەریی ئەو مرۆڤە خەباتکارە بەرز ڕادەگرین و پەیمانی بەڵێن و خۆشەویستیی لە گەڵ نوێ دەکەینەوە.



ڕێوڕەسمەدا یاد و بیرەوەریی ئەو مرۆڤە خەباتکارە بەرز ڕادەگرین و پەیمانی بەڵێن و خۆشەویستیی لە گەڵ نوێ دەکەینەوە.

درێژەی

## زیاتر لە ١٦٠ کەس لە ماوەی ٣ مانگی پاییزدا لە کوردستان کوژراو بریندارو یان دەسبەسەر کراون

هەر لە ماوەی ٣ مانگی پاییزدا هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ١٢٠ سەر وڵاغی کاسبکارانیان کوشتووەو دەستیان بەسەر ڕێژەیەکی زۆری باری کاسبکاران دا گرتوە.

هەر بەپێی ئەو ڕاپۆرتە، لە ماوەی ٣ مانگی پاییزدا ١٠٥ چالاکی مەدەنی و هاونیشتمانی کورد لە کوردستان لە لایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی قۆڵبەست کراون و لە نێو ئەو ١٠٥ کەسەدا ٣٢ کەسیان دادگایی و حوکمی ٦ مانگ تا ١٠ ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپاوە.

سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی خوێندکارانی کوردیشی هەڵ نەواردوە. لە ماوەی ٣ مانگی پاییزدا زیاتر لە ١٣٠ خوێندکاری کورد لە زانکۆکانی ئێران بۆ کومیتەی ئینزباتیی زانکۆکان و حیراسەتی ئەو زانکۆیانە بانگ کراون و لە نێو ئەو ١٣٠ خوێندکارەدا ١٢ کەسیان سزای دەرکران لە زانکۆو چەند تێرم بێبەش بوون لە خوێندنیان بەسەردا سەپاوە و خوێندکارێکی کوردیش بە ناوی سامان حوسێنی، خەڵکی بانە لە تاران قۆڵبەست و شوێن بزر کراوە.

شایانی باسە کە کوردستان و کوردنیوز لە کۆتایین ڕاپۆرتەکەی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکا ئەو ئامارانە لە ئەنجامی تەنیا ئەو زانیارییانە کۆ کراوەتەوە کە بە ناوەندی هەواڵی "کوردستان و کوردنیوز" گەیشتوون، ئەگینا ئەژماری واقعیی قوربانییانی سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان زۆر لەوە زیاترە.

"حیشمەتوڵڵا تەبەرزەدی":

# سەرکوتی خەڵکی ئێران نیشانەی لاوازیی حکوومەت و بەهێز بوونی بزووتنەوەی جەماوەرییە

وەرگێڕان: حەسەن شێخانی

ئەم وتووێژە دوایین وتووێژی "حشمت‌الله طبرزدی" وتەبێژی ناوەندی. هاوپێوەندیی دێموکراسی بۆ ئێران لەگەڵ بەشی فارسیی تەلەفیزیۆنی "کورد کاناڵ"ە کە پێش دەستبەسەر کرانی، لە پێوەندی لەگەڵ دوایین رووداوەکانی ئێران دا ئەنجامی داوە. بەڕێز "طبرزدی" رۆژێك لە دوای خۆپیشاندانەکانی رۆژی عاشووورای ئەمساڵ، لە تاران (لە ماڵی خۆی) لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کراو هەنووکە لە زیندان دایە.

**کورد کاناڵ: وەك یەکەمین پرسیار ئەو رووداوانەی لە رۆژی عاشوورادا لە تاران و هێندێك شاری دیکەی ئێران هاتنە ئاراوە، چۆنیان هەڵدەسەنگێنی؟**

وڵام: ئەم حکوومەتە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە حکوومەتێکی مەزهەبییە کە لەسەر بنەمای ئاییینزای شیعە دامەزراوە. خۆتان باشتر دەزانن کە تەنانەت مافی پێڕەوانی ئاییینزاکانی دیکە لەوانە مافی سوننی‌یەکان و پێرەوانی دینەکانی دیکەیان پێشێل کرد. دەیانگوت کە وەلی فەقیە، سەرکۆمار، خوبرەگان (هەمووی ئەوانە) دەبێ شیعە بن و ئێمە تەنیا حکوومەتێکی عەلەویین، تەنیا حکوومەتێکی شیعەین. ئەمڕۆ شاهیدی ئەوە بووین کە لە شەقامەکانی تاران خەڵکێك کە خەڵکی ئێرانن و شیعەشن بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتییەکی ئاشتییانە هاتنە سەر شەقام. مافی هەر هاووڵاتییەکە بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانەو بێ‌هەڵگرتنی چەك ناڕەزایەتی دەربڕێ و ئەمەش لە قانوونی بنەرەتیی ئێراندا بە فەرمی ناسراوە. لەم چوارچێوەیەدا خەڵك هاتن و داخوازییەکانیان هێنایە ئارا. بەداخەوە بەر لەوەی خەڵك داخوازییەکانیان بێننە زمان لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانیانەوە درانە بەر پەلامارو بە توندی سەرکوت کران. دەیان کەس کوژراون، ژمارەیەکی بەرچاو بریندار بوون و خەڵکێکی زۆریش دەستبەسەر کران. حکوومەت لە رۆژی عاشووورای حوسێنی دا نیشانی دا کە حکوومەتێکی دیکتاتۆری نیزامییەو نەتەنیا مەزهەبی نیە بەڵکو بەکردەوە لە دژی مەزهەب دەجووڵێتەوە. ئەمەش بەم هۆیەیە کە ئەم حکوومەتە بە درێژایی سی ساڵی رابردوو تەنانەت پرەنسیپە سەرەتاییەکانی مەزهەبییشی پێشێل کردووەو ئەمڕۆ ئەم پێشێل- کارییەی لە شەقامەکانی تاران، تەورێز، مەشهەد، مەهابادو شارەکانی دیکە نیشان دا.

**کوردکاناڵ: ئێستا کەشی زاڵ بەسەر تاران و شارەکانی دیکەی ئێران (تا ئەو جێگەیەی ئێوە زانیاریتان هەبێ) چۆنە؟**

وڵام: زانیارییەکی وردم لەمەڕ شارەکانی دیکە نیە، بەڵام تاران ئاڵۆزەو خەڵك لەسەر شەقامن و بە نیشانەی ناڕەزایەتی سیگناڵ لێ دەدەن، لە هەموو چین و توێژەکانی خەڵك بەشدارن و ناڕەزایەتییەکان درێژەیان هەیە. بەتایبەت لە دوای کوژرانی چەند کەس لە هاووڵاتییە ئازیزەکانمان (من دەنگۆی ئەوەشم بیستوە کە لە تەورێزیش خەڵکێك کوژراون. ئەڵبەتە زانیارییەکی وردم نیە) لە تاران کەشێکی زۆر ئاڵۆز هەیەو لە راستیدا خەڵك درێژە بە خەباتیان دەدەن. خۆتان دەزانن کە هەموو ئازادیخوازان لەسەر خەباتێکی ئاشتیخوازانەو رەتکردنەوەی توندوتیژی پێدادەگرن. چونکە لەوانەیە حکوومەت بیەوێ لە رێگەی بەکارهێنانی توندوتیژییەوە خەڵك هان بدا کە ئەوانیش توندوتیژی بەکار بێنن کە بە دڵنیاییەوە هێزەکانی ئازادیخوازو ئۆپۆزیسیۆن لەسەر ئەوەی کە بۆ گەیشتن بە حکوومەتێکی دێموکراتیك و سکولارو پارێزەری مافەکانی مرۆڤ خوازیاری خەباتێکی ئاشتیانەن پێداگری دەکەن.

**کورد کاناڵ: ئاماژەتان بە خاڵێکی سەرنجراکێش کرد کە ئەم ئیعترازانە، ئیعترازی ئاشتیخوازانەن بەڵام لە بەرانبەر دا ئێمە شاهیدی ئەوەین کە سەرکوتی دژبەران یان ناڕازییان لە لایەن باڵی بناژۆخواز (لە لایەن دەسەڵات)ەوە لە زیادبوون دایە. ئێوە داهاتووی هاوکێشەی سەرکوتی ناڕازییان لە لایەن حکومەت و ئەو شتانەی کە ناڕازییان داوای دەکەن چۆن دەبینن؟**

وڵام: ئەوە کە حکوومەت خەڵك سەرکوت دەکا لە راستیدا نیشانەی لاوازیی حکوومەتە. واتا کاتێك حکوومەت لە بەرانبەر خەڵکێك دا کە خوازیاری خەباتێکی ئاشتیخوازانەن هیچ رێگەیەکی دیکەی نیە توندوتیژی بە کار دێنێ و ئەمەش لاوازی حکوومەت و هێزی بزووتنەوەی جەماوەری دەگەیەنێ، بەردەوامیی ئەم جووڵانەوە ئاشتیخوازانەیە رەوایی هەر چەشنە توندوتیژییەك لە ناو دەباو لایەنی دیکەی زیاتر پەرە دەستێنێ و بەشێکی بەربڵاوتر لە خەڵك لەخۆ دەگرێ. بەڵام داخوازییەکانی ئەم بزووتنەوەیە داخوازی مۆدێرن و دێموکراتیکن. بەهەر حاڵ ئێمە لە ٣١ ساڵ لەمەوبەردا شاهیدی شۆڕشێك بووین کە دواتر پێیان وت شۆڕشی مەزهەبی و حکوومەتێکی مەزهەبی و دینی لێکەوتەوە. ئەوەی ئەمڕۆ روودەدا ئانتی تێزی ئەو تێزەیە. واتا ئەگەر ئێمە شۆڕشی رێبەندانی ٥٧ و هەروەها ئەو دەوڵەتەی لێی کەوتەوە بە دەوڵەتێکی دینی لەقەڵەم بدەین و وەك تێز ناوزەدی بکەین، ئانتی- تێزەکەی دەبێتە بزووتنەوەیەکی ئیعترازی سکولار کە خواستەکانی بە بەهاگەلێکی یونیڤێر ساڵی وەکوو ئازادی، دێموکراسی، مافەکانی مرۆڤ و سکولاریزم پشت دەبەستێ و بە شێوەیەکیش خاوەنڕایان دەڵێن کە ئەم شۆڕشە وێکچوونێکی زۆری لەگەڵ شۆڕشی مەشروتەدا هەیە کە ئامانجی بەدیهێنانی قانوون، یەکسانی، بەرابەری، برایەتی و قانوونی بنەڕەتی بوو. من پێم وایە کە ئەم بزووتنەوەیە بەم شوناسەی هەیەتی بەرەو ئامانج گەلێك دەڕوا کە لە سەد ساڵی رابردوودا خەڵکی ئێران بەدوایاندا بوون و هەنووکە دەرفەتێکی باشە بۆ گەیشتن بەم داخوازییانە.

**کورد کاناڵ: هۆکاری ئەوە کە سەرکوتەکان رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر دەبێ لەچیدا دەبینی؟ یان لە راستیدا بۆ چی هێزە ئەمنییەتییەکان لە چیەتی راستەقینەی دەسەڵات تێناگەن؟**

وڵام: ئەمە پێکهاتەی حکوومەتێکی پشت بەستوو بە دیکتاتۆریی نیزامیی مەزهەبییە. حکوومەتێك کە پێگەی خۆی لە دەست دەدا واتا لە خەڵك و جەماوەر دادەبڕێ و ئیتر ناتوانێ نوێنەرایەتیی خواستی جەماوەر بکا، لە لایەکی دیکەش ئەو حکوومەتە پشتی بە سامانی بەلاشی نەوت بەستوەو نایەوێ ئەم سامان و بەرژەوەندییانە لە دەست بدا. بێگومان ئەگەر حکوومەت حکوومەتێکی دێموکراتیك با ئەم کارانەی نەدەکرد. لە بنەڕەت ڕا هەر کەلەبەر دروست نەدەبوو. بەڵام حکومەتێکی نادێموکراتیك لە کۆتاییدا دەست بۆ چەك دەبا، چونکە پێگەیەکی جەماوەری نیە. رەوایی نیەو بۆ پاراستنی خۆی توندوتیژی بەکار دێنێ. ئەڵبەتە هێندێك لەوان تا ئێستاش لەسەر ئەم باوەڕەن کە بەم جۆرە کارانە دەتوانن پێش بەم شۆڕشە دێموکراتیکە یان بزووتنەوەی سەوز بگرن. ئەوان بەم مامەڵە کردنانە دەیانەوێ ئەزموونی شا کە پاشەکشەی کرد و وڵاتی بۆ شۆڕشگێڕەکان بەجێهێشت دووبارە نەکەنەوە. ئەوان دەڵێن کە ئێمە دەبێ خۆڕابگرین، بەڵام نازانن کە ئەم پێداگرییەی ئەوان لەسەر توندوتیژی و سەرکوت تەنیا تێچووی بزووتنەوەکە دەباتە سەرو لە کۆتاییدا نە تەنیا ناتوانن بمێننەوە بەڵکو زیان دیتووی سەرەکی هەر خۆیانن. چونکە ئەوان لەم وڵاتەدا دەژین و ماڵ و منداڵ و ژیان و هەموو ماڵ و داراییان لەم وڵاتە دایە لە راستیدا کە توندوتیژی بە کاردێنن و سەرکوت دەکەن لە کۆتاییدا هەرخۆیانن زیان دەبینن. من هیوادارم ئەم رووداوانەی کە ئەمڕۆ (رۆژی عاشووورای حوسێنی) روویان داو دژکردەوەیەك کە خەڵك نیشانیان دا بەشی عاقڵتری دەسەڵات هان بدا کە رێگە لە توندوتیژی و سەرکوت کردن بگرن و بەستێنێك ئامادە بکەن بۆ ئەوەی خەڵك بە داخوازی سەرەکیی خۆیان کە ریفراندۆمێکی بنەڕەتی و هەڵبژاردنێکی ئازادە بگەن تا لەم رێگەیەوە خەڵك چارەنووسی خۆیان بە دەستەوە بگرن، حکومەتی خۆیان دەستنیشان بکەن و بە ماف و داخوازییەکانیان کە مافی هەموو هاوڵاتییەکە و لە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤیش دا هاتوە بگەن.

**کوردکاناڵ: وەکوو دوایین پرسیار بە سەرنجدان بەوە کە لەمانگی محرەم داین و هەر وەك دەزانن ئەمساڵ ئەم مانگە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو گرینگییەکی زیاتری هەیە. جەنابت رووداوەکانی رۆژانی داهاتوو چۆن پێش بینی دەکەن؟**

وڵام: پڕ ئاشکرایە ئەم بزووتنەوەیە بەردەوام دەبێ. ئەم سێیەم و چلە و حەوتەمی کوژراەکانی بزووتنەوەو هەروەها ٢٢ی رێبەندان و چلەی حوسێنی لەبەردەممان دایە. بۆنە مەزهەبییەکان، بۆنە سیاسییەکان، بۆنەکانی دیکە وەکوو ١٤ی رەشەمێ، چوارشەممە سووری و هەموو ئەو بۆنانە هەر کامیان دەتوانن ببنە دەرفەتێك بۆ پەرەسەندنی ئیعترازی ئاشتییانەی خەڵك.

بەڵام نیگەرانیی من ئەوەیە حکوومەت لەمە زیاتر توندوتیژی بەکار بێنێ. ئەم توندوتیژییە بۆ ئەوان هیچ سوودێکی نیە، بەڵکوو هەم بۆ ئەوان و هەم بۆ خەڵکیش زیانی هەیە. ئێمە دەمانەوێ ئەوان بە شێوەیەکی ئاشتییانە خواستەکانی خەڵك بە جێ بێنین تا خەڵك قۆناغ بە قۆناغ بەرەو پێش بچن. ئێمە خوازیاری ئەوە نین وڵات بشێوێ. چونکە هیچ کەس خوازیاری تێکچوونی شیرازەی وڵات نیە. ئێمە خوازیاری ئەوەین بە شێوەیەکی ئاشتییانەو هەنگاو بە هەنگاو خەڵك بە خواستە سەرەکییەکانیان کە حکوومەتێکی جیا لە مەزهەب و پشت بەستوو بە بەها یونیڤێر ساڵەکانە، بگەن.



---

دریێژەی

## سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژێك لەگەڵ "کوردکاناڵ"دا:

# نابێ بەرانبەر بە بارودۆخی ئێستای ئێران کەمتەرخەم بین

بدەن. ئەوە لەوەی گەشبینم بەرانبەر بە ئایندەی کوردلە گۆڕێدا هەیە ، لە کوردستانی ئێراق سەرەڕای کۆمەڵێک کێشەو هەراو هۆریا کەلە سەر هێندێک شت کێشەیان لە گەڵ دەوڵەتی بەغدا ماوەتەوە، من پێم وایە رەوتی رووداوەکان، پرۆسە سیاسییەکە بەرەو ئەوە دەچێ کە کورد بتوانی مەوقعیەتی خۆی باشتر بکا ، قەزیەی کوردی عێراق لە عێراق قانوونمەند بووە. فیدرالیزم ئیعترافی پێ کراوە، حکومەتی هەرێم هەیە، کورد لە دەسەڵات لە بەغداد بەشدارە ئیعترافێکی نیسبیی نێودەوڵەتی لە سەرە. لە سووریە تەبیعەتەن رەنگە بە قووەتی عێراق و تورکیە نەبێ. بەڵام دەوڵەتی سووریە ناتوانێ وەک رابردوو تەعامول لەگەڵ قەزییەی کورد بکا،لە کوردستانی ئێران بە خۆشییەوە شعووری سیاسیی کۆمەڵانی خەڵک، ئیحساسی نەتەوەیی کۆمەڵانی خەڵک، کۆمەڵگای کوردستانی ئێران سەرەڕای دەسەڵاتی سەرکوتکەری جمهووریی ئیسلامی و سیستمی نیزامی و سیاسەتی ئەمنیەتی رۆژ بە رۆژ لە گەشەدایە، رۆژ بەرۆژ فەعالیەت بە شیوەی جۆراوجۆر هەر چەند مەجالی پێ نادرێ، هەیە. هەمووی ئەوانە نیشانەی ئەوەن کە بەرانبەر بە داهاتووی کورد بە گشتی گەشبینم و هەر وەکی پێشتر ئاماژەم پێ کرد کۆمەڵگای ئێران کۆمەڵگەیەکە ئەویش شعووری سیاسی لە حاڵەتی پەرە ئەستاندندایە. خەڵکی ئێران ئەو حکوومەتەیان ناوێ، خەڵکی ئێران لە هەوڵی ئەوەدان کە حکوومەتێکی موناسبی سەردەمی ئەمرۆیان هەبێ و کوردی کوردستانی ئێرانیش لەو پێوەندیەدا دڵنیام لەوانە بێبەهرە نابن. بەڵام لە تەنیشت هەموو ئەوانە تا ئەو جێگەیەی پێوەندیی بە کوردستانی ئێران هەیە، یەک واقعیەت نابێ بشارینەوە، بڵێ! ئەویش ئەوەیە کە لە دونیای ئەمڕۆدا ئەحزابن کار دەکەن، ئەحزابن قانوون دادەنێن، ئەحزابن وەڵات ئیدارە دەکەن، ئەحزابن کۆمەڵگە دەگۆڕن، ئەحزابن فکر دێننە گۆڕێ. ئەگەر بڵێین ئەحزابن هەموو ئەوانە دەکەن وەزعی حیزبەکانی کوردستانی ئێران باش نییە. بەو دەلیلە دەڵێم باش نییە ئەو لەتبوون و ئینشعابات و ئینشقاقاتە بە داخەوە هەر لە گۆڕێ دا هەیە. هەر چەند ئێستا وەزعەکە باشترە، من لێرەوە لەو پێوەندیەش دا بەراستی گەشبینم، خۆش بینم کە عیلاقات و پێوەندییەکان وردە وردە بەرەو ئەو ئاقارە دەچێ کە ئێمە واریدی فازێک بین لە ئایندەدا پتر فکر لە خۆمان بکەینەوە بۆ ئەوەی کە دەنگمان لە کوردستانی ئێران رەنگمان بە قوەتتر بێت و لە سەحنەی سیاسیی ئێراندا لە رووداوەکان وەپاش نەکەوین و بە فاکتۆرێکی قورس و قایم لە هەموو مەیدانەکان بازی بکەین و خۆمان باش ئامادە بکەین و کورد لە ئیحتمالاتی داهاتووی ئێران دۆڕاو نەبین، براوە بین. یەکێک لە رێگاکانی ئەوەیە کە حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە سەر هێندێک بنەما بە یەکەوە تەوافقیان هەبێ. لە هەمان کاتیش دا جیی خۆیەتی ئەوە بڵێم گلەیی هەر لە حیزبەکان نییە، لە نیو خۆی وڵاتیشدا ئێمە کۆڕو کۆمەڵی زۆری مەدەنیمان هەبووە دەورانێک فەعالیەتیان کردوە، ئەگەر ئێستا فەعالیەت دەکەن ئەوانیش تێبکۆشن لە هەموو ئوستانەکانی کورد نشین میکانیزمێک شیوازێک ببیننەوە کە یەک دەنگ بن کوردی هەموو ئوستانەکانی کورد نشین لە سەر هێندێک شت کە دەگونجێ یەکدەنگ بن. ئەو یەکدەنگییە دەنگ و رەنگی ئێمە لە تاران بەقووەت دەکا. ئەگەر بمانهەوێ لە گەڵ جووڵانەوەی سەوز بچینە نێو تەعامول موعاملەوە، مەوقعیەتمان باشتر دەبی ئەگەر بمانهەوێ دەسەڵات بە جمهووریی ئیسلامی نیشان بدەین دەسەڵاتمان باشتر دەبێ، ئەگەر بمانهەوێ لە ئاستی نیودەوڵەتیدا بڵێین کە ئەگەر ئێوە خەون و بەرنامەیەکتان بۆ ئایندەی ئێران هەیە ناتوانن کوردی کوردستانی ئێران نادیدە بگرن .

بەڵی!

**مادێح ئەحمەدی:** زۆر سپاس کاک خالید

**خالید عەزیزی:** زۆر سپاس بۆ جەنابیشت کاک مادیح.

# کۆماری ئیسلامی بەرەو هەڵدێرگەی نەمان

ئاوات

پتر لە شەش مانگە ئێران لەژێر پێیدەسەڵاتدارە کۆنەپەرست و دیکتاتۆرەکانی دا کەوتۆتە لەرزە. ئەگەر لەسەرەتای وەڕێ کەوتنی شەپۆلی تازەی ناڕەزایەتییەکان دا داخوازو دروشمەکان لەچوارچێوەی وەرگرتنەوەی دەنگە دزراوەکانی خەڵکدا بەرتەسك ببوونەوە، لەئاکامی سەرڕەقی و کەللە شەقیی بێوێنەی دەمڕاستەکانی کۆماری ئیسلامیدا، ئەو داخوازانە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ڕادیکاڵ بوون ڕۆیشتوون ڕێژیم کە نەترەی لە بزووتنەوەی لێبڕاوانەی کۆمەڵانی خەڵك چووە نەك هەر ڕێگای بە هیچ حەرەکەتێکی ئیعترازی نەداوە و لەگەڵ داخوازی ناڕازیان بۆ خۆپیشاندان رووی خۆشی نیشان نەداوە، بەڵکوو بۆنە ڕەسمی و دەوڵەتییەکانیشی لێ بوونە تۆقی عەزازیلی و لە ئەستۆی کاربەدەستانی هاڵاون. تەنانەت لە بۆنە ئایینی و مەزهەبییەکانیشدا کە جاران عێلجاریان بۆ دەدان و هەوڵیان دەدا خەڵکی زیاتریان بۆ کۆبکەنەوە، ئیستا تێدەکۆشن بە هەڕەشە و گوڕەشەو زەبر و زەنگ پێشی بەشداریی خەڵك بگرن، چونکە ڕاست بە پێچەوانەی ویستی کاربەدەستان دەچنە پێش و بە دژی خۆیان دەشکێنەوە.

هەموو دنیا دیتی و بیستی کە لە ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز ڕۆژی خوێندکار دا بە کرێگیراوانی کۆنەپەرستی چۆنیان پێشی یادکردنەوەی ڕووداوی ١٦ی سەرماوەزی ١٣٣٢ گرت و چۆن هەوڵیان دا نەهێڵن خوێندکاران بیرەوەریی هاوڕێ شەهیدەکانیان بکەنە دەرفەتێك بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی نەك هەر لە حکومەتی کودیتا بەڵکوو لە تەواوەتی ئەو سیستمە کە ٣٠ ساڵە بە ناوی دین و بە ناوی خودا، سواری شان و ملی گەلانی ئێران بووە. کەچی بە پێچەوانەوە دیتمان کە خوێندکاران و بە گشتی ڕووناکبیرانی ئێران بێ چاوترسان لە ماشێنی سەرکوت هاتنە مەیدان و جارێکی دیکە ئیرادەی لە شکان نەهاتووی خۆیان بە دوژمنانی ئازادی نیشان دا.

مەرگی ئایەتوڵڵا مونتەزیری، ڕووحانی ئازادبیری شیعە و یەکێك لە گەورەترین مەرجەکانی شیعە ئەگەرچی بۆ خامنەیی و داروودەستەکەی وەك نیعمەتێك هاتە بەرچاو، لە تەواوەتی خۆیدا زەبرێکی تازە بوو کە وە پەیکەری ئەم ڕێژیمە کەوت. چونکە دەگەڵ ئەوەی بە ڕواڵەت خامنەیی بەو بۆنەیەوە سەرەخۆشی کرد، بەڵام نەی توانی ژاری قینی لە مێژینەی خۆی بە مونتەزیری نەڕێژێ و بێحورمەتی بەو کەسایەتییە نەکا کە بۆ چەند ساڵ بە "ئومێدی ئیمام" و جێ نشینی خومەینی دادەنرا و تەنیا بە تاوانی دیفاع لە ئازادی کەوتە بەر غەزەبی ئایەتوڵڵا خومەینی. دیتمان کە ئێران چۆن لە غەمی کۆچی دوایی مونتەزیری دا تازیەبار بوو، و چۆنیش ماشێنی سەرکوتی ڕێژیم بۆ پێشگیری لە یادکردنەوەی ئەو ڕووحانییە خۆشەویستەی جیهانی تەشەییوع کەوتە کار.

دوا زەبری گورجو بڕ کە وە سام و شکۆی ویلایەتی فەقیە و تەواوەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کەوت لە ڕۆژانی عەزای ئیمامی حوسێن و بە تایبەتی لە ڕۆژی عاشوورا دا بوو. ڕێوڕەسمێکی مەزهەبی کە ساڵانی ڕابردوو دنیایان بۆ دەنگ دەدا و حەزیان دەکرد بە ملیۆن خەڵکی بۆ کۆ بکەنەوە ، هەر لە سەرەتای دەست پێکرانی مانگی موحەڕڕەمەوە خەڵکیان لە بەشداریکردن ترساندو چی لە هەڕەشەو زەبروزەنگ و تۆقاندن لە دەستیان هات بەکاریان هێناتا ڕێگا نەدەن ناڕازییان لەو مەراسیمەدا بەشدار بن و قسەی خۆیان بکەن. کەچی بۆ نەگبەتیی جەنابی ڕێبەر ئەو خەڵکە بڕیاری خۆیان دابوو، بە ورەی پۆڵایینەوە هاتنە مەیدان و قسەی خۆیان ڕاشکاوانەتر لە هەموو بۆنەکانی دیکە کرد.



خامەنەیی و داروودەستەکەی کە بەڕاستی لە سەرکوت بەولا جوابێکیان بۆ داخوازی خەڵك نیەو ناشتوانن بیانبێ دواتوانای خۆیان بەکار بردو لە زەوی و ئاسمانەوە چنگ و ددانیان بە تازیەدارانی بێدیفاعی عاشووڕا نیشان داو لە ئاکامدا هەر لە تاران لانی کەم چوار کەس شەهیدبوون کە یەکێکیان خوشکەزای میرحوسێن مووسەوی ڕێبەری ڕاگەیەندراوی بزووتنەوەی سەوز بە ناوی سەید عەلی حەبیبی مووسەوی بوو. بە خۆشییەوە، ئەو زەبروزەنگە دوور لە چاوەڕوانییەی هەمووان دواسەرمایەی مەعنەویی خامەنەیی وەك ڕێبەرێکی ئایینی بە بادا دا. چونکە ڕەنگە یەکەم جار بێ لە ڕۆژی عاشووڕادا خوێنی عەزادارانی عاشووڕا، ئەویش بەدەستی نیزامێك کە خۆی بە لایەنگری عاشووڕاو عاشووڕاییەکان دەزانێ بڕژێنە سەر زەوی.

دروشمەکانی ناڕازییان کە هەتا هاتوە، توندترو ڕادیکاڵتر بوون لە ڕۆژی عاشووڕادا گەیشتنە لووتکە. ئەگەر جاران دەگوترا بمرێ دیکتاتۆر کە دەی توانی خامەنەیی بێ یان ئەحمەدی نیژاد، ئەمجارە ڕوونتر لەوە بوون کە بکرێ بە سەر ئەحمەدی نیژاددا ببڕین. ڕۆژی عاشووڕا خەڵك بە ناوی خۆی و بێ پەردە جەنابی وەلی وەفیقیهیان دایە بەر هێرش: "خامەنەیی قاتڵە، ویلایەتی باتڵە، بمرێ خامەنەیی" و زۆر دروشمی لەمانەش توندتر کە لە بەر هێندێ تێبینی، لێرەدا دووپاتەیان ناکەینەوە. لەوەش زیاتر ئەگەر لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا شانۆسازیی دراندنی عەکسی ئایەتوڵڵا خومەینییان کردە بەهانەیەکی سەرکوت، لە ڕۆژی عاشووڕادا عەزاداران نیشانیاندا کە بێ ڕێزی بە خومەینی ناکەن، بەڵام بێ پەردە دژی خامەنەیی و دەسەڵاتەکەی و حکومەتە کودیتاییەکەین. دیتمان کە ناوی خامەنەیی چۆن لە بەر پێی عەزادارانی ناڕازیدا کەوتبووە بەر سووکایەتی و بێ ڕێزی.

کورتەی قسە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتی خۆیدا بۆتە ئامانجی ناڕازییان. نیشانە لە سیمبۆلە هەرە پیرۆزکراوەکانی دەگیرێ و ئەو ڕۆژگارە ڕۆیی کە ئەو ڕێژیمە و دەمڕاستەکانی بتوانن بە بزواندنی هەستی ئایینی و مەزهەبیی خەڵك پیرۆزی بۆ خۆیان داتاشن. ئێستاکە هەر بە بۆنەی یادی شەهیدبوونی ئیمام حوسێنەوە هێندێ ڕۆژی دیکەی وەك چلەی شەهادەتمان لەپێشە دەبێ چاوەڕوان بین کە خەڵکی وەزاڵەهاتوو بە چ شێوەیەك پاکانە حیساب دەگەڵ دەسەڵاتدارە مڵهوڕەکان دەکەن و چۆن ئاواتە پیرۆزەکانی ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی وەدی دێنن و دەچەسپێنن. ئێمە لەم دەرفەتەدا بە گەرمی سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهیدانی ڕۆژی عاشووڕا لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێران دەکەین، چاکبوونەوەی هەرچی زووتر بۆ بریندارەکان بە ئاوات دەخوازین و جارێکی دیکە هاوپێوەندیی خۆمان دەگەڵ بزووتنەوەی پڕشانازیی کۆمەڵانی خەڵك دەردەبڕین. بە ئومێدی گەیشتن بەو ڕۆژە کە دیکتاتۆری لێی دەترسێ و خەڵکی ئێران دەقیقەو سانیەکانی بۆ دەژمێرن.

# بەیاننامەی سیاسی یا بەرهەمی هونەری؟!

## ( لە بارەی تازەترین بەیاننامەی میرحوسێن مووسەوی )

حوسێن ئەحمەدپوور

بە دوای کوشتاری خۆپیشاندەران لە ڕۆژی عاشووڕادا و هەروەها دەسبەسەر کردنی سەدان کەس لە خۆپیشاندەران و ژمارەیەکی بەرچاو لە چالاکانی مەدەنی و سیاسی و ڕۆژنامەوانان، میرحوسێن مووسەوی دیارترین سیمای ناڕازیان لە نێوخۆی وڵات کە لەلایەن زۆر کەسەوە بە کەسی یەکەمی بزووتنەوەی سەوز دەناسرێ، بەیاننامەی ژمارە ١٧ی خۆی لە ڕۆژی ١١ی بەفرانباردا بڵاو کردەوە. درەنگ هەڵوێست گرتنی مووسەوی لە بارودۆخی ئاڵۆزی ئێران لە دوای عاشووڕادا لەلایەن هەندێك لە چاوەدێرانەوە بە نیشانەی زیرەکی و تێگەیشتوویی سیاسیی ناوبراو لە قەڵەم درا. چونکە بە قسەی ئەو کەسانە دەسەڵات لەو ڕۆژانەدا لە بیانوویەك لەلایەن مووسەوی و ڕێبەرانی دیکەی ئەو بزووتنەوەیەوە دەگەڕا، تا بتوانێ سێناریۆکەی لە پێوەندی لەگەڵ سەرکوتی بزووتنەوەی سەوزدا بە ئاکام بگەیەنێ. بەڵام مووسەوی دوای هێور بوونەوەی تا ڕادەیەکی بارودۆخەکە هەڵوێستی گرت، کە هەڵوێستەکەی ناوبراو چ لەلایەن ناڕازیانەوە و چ لەلایەن لایەنگرانی حکوومەتەوە لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کراو بە تایبەتیش لە نێو هەندێك لە ناڕازیان دا، ناڕەزایەتی و نیگەرانیی درووست کردوە. بەشێك لە ناڕازیان پێیان وایە کە ئەو شێوازە هەڵوێست گرتنەی مووسەوی لە ئاست خەبات و قوربانیدانی خەڵك لە ماوەی ٦ مانگی ڕابردوودا نەبووە.

من خۆم ئەو بەیاننامەیەم زیاتر لە ١٠ جار خوێندەوە. وەك تابلۆیەکی نەققاشی هەر جارەی بە جۆرێك لێی تێدەگەیشتم. بە گشتی لە بەراورد لەگەڵ بەیاننامەکانی پێشووی ناوبراو، ئەو جیاوازییەی هەیە کە ڕێگەی بەوە داوە کە لێکدانەوە و تەفسیری جیاوازی بۆ بکرێ. ئەگەرچی لە سەر نێوەرۆکی بەشێکی بەرچاو لە داخوازییەکانی ڕابردوو پێداگری کردۆتەوە. وەکوو دابین کردنی ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی، ئازادیی بەڕێوەچوونی کۆڕ و کۆبوونەوە و ڕێپێوانی ناڕەزایەتی، گەڵاڵە کردن و پەسند کردنی یاسای تایبەت بە هەڵبژاردنی ئازاد بێ دەستێوەردانی دەوڵەت و ئۆرگانگەلێکی لە چەشنی شوورای نیگابان و ...

ئەو بەیاننامەیە هەر وەك باس کرا بە پێچەوانەی بەیاننامەکانی پێشووی مووسەوی بە جۆرێك نووسراوە کە هەر لە خامنەیی ڕێبەری ڕێژیمەوە بگرە تا دەگاتە کەسێکی ئۆپۆزیسیۆنی تا سەر ئێسقان دژی نیزام، ئەگەر بەرژەوەندییان وا بخوازێ بتوانن بە شتێکی باشی بزانن و یان بە پێچەوانەوە بتوانن بە تەواوی ڕەدی بکەنەوە و دژی ڕابوەستن. ئەم تایبەتمەندییە کاتێك دەتوانێ وەك لایەنی بە هێزی بەیاننامەکە سەیر بکرێ کە چ لە نێو کەس و لایەنە سەرەکییەکانی نێو دەسەڵات و چ لە نێو کەس و لایەنە سەرەکییەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆن ئیرادەیەك بۆ چارەسەری کێشەکان و دەربازبوون لە قەیران بەدی بکرێ. جیا لەوە دەتوانێ بە زەرەری بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی خەڵك تەواو ببێ و لاوازی بکا.

ئەو بەیاننامەیە تەنیا لایەنێك کە دەتوانێ دژی ڕاوەستێ، موجاهیدینی خەلقی ئێرانە کە مووسوی زۆر بە توندی دژی ئەوان هەڵوێستی گرتوە و لایەنی بەرامبەری تاوانبار دەکا کە هەوڵ دەدەن لە بەرژەوەندی جیناحیی خۆیان دا "گروپێکی مردوو و جینایەتکار" زیندوو بکەنەوە. لە نێو ڕیزی ناڕازیان دا ئەگەر کەسێك هەموو بەیاننامەکەو هەر پێنج بەندی ڕێگەچارە پێشنیارییەکەشی قەبووڵ بێ، ئەوا پاراگرافی کۆتایی ئاوێکی سارد دەکا بە سەر دەستی دا، کاتێك کە دەڵێ: " هەموو ئەو پێشنیارانە دەکرێ بە بێ ڕێککەوتن، وتووێژ و سات و سەودای سیاسیی جێبەجێ بکرێن ..." مووسەوی لێرەدا لەلایەك دەستی لایەنی پاوانخوازی ئاوەڵا کردوە کە تەنیا بە بەڵێنیەکی چووکە و درۆیین، لە بەرژەوەندی خۆیدا کات بکوژێ و بێ ئەوەیکە دوای ماوەیەکی دیاریکراو هیچ هەنگاوێکی لە پێناوی باشتر کردنی دۆخەکە هەڵگرتبێتەوە. لەلایەکی دیکەوە مووسەوی لێرەدا خۆی و ڕێبەرانی دیکەی بزووتنەوەی سەوزی لە ڕەوتی چارەسەر کردنی کێشەکاندا پەراوێز خستوە. هەروەها بۆ حکوومەت و لایەنگرانی حکوومەتیش پێشنیارەکانی مووسەوی ناتوانێ شتێکی جێگەی پەسند بێ. ئەگەرچی پێشنیارەکان و داخوازییەکان بە ڕواڵەت لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی دان، بەڵام قەبووڵ کردنی ئەو پێشنیارانە لەلایەن دەسەڵاتەوە زۆر ئەستەم دێتە بەرچاو. لایەنی دەسەڵاتدار لە بارودۆخێکدایە کە توانای پاشەکشێ کردنی نیە. قەبووڵ کردنی بەیاننامەکەی مووسەوی و پێشنیارەکانی لەلایەن دەسەڵاتەوە ئەو واتایە دەگەیەنێ کە دەبێ دان بەو تاوانبار بوونی خۆیدا بنێ و بەرپرسایەتیی هەموو ئەو کوشتار و جینایەتانە، پێشێل کردنی یاسا، بێ حورمەتی کردن بە عاشوورا و ... وەئەستۆ بگرێ. بە واتایەکی دیکە دەبێ تەنانەت بە خەڵکەکەی لایەنگری خۆی بڵێ کە لە هەمووی ئەو ماوەیەدا لایەنی ناڕازیان و ئۆپۆزیسیۆن بەرحەق بوون. ئەوەش شتێکە کە قەبووڵ کردنی لەلایەن حکوومەتەوە لە خەون زیاتر دوورە لە ڕاستییەوە.

ئەوەی لەم کاتەدا لەلایەن ناڕازیانەوە لە مووسەوی چاوەڕوان دەکرا، کە ناوبراو بە جۆرێك هەڵوێست بگرێ کە هەم لە ئاست خەبات و قوربانیدانی خەڵك لەو ماوەیەدا بێ و هەمیش ئەوەندە ڕوون و شەففاف بێ کە نابێ هیچ لێکدانەوە و تەفسیری جیاوازی بۆ بکرێ. بەیاننامەی سیاسی بەرهەمێکی هونەری نیە کە هەرکەس بە مەیلی خۆی تەفسیری بکا. کێشەی سەرەکیی ئەو بەیاننامە هەر ئەوەیە کە هەر کەس و لایەنێك لێکدانەوەیەکی تایبەتی بۆی هەیە. لە نێو باڵی ئوسوولگەراکاندا هەندێك پێیان باشە، چونکە نیشانە پاشەکشەی مووسەوی تێدا دەبینن. هەندێکە دیکەش ڕەدی دەکەنەوە و بە پیلانی ئیستکباری دەبینن. لە نێو ناڕازیانیش دا هەندێك کەس قەبووڵیانە و بەشێکی دیکەش لێی بێ هیوا بوون.

یەکێکی دیکە لە کێشەکانی ئەو بەیاننامەیە ئەوەیە کە موخاتەبی چارەسەری کێشەکانی بە ڕوونی دیاری نەکردوە. ڕوون نیە کە مەبەستی لە دەوڵەت لێرەدا کێیە. ئایا مەبەستی لە دەوڵەت، کابینەکەی ئەحمەدی نژادە، کە مووسەوی تا ئێستا بە دەوڵەتێکی نامەشرووعی دەزانێ. ئەگەر مەبەستەکەی ئەو بەشە لە دەسەڵات بووبێ، ئەوە بە موخاتەب گرتنی ئەو دەوڵەتە، دەوڵەتەکەی ئەحمەدی نژادی لەو بەیاننامەیەدا بە جۆرێك لە جۆرەکان بە ڕەسمی ناسیوە. هەروەها لە وەها حاڵەتێکدا بەندی یەکەمی پێشنیارەکەی مووسەوی هیچ واتایەکی نامێنێ. چونکە ئەم دەوڵەتەی ئێستا کێشەی گەورەی ئەوتۆی لەگەڵ مەجلیس و دەسەڵاتی دادوەری نیە، تا لەلایەن ئەوانەوە ڕەخنەی بێتەوە سەر کە وەڵامدەر نیە و بەم شێوەیە مووسەوی و ناڕازیان دڵ بەوە خۆش بکەن کە دەوڵەت لەلایەن مەجلیسەوەبخرێتە ژێر پرسیارەوە و ئیستیزاح بکرێ. بەڵام ئەگەر مەبەستی لە کۆی دەسەڵات بووبێ، ئەوە موخاتەبی سەرەکی و تەنیا موخاتەب خامنەیی و بەیتی ڕێبەرییە و مووسەوی دەیسەلمێنێ کە ئەو و بزووتنەوەی سەوز، خامنەیی( بە پێی دەسەڵاتەکەی) بە سەرچاوەی کێشەکان دەزانن و ڕووبەڕووی ئەو بوونەتەوە. لەو حاڵەتەشدا واتە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ خامنەیی نەك دۆخەکە هێور ناکاتەوە، بەڵکوو بەرەو ئاقارێکی دیکەی دەبا، کە لە داهاتوودا پێویست دەکا مووسەوی و ڕێبەرانی دیکەی بزووتنەوەی سەوز بەرگی موحافیزەکاری فڕێ بدەن و بە ڕوونی لەگەڵ خەڵك بدوێن. جیا لەوە مووسەوی و کەسانی وەك ئەو یان دەبێ بە تەواوی پاشەکشێ بکەن و یان دەبێ درەنگ یان زوو چاوەڕوانی بڕیاری توندی خامنەیی لە سەر خۆیان بکەن.

مەسەلەیەکی دیکە کە لە شێوەی نووسینی ئەم بەیاننامەیەدا وەبەر چاو دەکەوێ ئەوەیە کە جۆرێك ترس بە سەر مووسەوی دا زاڵە. ئەگەرچی ناوبراو لە زۆربەی بڕگەکاندا بوێرانە ڕەخنە لە دەسەڵات دەگرێ و بەرپرسایەتیی هەمووی بارودۆخەکە دەخاتە سەرشانی دەسەڵات. بۆ نموونە بەرپرسایەتیی کوشتاری خەڵك و بەرپرسایەتیی شکاندنی حورمەتی عاشوورا و ... دەخاتە سەرشانی دەسەڵات. بەڵام سەرەڕای ئەوەش مووسەوی لە ڕادیکاڵیزەبوونی بزووتنەوەی سەوز و بەردەوامیی ڕەوتی سەرکوتی خەڵك دەترسێ و وادەنوێنێ کە ئامادەیە پاشەکشێ بکا. مووسەوی لەو شوێنەدا کە دەڵێ: " ئەگەر کە درووشمەکان و هەڵسوکەوتەکان لە هەندێك شوێن دا زیادەڕۆییان تێدا دەبینرێ، کە بە لای ئێمەوە قەبووڵ ناکرێ..." یان تەنانەت لەو شوێنەدا کە بارودۆخی ئێستای ئێران بە ڕووبارێکی خرۆشان دەشوبهێنێ، ترسی خۆی لە ڕادیکاڵیزە بوونی بزووتنەوە نیشان دەدا. لە پاراگرافی کۆتاییشدا کە خۆی و ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوز پەراوێز دەخا، ترسی مووسەوی لە بەردەوام بوونی دۆخەکە و ڕادیکاڵیزە بوونی بزووتنەوە بە تەواوی دەردەکەوێ.

سەرەڕای هەمووی ئەوانە، مووسەوی بە دەرکردنی ئەو بەیاننامەیە بە جۆرێك تۆپەکەی خستۆتە مەیدانی باڵی دەسەڵاتدارەوە و کارێکی کردوە کە خەڵك لەمەو بە دوا دەبێ چاوەڕوانی دەسپێشخەریی دەسەڵات بۆ چارەسەری کێشەکان بکەن. مووسەوی هەروەها لەو بەیاننامەیەدا کارێکی کردوە کە بۆ ماوەیەکی هەرچەند کورتیش بێ پێش بە پیلانی باڵی دەسەڵاتدار بگرێ کە دەیەوێ لە ڕێگەی دەسبەسەر کردنی ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوزەوە زەبرێکی قورس لە بزووتنەوەکە بدا. لەو ڕوانگەیەوە دەکرێ بڵێین لەو باردۆخەدا ئەو دووبەرەکییەی کە بە دوای بڵاوبوونەوەی بەیاننامەکەدا کەوتۆتە نێو باڵی ئووسولگەراکانەوە سەرکەوتنێکە بۆ مووسەوی. بەڵام بە گشتی ئەو بەیاننامەیە دەرفەتی بە هەموو لایەنەکان داوە کە چاوەڕوانی داهاتوو بکەن. بزانن کە ئایا دەسەڵات کۆتایی بە سەرکوتی خەڵك دێنێ یان نا. هەروەها بزانن کە ئایا لە بۆنەکانی داهاتوودا وەکوو ٢٢ی ڕێبەندان و ... خەڵك هەر وەك چەند مانگی ڕابردوو دەڕژێنە سەر شەقامەکان یان نا؟

# بزووتنەوەی سەوز، بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی خەڵکی ئێران

فەیسەل ئێراندووست

بەشی دووهەم و کۆتایی

لە ژێر فشاری ئینگلیسییەکاندا کە هەستیان دەکرد شا زۆرتر مەیلی بە لای رووسەکانەوەیە ، لە ١٣ی گەلاوێژی سالی ١٢٨٥ ی هەتاوی " مظفرالدین شاە"، بە ناچار فەرمانی مەشروتییەتی ئیمزا کرد. فەرمانی مەشرووتییەت ، هەوەڵین بەڵگەی رەسمی و یاسایی لە مێژووی نوێ بە ئەژمار دێ کە مافی بەشداریی خەڵک لە بەرێوەبردنی ولات ، بە هاوولاتانی ئێرانی دەدا. ئەو فەرمانە ، هەر چەند لە سەد ساڵی رابردوودا تەنیا لە سەر کاغەز ماوەتەوە، بەلام هەوەڵین ئاکامی خەباتی دێمۆکراسیخوازیی مۆدێرنی بەشیک لە روونـاکبیران و تیکۆشەرانی ولاتە. بەڵگەی فەرمانی مەشرووتیەت باس لە پێک هێنانی مەجلیسی هەڵبژێراوانی میللەت و بازرگانان و شازادەکان دەکا کە کار بۆ باشتر بەڕێوە بردنی وڵات بکەن. بەلام هەر وەک ئیشارەی پێ کرا شاو دەستەڵاتداران بە ناچاری بۆ ئەم خواستەی خەلک سەریان دانواند و پاش ماوەیەک هەم ئەو، هە م جێنشینەکانی ، لە دابینکردنی هەل و مەرج بۆ کەلکوەرگرتن لەم یاسایە ، خۆیان پاراست . خۆپاراستنی شا و دەستەڵاتدارانی ئێران لە بەشداریی خەلک لە دابینکردنی چارەنووسی خۆیان لە وڵات دا، بوو بە نەریتێکی پیرۆز بۆ نیزامی شاهەنشاهی و سەر ئەنجام رووخانی ئەم سیستەمە گەندەڵەی بە دواوە بوو.

لە جیهانی تازەدا گەلانی ئیران ، باشتر لە رابردوو لە گەل مافە کۆمەلایەتی و تاکەکەسییەکان ئاشنا بوون و پێویستیی ئەم مافانەیان لە ژیان دا بۆ پێشکەوتنی وڵات و باشترکردنی ژیانی خۆیان، بە تەواوی هەست پێ دەکرد. تێکۆشانی ئەوان بۆ وەدەست هێنانی دێمۆکراسی و ئازادی لە ژێر سایەی نیزامی پاشایەتی دا، بێجگە لە ئازارو ئەشکەنجەو بە کوشت چوونی رۆڵەکانیان ، ئاکامێکی بۆ ئەوان بە دواوە نەبوو . خەلکی ئێران پاش نزیک بە حەفتا ساڵ دوای دەرچوونی فەرمانی مەشرووتییەت، لە راپەڕینێکی پر شکۆ و بە پێشکێش کردنی گیانی نزیک بە شەست هەزار لە رۆڵەکانیان ، ئاخرین شای سیستەمی دەستەڵاتداریان ،کە زۆر درەنگ دەنگی شۆرشی ئەوانی بیستبوو، لە تەختی پاشایەتی هینایە خوارو، بە تەما بوون خەونی سەدان ساڵەی تێکۆشانیان، واتە بە دەستەوە گرتنی چارەنووسی خۆیان وەدی بێنن. بەلام زۆر زوو ئاخوندە بە دەستەلات گەیشتووەکان ،پێشانیان دا کە ئەوانیش لە گەل دەستەلاتدارەکانی پێش خۆیان، جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە و بگرە لە هیندێک بواردا ، خۆێنرێژتر و بێرەحمترن.

ئاخوندە فریوکارەکان، بە هۆی هەستی ئایینیی خەڵک لە لایەکەوەو، نەبوونی رێکخراوو حیزبی کارامەو جێگای باوەڕ، کە زۆرتر ئاکامی دیکتاتۆریی نیزامی پاشایەتی بوو لە لایەکی دیکەوە، رێبەرایەتیی راپەڕینیان بەدەستەوە گرت و، دروشم و ویستەکانی خەڵکیان وەلانا و هێندێک ویست و داخوازی ئایینی و کۆنەپەرستانەی سەدە نیونجییان لە باتی هێنایە کایەوە. ئەم تۆێژە لە کۆمەڵی ئیران واتە ئاخوندەکان، بە هۆی تۆڕی پان و بەرینی مزگەوت و تەکیە و حوسەینییە زۆر زوو توانیان بە قەولی خۆیان پاپەتییەکان، وە شوێن خۆیان بخەن و بۆ مەبەستی پاراستنی دەستەڵات، بە باشترین شێوە و دوور لە هەر چەشنە ئەخلاق و پرینسیبێکی ئینسانی ، کە ساڵها وایان پیشان دەدا هەیانە، ئەوانیان فریو دا و بە کاریان هێنان .

رادەی مل نەدانی خەلک بۆ یاسا و مەبەستی ئاخوندەکان، پێوەندیی راستەوخۆی لە گەل رادەی وشیاریی سیاسی و کۆمەلایەتیی خەلکەوە هەبوو . بە هۆی وشیاریی خەڵک و لە مەیداندا بوونی رێکخراوە سیاسییەکان لە کوردستان، بە تایبەت لەو ناوچانەی کە جیاوازیی ئایینییان لە گەل رێژیم هەبوو، ئەمرۆشی لە گەڵدا بێ ، رێبەرانی کۆماری ئیسلامی، نەیانتوانیوە لە روی سیاسی، کۆمەڵایەتی و یاسایی یەوە، جێ پێیەک بۆ خۆیان وەدەست بێنن. ئاخوندەکان ، سیاسەت و رێگا نەما کە تاقی نەکەنەوە، بەڵام بێجگە لە رێسوایی، هیچ دەسکەوتێکیان وەدەست نە هێنا. ئەمرۆ تەنیا داگیرکارییەکی هەمە لایەنەی نیزامییە کە بە یارمەتیی گرتن و کوشتن ، سێبەری ئاخوندەکان لە کوردستان پیشان دەدا. لە بەشەکانی دیکەی وڵات و بەتایبەت لە نێو توێژی ژنان و چینی کرێکار و زەحمەتکێش دا، مەیلی بەربەرەکانی و راوەستان بەرامبەر بە ئامانجەکانی رێژیم هەبوو، ئەم مەیلە هەر چەند لە گەل سەرکوتی دڕندانەی ئاخوندەکان بەرەوروو بوەتەوە، بەڵام ساڵ لە دوای ساڵ پەرەی گرتوە و، خۆی بە شێوەی جۆراوجۆر و لە قالبی جیاوازدا بەڵام بە ئامانجی وەک یەک رێک خستوە. ئامانجی هەموو رووبەرووبوونەوەکان لە گەڵ دەستەلاتی ئاخوندەکان ، گەیشتن بە ئێرانێکی ئازاد و دوور لە هەر چەشنە چەوسانەوەیەکی فەردی و کۆمەڵایەتییە.

لە سی سالی رابردوو دا، توێژ و چینە جۆراجۆرەکانی ئێران بۆ پێشاندانی نارەزایەتیی خۆیان کەمتر فورسەتیان لە دەست داوەو ، سەرەرای دژ کردەوەی توندی رێژیم، لە هەر شوێنێک و لە هەر کات و ساتێکدا کە بۆیان گونجابێ ، پەیامی



روونی خۆیان واتە ویستی رووخانی رێژیم و گەیشتن بە ئازادییان بە گوێی رێبەرانی حاکم گەیاندوە. پاش قۆناغێکی زۆر خەبات و تێکۆشانی لێرەو لەوێی خەڵک و، زەبر وسەرکوتی رێژیمی ئاخوندی، وردە وردە سەفەکان لێک جودابوونەوەو رێبەرانی رێژیم و سەرانی دەزگا سەرکوتکەرەکانی حکوومەت کە ئێستا بوونەتە خاوەنی سەروەت و سامانی وڵات و بە پێی پیلانێکی چەندین ساڵە،هەموو بنکە و بنیاتەکانی دەستەلاتیان خستوەتە ژێر رکێفی خۆیان، لە ناکاو دەستەلاتەکەیان لەگەڵ کۆمەڵانی نارازیی خەڵکی ئێران و بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی ئەوان بەرەوروو دەبینن. پاش دەورەیەکی سەخت و دژواری خۆێناوی لە پێوەندییەکانی حکوومەت و خەڵک دا و ناکامیی هێزە سیاسییەکانی وڵات لە بەڵێنی خۆیان واتە رووخانی رێژیم، ئەم جارە رووناکبیرانی نێوخۆ کە جیلی نوێ، بەشێکی پێک دێنان، روویان لە شێوەیەکی دیکەی خەبات کردو، لە فورسەتی هەلبژاردنی سەرەک کۆماری دا کە زۆرتر لە لایەن رێژیمەوە بۆ فریودانی خەڵکی نێوخۆو دەرەوە، بەرێوە دەچوو ، کەلکیان وەر گرت و زەبرێکی کاریگەریان لە رێژیم دا . هەلوێستی کۆمەلانی پێگەیشتووی وڵات بەربەرەکانێیەکی سەرکەوتوو بەرامبەر رێژیم بوو. ئەوان خاتمییان لە بەرامبەر کاندیدی رێبەری رێژیم و هەموو دەست و پێوەندەکانی حاکم هە ڵ بژارد. خیانەتی خاتەمی و هەشت سال بی عە مەلیی ئەم کابرایە، شتێک لە کاری گەورەی خەلک کەم ناکاتەوە. ئەوان لە دەورانی بی کردەوەیی هێزە سیاسییەکان، بۆ خەبات دژی رێژیمی ولایەتی فەقیە، رێگای تریان لە بەردەم دا بوو. بزووتنەوەی دێمۆکراسیخوازیی ئەوان لەوشێوە خەباتەدا تەجروبەی یەکجار بە نرخی وەدەست هێنابوو. هەر وەک ئیشارەی پێ کرا خاتەمی لە ماوەی هەشت ساڵ دەورانی دەستەلاتداریی خۆیدا، نەیتوانی هیچ کام لە بەڵێنەکانی بەجێ بێنێ وبەم هۆیەوە خەڵک لە هەڵبژاردەکانی دواییدا بەو شێوەیە کە دەبوایە، بەشدار نەبوون و احمدی نژاد، مۆرەی رێبەری رێژیم، بە هیندێک دەستتێوەردان و تەقەللوب بوو بە سەرەک کۆمار. ئەحمەدی نژاد لە ماوەی چوار سالی سەرەک کۆماریی خۆی دا نە تەنیا لە نێوخۆی ولات نەیتوانی کارێک بۆ رازی کردنی خەڵک بکا ، بەڵکو بە هەلوێستی توندی دژی کۆمەڵی نێونەتەوەیی، قەیرانەکانی ولاتی زیاتر کرد و بە دانی بەڵێنی بێ کردەوەو، وتەی بێ نرخ ، تەنانت لایەنگرانی خۆیشی لە دەست دا. ئەم سەرەک کۆمارە، قەیرانی ناوکیی رێژیمی کە لە گەڵ رۆژئاوا لە ئارادابوو، قووڵتر کرد . رێبەرانی ئاخوندەکان ، پێیان وایە بە وەدەست هێنانی بۆمبی ئەتۆمی ، ئەمپراتۆریی شێعە کە دەیانەوێ لە کشمیرەوە هەتا باشووری لوبنان پێکی بێنن، لە هێرشی دەرەکی دەپارێزن و مانەوەکەی گارانتی دەکەن.

لە سەرەتای دەست پێکردنی پروپاگەندە بۆ هەڵبژاردنەکانی دەورەی نۆهەمی سەرەک کۆماری،سەرکردەکانی رێژیم بۆ بازارگەرمی و کێشانی کۆمەلْنی خەلک بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان ، هیندێک بەرنامەی نوێیان هێنایە ئاراوە. کاندیداتوریی مووسەوی و کەروبییان پەسند کرد. ئیزن درا بە کاندیداکان کە لەسەر تەلەویزیۆن بەرامبەر یەکتر قسە بکەن وبەرنامەی خۆیان بە گوێی خەلک بگەیەنن. بۆ هەوەلین جار کەسانیک توانیان، لە چەند بەرنامەی تەلەویزیۆنی دا، راستەوخۆ، رخنەی توند لە سەرەک کۆمار بگرن. زۆر لەو رەخنانە قسەی پەنگخواردووی دەروونی خەلک بوون کە لە چوار سالی رابردوودا نەیانوێرابوو بەرامبەر بە کەسێک کە لەپانتایی جیهاندا مایەی سەرشۆریی ئەان بوو، بگرن. دەنگدانەوەی مۆنازیرەکان لە نێوخۆ و دەرەوە، بووە هۆی باس و خواسێکی یەکجار زۆر و لە ئاکامدا ، بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران بڕیاریان دا کە بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە وڵاتدا ، کە زۆر هیوایان پێ پەید اکردبوو ، لە هەڵبژاردندا بەشداری بکەن.هێنانە گۆڕی مەسەلەی " اقوام" کە تا ئەو کاتە لە لایەن رێژیمەوە بە توندی سانسوری خرابووەسەر، لە لایەن کەروبی و دوایی لە لایەن مووسەوییەوە ، بووە هۆی ئەوە کە لە کوردستان و ئازەربایجان و ناوچەکانی دیکە کە میللییەتی جیا لە فارسی تێدا دەژی و، لەم سی ساڵەدا بە توندی لە ژێر زولم و زۆری دا بوون ، ئەم جارە بە سەرنجێکی تایبەتی تر بۆ لای هەڵبژاردنی سەرەک کۆماریی ئێران بنوارن. ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی رابردوو، بۆ مۆر کردنی پێناسەکەیان یان لە ترسی مۆرەکانی رێژیم چووبوونە سەر سندوقی دەنگدان، ئەم جارە بە هیوایەک دەچوون، هیوای ئاڵوگۆڕ وهەڵبژاردنی کەسێک کە قسەی لە کێشەی ئەوان، واتە کێشەی نەتەوایەتی لە ئێراندا کردبوو. لە گەل هەموو تاقیکارییەکانی رابردووی مووسەوی و کەرووبی ، کۆمەلانی خەڵک و نەتەوە بەشخوراوەکانی ئێران، لەم هەڵبژاردنە، وەک هەولێکی شارستانی و پێشکەوتووانە، بە تەمابوون ئەم رێگایە، سەرەڕای

ل ٩

# چەپبوون بە واتایەکی دیکە

باران رۆژهەلات

گوتاری چەپ بە هەموو رێبازە جۆراوجۆرەکانییەوە بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر جووڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد هەبووە، کە دەکرێ لەهەموو بوارێك و لە هەموو ئاستێك دا شوێن پێی چەپگەرایی زاڵ بەسەر جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد بدۆزینەوە. پێش هەموو شت دەبێ ئەو راستییە بگوترێ کە گوتاری چەپ خاوەن بەرنامەیەکی ئینسانی بۆ کەم- کردنەوەی مەودای نێوان چینەکانی کۆمەڵگەو سڕینەوەی ستەمی چینایەتی بەشێوەیەکی رێژەیی لە کۆمەڵگە دایەو زۆربەی پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش لە بەرنامەکانیاندا بە دوو شێوەی رادیکاڵ و میانەرۆیانە، شوناسی چەپیان بەخۆیان بەخشیوەو، وەکوو هێزێکی چەپ خۆیان پێناسە دەکەن. تا ئێرە کێشەیەکی ئەوتۆ بەدیی ناکرێ. بەڵام کاتێك دێینە سەر ئەو باسە کە لە قۆناغی خەباتی رزگاریخوازییدا،"چەپ" وەکوو ئیدئۆلۆژییەکی موبارزاتی چی بەرهەم هێناوە، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو چەپ بوونەی کە تەنیا لە چوارچێوەی بەرنامەو ئیستراتیژیی ئابووریی دوارۆژی ئازادی خۆی لە بەرنامەی ئەو هێزو لایەنە سیاسی‌یانەدا دەرخستوە، لە کردەوەدا و لە قۆناغی خەبات دا بۆتە مۆتەکەیەك کە تەواوی چوارچێوە فکری و تەشکیلاتییەکانی ئەو پارتە سیاسییانەی تەنیوە و بۆتە هۆکاری قەیران و سەرهەڵدانی چەندین گرفتی نەخوازراو لەنێو خەباتگێڕانی کوردەوە.

لە راستیدا لە جیاتی ئەوە کە چەپگەرایی وەکوو پلان و بەرنامەی ئابووریی دوارۆژ سەیر بکرێ، بۆتە مژارێکی زەینی کە لەسەر جۆری روانین و شێوەی حیزبایەتی و هەڵسەنگاندنی رووداو و دیاردەکان لەلایەن خەباتگێرانی کوردەوە، کارتێکەری نێگەتیڤی حاشاهەڵنەگری جێ هێشتوە.

چەپ لە هێندێك حاڵەتدا وای لە کەسایەتیی سیاسیی کورد کردوە کە چەمکی سیاسەت و کارکردەکانی تەنها لە دەلاقەی"تطابق" لەگەڵ باوەڕە ئیدئۆلۆژییەکانی ببینێ. هۆیەکەشی ئەوەیە کە کاتێك "چەپ بوون" لە خانەی بەرنامەیەکی ئابووریی پارتێکی سیاسی کە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات هەوڵ دەدا هاتە دەرو بوو بە باوەڕێکی ئیدئۆلۆژیك، ئیتر مەجالێك بۆ دیتنی واقعیات نامێنێ، جا وەها کەسایەتییەك بۆ ئەوە کە بە هەر شێوەیەك بێ، قەناعەت لای خۆی دروست بکا، پەنا بۆ ئامرازی جۆراوجۆر دەبا.

دەمارگرژی و دۆگم بوون دوو تایبەتمەندیین کە بەردەوام وەك مەترسییەك بەسەر سەری کەسایەتیی چەپی کورددا سوڕاونەتەوە و تووشی هەڵوێست گرتنی ناسیاسییانە و نالۆژیکییان کردوە. لەمێژووی هاوچەرخ دا چەپ بوون نەزمی ئاسنینی بەسەر بەشێك لە پارتە سیاسیەکانی کوردستان دا سەپاند و کولتووری دزێوی تەسفیەو پاکسازیی لەنێویاندا برەو پێدا (هاوشێوەی پارتە کۆمۆنیستەکانی زۆربەی وڵاتی جیهان). لەژێر سێبەری ئەو کەسایەتییە وەك تاك و ئەو کولتووره وەك حیزب کە لەو پارتە داخراو و ئیدئۆلۆژیکییانە بۆ تاکی کورد و پارتە سیاسی‌یەکان بە میرات مایەوە، جووڵانەوەی رزگاریخواز و نەتەوەیی کورد لە قۆناغی جۆراوجۆردا خەساری قەرەبوو نەکراوەی لێ کەوتوە.

شوێنەواری رەوانیی چەپ بوون (لە بواری زەینی‌دا) ئیستاش لە شکڵی جۆراوجۆر وەك تەفسیری هەر رووداوێك بە پێی"توهم توطئە"، خەوشدار کردنی کەسایەتیی کەسانی جیابیر و بیڕێزی بە بۆ چوون و روانگەی جیاواز خۆی دەردەخاو پەردە لەسەر ئەو لایەنە شاراوەیەی کەسایەتیی چەپی کورد هەڵدەداتەوە. هەڵبەت لێرەدا دیسان پێویستە تەرکیز لەسەر ئەو



مژارە بکەینەوە کە مەبەست لە" چەپ بوون" لەو باسەدا باوەڕمەندی بە هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی ئابووریی دادپەروەرانە لە رێگای دەسەڵاتەوە نیە، بەڵکو مەبەست ئەو زیندانەیە کە کەسایەتیی سیاسیی کورد لە باوەڕە ئیدئۆلۆژیکی- یەکانی دروستی دەکا و ئەو مێتۆدانەیە کە لە کایەی سیاسەتدا کەڵکیان لێوەردەگرێ و ئەو شێوە روانینەیە کە بە هۆیەوە روداوە سیاسی‌یەکان و تاکتیکەکانی دیاری دەکا.

"چەپ بوون" کاتێك کە لە بازنەی ئامانجی راستەقینەی خۆی واتا خولقاندنی دۆخێکی ئابووریی لەبارتر بۆ چینە هەژارەکانی کۆمەڵگە باز دەدا و دەبێتە فەلسەفەیەك کە کەسایەتیی سیاسیی کورد چارەسەری هەموو گرفتێکی سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتی لە دەلاقەی ئەودا دەبینێ، هەموو واتاکانی دەگۆڕدرێ و لە تاکی کورد کەسایەتییەك دروست دەکا کە لەهەموو ئامرازێك بۆ سەلماندنی حەقانییەتی باوەڕە دوگمەکانی کەڵك وەرگرێ.

# ستراتیژیی نوێی ئامریکا لە ئەفغانستان و چەند قسەیەك

مەسعوود ڕەواندوست

دوای ماوەیەکی زۆر لێکدانەوە و تاوتوێ کردنی بەرپرسانی سیاسی و نیزامیی دەوڵەتی ئۆباما و چاوەڕوانیی وڵاتانی جیهان، ڕۆژی سێ شەممە یەکی دێسامبر، باراك ئۆباما سەرۆك کۆماری ئامریکا لە ئاکادێمیی نیزامیی وێست پۆینت ستراتیژیی نوێی دەوڵەتەکەی سەبارەت بە ئەفغانستان خستەڕوو و شیی کردەوە. ئەم ستراتیژییەو ئاکامەکانی بۆ دەوڵەتی ئۆباما گرینگی‌یەکی تایبەتی هەیە و بە جۆرێك چارەنووس و داهاتووی سیاسیی ئۆباما بەم ستراتیژی و ئاکامانەیەوە گرێ دراوە.

گرینگی و هەستیاریی ئەم ستراتیژییە و سیاسەتی دەوڵەتی نوێی ئامریکا لە پێوەندی لەگەڵ ئەفغانستان‌دا لەوەدایە کە دوای ٨ ساڵ لە داگیرکردنی ئەفغانستان، ئامریکا و هاوپەیمانەکانی تا ئێستا نەیانتوانیوە مەبەستەکانی خۆیان لە دەست پێکردنی شەڕ کە هەمان لەنێو بردنی تیرۆریزمی تالیبان و هێزەکانی ئەلقاعیدە و لە سەرووی هەموانەوە بێن لادەن بێ، بپێکن و لە ئەفغانستان‌دا حکوومەتێکی سەقامگیر و ڕێك و پێك دابمەزرێنن کە چەتری دەسەڵاتی بە سەر هەموو بەشەکانی ئەفغانستان‌دا بڵاو بکاتەوە. ئێستا دوای ٨ ساڵ دەبینین کە میلیشیاکانی ئەلقاعیدە و تالیبان لە گۆشەو کەناری ئەفغانستان و بە تایبەت پارێزگای هێلمەند کە بۆتە ناوەندی سەرەکیی چەکدارانی تالیبان، لە بەرامبەر دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی‌دا ڕادەوەستنەوە و دەبنە کۆسپی سەر ڕێی سەقامگیریی وڵات و نێوە نێوە لە هێندێك بەشی ئەفغانستان دەسەڵاتی ئیسلامیی خۆیان دادەمەزرێنن. دوای هەشت ساڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی جگە لە ژمارەیەکی زۆر کوژراو و بریندار و تێچوویەکی زۆری ماڵی و دەوڵەتێکی گەندەڵ و لاواز لە ئەفغانستان دەسکەوتێکی ئەوتۆیان نەبووە. بە وەبەرچاوگرتنی ئەم هەلومەرجە بەردەوام بێ. ناوبراو بە ئاماژە بە لایەنە ناوچەیی و جیهانییەکانی بارودۆخی ئەفغانستان ڕایگەیاند کە ئەمنیەتی ئامریکا و خەڵکی ئامریکا لە بەردەم مەترسی دایە و گوتی "ئەگەر من ئەمنییەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و خەڵکەکەیم لە مەترسی‌دا نەدیبا زۆرم پێ خۆش بوو هەر سبەینێ فەرمانی گەڕانەوەی هەموو سەربازەکانی ئامریکا دەربکەم"!. ئۆباما هەروەها پێی لەسەر پێویستیی هاوکاریی نزیکی پاکستان داگرت و ڕایگەیاند کە ئیمکاناتی پێویست بۆ شەڕ لەگەڵ تالیبان بۆ پاکستان دابین دەکەین.

ئۆباما هەروەها ڕایگەیاند کە



ناڵەبارە بۆ هاوپەیمانان و بە تایبەت ئامریکا هەستیاریی ئەم ستراتیژییە نوێیەمان زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە.

زیاترکردنی هێزەکان، خێرایی لە گواستنەوەی بەرپرسایەتی‌یە ئەمنییەتییەکان بۆ هێزە خۆجێییەکان، دیاریکردنی کاتی وەدەرکەوتنی هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئەفغانستان و یارمەتیدان بە بنیاتنانەوەی ژێرخانە ئابووری و مەدەنییەکانی ئەفغانستان خاڵە بەرچاوەکانی ستراتیژیی نوێی ئەمریکا پێك دێنن.

بە پێی ئەم ستراتیژییە نوێیە ئامریکا ٣٠ هەزار هێزی تازە نەفەس دەنێرێتە ئەفغانستان و بەمجۆرە ژمارەی هێزەکانی ئامریکا لە ئەفغانستان دەگاتە ١٠٠ هەزار کەس کە بە پێی لێکدانەوەی کارناسانی نیزامیی ئەمریکا ئەم ژمارە هێزە بۆ بەرەنگار بوونەوە و شکستی هێزەکانی تالیبان کاریگەر دەبن.

سەبارەت بە ڕێکەوتی چوونەدەری هێزەکانی ئامریکا لە ئەفغانستان، ئۆباما وێڕای بەستنەوەی ئەم مەسەلەیە بە مەرجی سەقامگیری و بوونی ئەمنییەت لەو وڵاتەدا، هاوینی ساڵی ٢٠١١ی وەك سەرەتای دەست پێکردنی ئەم پرۆسەیە دەستنیشان کرد و ڕایگەیاند کە بە پێی هەلومەرج ٤ تا ٥ ساڵ دەخایێنێ.

ئۆباما لە وتەکانی‌دا پێی لەسەر پێویستیی هەرچی زیاتری کۆتایی هاتنی سەرکەوتووانەی شەڕی ئەفغانستان داگرتەوە و گوتی ئەم هەلومەرجەی ئێستای ئەفغانستان نابێ ئەرکێکی سەرەکی و گرنگی هێزەکانی ئامریکا فێرکردن و ڕاهێنانی سپای میللیی ئەفغانستانە بۆ ئەوەی خودی ئەفغانییەکان بتوانن ئەمنییەتی خۆیان دابین بکەن. ناوبراو لە وتەکانی‌دا داوای لە حامید کەرزای کرد کە لە پێناو ئاوەدانکردنەوەی وڵات و بەربەرەکانی لەگەڵ گەندەڵی هەوڵی زیاتر بدا و گوتی ئیتر سەردەمی دانی چەکی سپی لە لایەن ئامریکاوە بە بەرپرسانی ئەفغانستان و پشتیوانیی بێ قەید و مەرج کۆتایی پێ‌هاتوە.

ئۆباما هەروەها داوای لە هاوپەیمانەکان و بە تایبەت ناتۆ کرد کە لە بەڕێوەبردنی ئەم ستراتیژییەدا هاوکاریی ئامریکا بکەن و دەوری پێویست بگێڕن و بە ڕوونی داوای کرد ئاڵمان ٢٠٠٠ و فەرانسە ١٥٠٠ سەربازی دیکە بۆ ئەفغانستان بنێرن.

دیارە ستراتیژیی نوێی ئامریکا لە لایەن زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە پێشوازیی لێ‌کراوە و چەندین وڵات ئامادەیی خۆیان بۆ ناردنی سەرباز بۆ ئەفغانستان لە چوارچێوەی ئەم ستراتیژییە نوێیەدا ڕاگەیاندوە. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ ستراتیژیی نوێی دەوڵەتی ئۆباما سەبارەت بە ئەفغانستان ٢ خاڵی گرنگ بەرچاو دەکەون کە جێی لێوردبوونەوە و بیرکردنەوەی زیاترن.

یەکیان ئەوەکە داخوا ئەم ستراتیژییە نوێیەی ئۆباما چەندە لەگەڵ دروشم و ژێستەکانی لە کاتی هەڵبژاردنەکان و هەروەها دیاریکرانی وەك براوەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل دەگونجێ و، ئەوەی دیکەش ئەوەکە ئەگەر و مەرجەکانی شکست یان سەرکەوتنی ئەم ستراتیژییە نوێیە چین؟

لە پێوەندی لەگەڵ یەکەمیان‌دا ڕوون و ئاشکرایە کە ناردنی سی هەزار سەربازی نوێ بۆ ئەفغانستان و بەرەکانی شەڕ، لەگەڵ دروشمی گەڕاندنەوەی سەربازە ئامریکاییەکان بۆ ماڵەکانیان بە تەواوی لە دژایەتی دایە و ڕاستی و دروستیی دروشمەکانی ئۆباما و ڕەخنەکانی لە جۆرج بووش و سیاسەتەکانی لە کاتی هەڵبژاردنەکان دەباتە ژێر پرسیار. لەوەش گرنگتر دیاریکرانی ئۆباما وەك براوەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل چاوەڕوانییەکان لە ناوبراو بۆ هەنگاونان بەرەو ئاشتی و کەم کردنەوەی شەڕ لە جیهان زیاتر دەکا و هەزینەی ئەم ستراتیژییە نوێیە بۆ داهاتووی سیاسیی ئۆباما دەباتە سەر.

بەڵام سەربارەت بە پرسیاری دووەم و ئەگەر و مەرجەکانی شکست یان سەرکەوتنی ئەم ستراتیژییە، هەر ئەوجۆرەی کارناسێکی سیاسیی کاروباری ئەفغانستان دەڵێ، سپای یەکیەتیی سۆڤییەت لە ئەفغانستان‌دا دوو هەڵەی کرد، یەکەمیان هاتنی بۆ نێو ئەفغانستان و دووەمیان ناردنی هێزی کەم بۆ ئەفغانستان بوو و هەر ئەم دوو هەڵەیەش بوونە هۆی شکستی یەکیەتیی شۆڤییەت لە ئەفغانستان‌دا. وادیارە کارناسانی ئەمریکاییش پێیان وایە ئەم دۆخە لە پێوەندی لەگەڵ هەلومەرجی ئێستای ئامریکا و ناتۆش‌دا ڕاستە. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ ناردنی هێزی زیاتر بۆ ئەفغانستان کاتێك دەتوانێ وڵامدەر بێ و سەرکەوتنی لێ بکەوێتەوە کە لە لایەك ئامریکا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی گوشار بخەنە سەر پاکستان بۆ ئەوەی هاوکاریی ڕاستەقینەی کۆمەڵگای جیهانی بدا لە شەر دژی تیرۆریزم و، لە لایەکی دیکەوە ئامریکا بتوانێ بەڵێنەکانی لە بردنەسەری ئاستی توانای نیزامیی ئەفغانستان و ڕاهێنانی سپای ئەو وڵاتە و بنیاتنانەوەی ژێرخانە ئابووری و مەدەنییەکانی ئەم وڵاتەدا بەجێ‌بگەیەنێ.

هەر لەو پێوەندییەدا هاوکاریی دراوسێیەکانی دیکەی ئەفغانستانیش کاریگەر و پێویستە. دیارە ئێران وەك دراوسێیەکی گەورەی ئەفغانستان وەك هەموو شوێنەکانی دیکەی جیهان لەوێش دەوری نەرێنی و خراپی هەبووە ئەوەکە ئۆباماش لە قسەکانی‌دا لە وێست پۆینت هیچ ئاماژەیەکی بە ئێران نەکرد هەر لەم سۆنگەیەوە بوو و هۆشدارییەکانی وەزیری بەرگریی ئامریکا بە ئێران و ئاماژە بەوەکە ئێران پشتیوانی لە میلیشیا و چەکدارەکانی دژبەری دەوڵەتی ئەفغانستان دەکا نیشانەی‌تری ئەم ڕاستییەیە. وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاستیش کە ئەگەرچی لە ماوەی ٨ ساڵی ڕابردوودا خۆیان لە کێشەکانی ئەفغانستان بەدوور گرتوە بەڵام پشتیوانیان لەم ستراتیژییە نوێیە کردوە کە خۆی لە خۆی‌دا خاڵێکی یارمەتیدەرە.

بەمجۆرە دەبینین کە ئەگەر هەمووی ئەم ئەگەرانە بێنەدی لەوانەیە ئەم ستراتیژییە بۆ ئامریکا و بە تایبەت بۆ ئۆباما سەرکەوتن بە دیاری بێنێ ئەگینا بە وەربەرچاوگرتنی ئەم خاڵانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا شکستی ئەم ستراتیژییە داهاتووی سیاسیی ئۆباما لەگەڵ مەترسیی جیددی بەرەڕوو دەکاتەوە.

> زیاترکردنی هێزەکان، خێرایی لە گواستنەوەی بەرپرسایەتی‌یە ئەمنییەتییەکان بۆ هێزە خۆجێییەکان، دیاریکردنی کاتی وەدەرکەوتنی هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئەفغانستان و یارمەتیدان بە بنیاتنانەوەی ژێرخانە ئابووری و مەدەنییەکانی ئەفغانستان خاڵە بەرچاوەکانی ستراتیژیی نوێی ئەمریکا پێك دێنن

دریژەی

## بزووتنەوەی سەوز، بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی خەڵکی ئێران

تەجروبەی تاڵ لە گەڵ خاتەمی، جارێکی دیکە تاقی بکەنەوە. بێگومان بیروڕای تێکۆشەرانی خەباتی مەدەنی لە نێوخۆ و هەڵوێستی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و ژمارەیەک کەسایەتیی سیاسی ، شۆێنەواری لە سەر بریاری خەڵکی کوردستان دانابوو.

ئاکامی هەڵبژاردن ،بە دڵی ڕێبەری موعەززەم نەبوو، ئەوانەی بە هیوای ئالوگۆر هاتبوون ، بڕیاری وەلیی فەقیهیان پەسند نەکرد و ڕژانە سەر شەقامەکان . ڕێژیم وەک تەنیا ڕێگا کە پێی دەزانی، دەستی دایە گرتن و کوشتن و لە ئاکامدا قەیرانی نێوان ڕێژیم و دەستەلات قووڵتر بووەوە. لە بەرامبەر سەرکوتی ریژیم ، ئەمجارە بزووتنەوەی دێمۆکراسیخوازیی ئێران ،بە بەرگێکی نوێ و بە تاکتیکێکی تازە هاتە مەیدان و لە ٦-٧مانگی رابردوودا بە وتەی زۆربەی کارناسە نیو نەتەوەییەکان، تاکتیک و تکنیکی خەبات و بەربەرێکانێی لە گەڵ رێژیم ، کارساز بووەو،ئەم بزووتنەوەیە توانیویەتی خۆی ڕاگرێ و بە هەڵسەنگاندن لە گەڵ سەرەتای دەست پێکردنی هەم دروشمەکانی رادیکاڵتر و هەم ڕێبەرانی بە تەجرووبەتر و سەرسەختتر هاتوونەتە مەیدان. بەشدارانی خۆپێشاندانەکان، لە پاڵ دەیان دروشمی سیاسی، دروشمی دێمۆکراسی بۆ ئێران کە یەکێک لە دروشمە ئەساسییە کانی بزووتنەوەی میللی_دێمۆکراتیی کوردستانە، هەم لە تاران هەم دەرەوەی ئێران هەڵگرتوە. لە ١٦ی سەماوەزیشدا زۆربەی زۆری خۆێندکارانی زانکۆکانی ئێران پیشانیان دا کە بەشیکی گرینگ لە ڕێبەری و بەدەنەی بزووتنەوەی سەوز پێک دێنن و لە پێشڕەوانی ئەم بزووتنەوەن.

خەبات و تێکۆشانی سەد ساڵەی ڕووناکبیرانی نەتەوە جۆراجۆرەکانی ئێران، ئێستە بەرامبەر بە ویلایەتی فەقیە، خوردادی بە جێ هێشوەو، بەرگی سەوزی لەبەر کردوەو لە ناوەندی دەستەلاتی ئاخوندەکان ، هێزی خۆی پیشان دەدا. خۆێندکارانی کوردیش لە تاران لە شۆێنی خۆێندن کۆ دەبنەوەو، ئیعدامی تێکۆشەری نەتەوەکەیان لە لایەن ئاخوندەکانەوە مەحکووم دەکەن و سورودی ئەی شەهید دەخۆێنن و ئەی ڕەقیب دەڵێنەوە.

خەلکی خەباتکاری ئێران، لە ڕۆژی بە ناو قودس ، وێنەی ڕێبەر لە ژێر پێ دەخەن و قودسیەتی نیزامی ویلایەتی فەقیهی لە بەین دەبەن . هاوئاهەنگی وبە هێزکردنی بزووتنەوەی سەوز ، لاواز کردنی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیە و دارودەستەی جینایەتکاری سپای پاسداران و دەزگا ئەمنییەتییەکانی حکوومەت کۆماری ئیسلامییە. بۆیە خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکان، دەبێ بە چاوێکی دیکە لە خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی ئەم جارە بنوارن. بزووتنەوەی کوردستان، بە بەشداریکردن لەم ڕاپەرینە، باشتر دەتوانێ ویست و داخۆازە ڕەواکانی خەڵکی کورد، لە ئاستی سەرانسەری بینێتە گۆرێ وهاوپەیمان بۆ خۆی وەدەس بێنێ. بە داخەوە بەو جۆرەی کە پێویست بووە، هێزە سیاسییە کانی کوردستان لە یارمەتی و هاوئاهەنگی لە گەل یەکێک لە جیددیترین و شۆێندانەرترین قۆناغەکانی بزووتنەوەی سەرانسەریی خەڵکی ئێران خۆیان پاراستوە و ، تەنیا لە دوورەوە

تەماشاگەر بوون. هیندێک لە هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە دوودڵی چاو لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوز دەکەن و زۆرترهەڵوێست و کردەوەکانی رابردووی ئەوان وەبیر دێننەوە. بێگومان رابردووی کەسایەتییەکان، گرینگیی خۆی هەیە. بەلام ئەوانەی لە رابردوودا دەیانەویست سیاسەت پێشانی ئێمە بدەن، دەیانگوت لە سیاسەت دا دوژمنی هەتاسەر و دۆستی هەتا سەر نییەی ، بەڵکوو ئەوەی هەیە، بەرژەوەندی هەتاسەرە. بۆ نموونە هەوەڵین سەرەک کۆماری ئێران، لە یەک دوو سالی شەڕی ڕێژیم دژ بە کوردستان ، وەک فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، بەرپرسی هەموو ئەو ناڵەبارییانە بوو کە لە کوردستان روویان دا ، بەلام پاش هەڵاتن، بوو بە سەرەک کۆماری هەڵبژێراوی شوورای بەرگریی میللی کە حیزب ، یەکێک لە دوو هێزی ئەسلیی پێکهێنەری ئەم تەشکیلاتە بوو. لە کاتی هێرشی ئامریکابۆ سەر ئێراق ، بەرپرسی دەزگای هەواڵگری ئەو ولاتە کە پێشتر هەڵاتبوو ، لە سەفی کوردەکاندا دژ بە ئەرتەشی ئێراق ، تێ دەکۆشا. ئەم کەسە تا ئەو کاتەی کە لەلایەن دادگای ئێراقەوە، بە بەشداری لە پرۆسەی ئەنفال تاوانبارکرا، مشاوری سەرەک کۆماری ولات بوو . هەر ئەم دادگایەش، ماوەیەک لەمەوبەر داوای دەسگیرکردنی سەرۆکی دادگای ڕێبەرانی رێژیمی بەعسی کرد . ناوبراو ،بەمە تاوانبار کراوە کە لە جینایەتەکانی رێژیمی پێشوودا بەشداربووە. کە وابوو ڕێگا بۆ لێکۆڵینەوە ، لە کردەوەی هەموو کەس تەنیا لە سیستمێکی خەڵکی و دێمۆکرات، ئاوەڵایە.

بەگشتی و بە کورتی ، بزووتنەوەی سەوز، بزووتنەوەی دیمۆکراسیخوازیی خەڵکی ئێرانە وبەشداریی زۆری ژنان، خۆێندکارانی زانکۆ و قوتابخانەکان، کرێکاران و زەحمەتکێشان، روناکبیران، بەشیک لە پیاوانی ئایینی، هونەرمەندان و بەشداریی بەرینی خەڵک لە دەرەوەی وڵت ، کەسایەتییەکی تازەی بە بزووتنەوەی ئەم جارەی دژی ڕێژیم بەخشیوە و، لە هەلومەرجێ ئێستادا ، ئەرکی سەرشانی هەموو هێزە سیاسییە کانی کوردستان و سەرانسەرییە کە یارمەتی بدەن و بە پێی دەرفەت ڕێنوێنی بکەن و لەو کاتانەی کە بە پێویست دەزانن ڕێبەرایەتییەکەی بە ئەستۆوە بگرن.

# ئاوڕدانەوەیەکی کورت بۆ کاری ڕاگەیاندن لە ئێرانی ئێستادا

مادێح ئەحمەدی

پاش ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماریی ئێران و یا بە واتایەکی دیکە دوای دانانەوەی "مەحموود ئەحمەدی نژاد" لە پۆستی سەرکۆماریدا، یەکێك لەو توێژانەی کە لە ئێران کەوتە بەر پەلامارێکی دڕندانەوە و تا ئێستا لەو پێناوەشدا نرخی زۆریان داوە، توێژی قەڵەم بەدەستان وبەڕێوەبەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بوون.

بە گوێرەی ئەو بارودۆخەی ئێستا لە ئێراندا زاڵە و قۆڵی پاوانخواز لە هیچ چەشنە کردەوەیەك بەرانبەر بە خەڵکی ناڕازی خۆی نابوێری، پیشەی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی لەو وڵاتە ڕەشترین و تاڵترین ڕۆژەکانی خۆی تێپەڕ دەکا و ئێران بۆتە گەورەترین زیندان بۆ ڕۆژنامەنووسان لە جیهاندا. بە دیوێکی دیکەشدا دەکرێ بڵێین ئەو وڵاتە بۆتە گۆڕستانێك بۆ بڵاوکراوەکان.

پاش ٢٢ی جۆزەدان ڕێژەی دەستگیر کردن، بەجێهێشتنی وڵات، هەڕەشە دژی ڕۆژنامەنووسان و بەڕێوەبەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و داخستنی بڵاوکراوەکان بە جۆرێك پەرەی گرتووە کە تەنانەت لەگەڵ ساڵەکانی سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی کە خومەینی دەیگوت:" هەر هەنگاوو قەڵەمێك دژی ئەم نیزامە بێ دەشکێندرێ" بەراوەرد ناکرێ. ئەم بارودۆخە تاڵە گەیشتۆتە ئاستێك کە لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا بێ وێنە بووە.

پاش ئەوەی "محەمەد عەلی ڕامین"، جێگری چاپەمەنیی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی کۆماری ئیسلامی دوای پێکهاتنی کابینەی دەیەم لەم وەزارەتە دەستی بەکار کرد، کار و کردەوەکانی ناوبراو لە چوارچێوەی ئەو یاساییەی کە بۆ خۆیان دایانناوە لایداوەو ناوبراو تەنانەت بە بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەکان ڕادەگەیەنێ کە چ مانشێتێك دابنێن و لە هیچ چەشنە دەستتێوەردانێك خۆی نابوێرێ. ناوبراو تەنانەت لە چاپخانەکانیش نوێنەری تایبەتی خۆی داناوەو بە هەموو شێوەیەك چاودێری و کۆنترۆڵی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان لەکاتی چاپیشدا دەکا.

لە ژێر کاریگەریی ئەم بارودۆخە و کردەوەکانی جەنابی جێگری چاپەمەنی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشاد دا، ئێستا ڕۆژنامەنوسان و بەڕێوەبەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ کۆمەڵێك ئاستەنگ بەرەوڕوون و لە چەند لاوە مافیان پێشێل دەبێ. بۆ نموونە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە ژمارەیەك لەو پێشێلکاری و گرفتانە بکەین:

١ـ لە یەکەم قۆناغدا، مافی ئازادیی بڵاوکردنەوە کە لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا ئاماژەی پێکراوە پێشێل دەکرێ.

٢ـ ئیزنی وەرگرتنی مۆڵەتنامە بۆ دەرکردنی بڵاوکراوەیەك بۆ سەرجەم ئەو کەس و لایەنانەی کە لەگەڵ قۆڵی بناژۆخوازی کۆماری ئیسلامی نین ڕاگیراوە. بە پێی ئەو ئامارانەی کە بڵاو بوونەتەوە ئێستا زیاتر لە چوار هەزار داواکاری بۆ وەرگرتن مۆڵەتی دەرکردنی بڵاوکراوە لە وەزارەتی ئیرشاد دایە، بەڵام جێگری چاپەمەنی ئەم وەزارەتە هیچ کام لەم داواکارییانەی وەڵام نەداوەتەوەو ڕایگرتوون.

٣ـ ڕۆژنامەنووسان و بەڕێوەبەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن هیچ ئاسایشێکی پیشەییان نییە. بە جۆرێك کە چالاکانی ئەم بوارە دەستگیر دەکرێن یا بانگ دەکرێن بە شێوەی نایاسایی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ. ئەم دۆخە گەیشتۆتە ئاستێك کە دەستگیر کردنی ڕۆژنامەنووسان لەسەر شەقام لە شەودا پەرەی سەندوە.

٤ـ لە ژێر ڕووناکیی ئەم بارودۆخەدا ئێستا لە ئێران هەواڵەکانی نێوخۆیی بەجێ ئەوەی لە بڵاوکراوەکانی نێوخۆ بڵاو ببنەوە، لە میدیا دەرەکییەکاندا بڵاو دەبنەوە. ئەمەش بەرهەمی ئەو هەڕەشەو گوشارانەیە کە کاربەدەستانی ئەو وڵاتە خستوویانە سەر چاپەمەنییەکان و دەزگاکانی دیکەی ڕاگەیاندن.

٥ـ پەرگرتنی خۆسانسۆری گرفتێکی دیکەی ڕۆژنامەنووسان و بەڕێوەبەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنە. ئەرکی هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن لە هەر کۆمەڵگایەکدا گواستنەوەی ڕووداوەکان و واقیعیەتەکانە بۆ نێو کۆمەڵگە. کە چی لە ئێراندا لە ژێر بیانوو و تۆمەتی جۆراوجۆردا، ڕۆژنامەنووسان ناتوانن ڕووداوەکان وەك ئەوەی هەیە بیگوازنەوە بۆ نێو کۆمەڵگەو تەنانەت لە چەندین بواردا ناتوانن هیچ شتێك بڵاو بکەونەوەو سانسۆرێکی ڕەها زاڵە.

**کاتێ کە "محەمەد عەلی ڕامین" وەك جێگری چاپەمەنیی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی کۆماری ئیسلامی دەست بەکار بوو ڕایگەیاند کە ئەو هاتوە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکان بمێننەوە! بە پێی ئەم سیاسەتە وادیارە لە ئاکامدا ڕۆژنامەکان کۆی دەکەنەوەو دەڕۆن و ئەو دەمێنێتەوە**

٦ـ بە هۆی ئەم سیاسەتانەی قۆڵی پاوانخوازی سیستمی کۆماری ئیسلامییەوە، لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا زیاتر لە دوو هەزار ڕۆژنامەنووس و بەڕێوەبەری دەزگای ڕاگەیاندن لە ئێران بێکار بوون. ئەمەش لەوەو، سەرچاوە دەگرێ کە دەوڵەت نەتەنیا هیچ یارمەتییەکی ئابووریی ئەو ڕاگەیاندنانە ناکات کە بە جۆرێك ڕەخنەگری کردەوەکانی قۆڵی پاوانخوازن، بەڵکو گوشارێکی لە ڕادەبەدەری خستۆتە سەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن. بۆیە ناوەندەکانی ڕاگەیاندنیش ناچارن کە ڕێژەی بەڕێوەبەران و کارمەندانی خۆیان کەم بکەنەوە.

٧ـ ئەم سیاسەتە وای کردوە کە ئێستا دەیان کەس لە ڕۆژنامەنووسان و قەڵەمبەدەستان لە ئێران لە زینداندان و بە پێی نامەیەکیش کە ڕۆژی ١٠ی دێسامبر ژمارەیەك لە ڕۆژنامەنووسانی ئێران بۆ "بان کی مۆن"، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان نووسیویانە، لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا زیاتر لە ٤٠٠ ڕۆژنامەنووس ناچار بە کۆچی زۆرە ملێ بوون. یا شوێنی ژیانی خۆیان لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە گۆڕیوەو یا ناچار بوون کە ئێران بە جێ بهێڵن و ڕوو لە وڵاتێکی دیکە بکەن. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم ڕۆژنامەنووسانە سەرەتاییترین ئیمکاناتی ژیانی خۆیان لە دەست بدەن و بکەونە مەترسییەوە.

ئەم سیاسەتەی قۆڵی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی جگە لەو بڵاوکراوانەی کە سەر بە خۆیانن، لە ئاستی جۆراوجۆردا سەرجەم ئەو بڵاوکراوانەی کە سەر بە ڕیفۆرمخوازانن و تەنانەت ئەو بڵاوکراوانەش کە سەر بە بناژۆخوازانن و ڕەخنەگری دەوڵەتن، گرتۆتەوە.

کاتێ کە "محەمەد عەلی ڕامین" وەك جێگری چاپەمەنیی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی کۆماری ئیسلامی دەست بەکار بوو ڕایگەیاند کە ئەو هاتوە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکان بمێننەوە! بە پێی ئەم سیاسەتە وادیارە لە ئاکامدا ڕۆژنامەکان کۆی دەکەنەوەو دەڕۆن و ئەو دەمێنێتەوە.

ئەم بارودۆخە لە کاتێکدایە کە "مەحموود ئەحمەدی نژاد"، پێشتر لەم پەیوەندییەدا وێڕای ڕەخنە گرتن لە چۆنیەتی مامەڵە کردنی سەرکۆمارەکانی پێش خۆی لەگەڵ ڕاگەیاندنەکان وتی کە بە ئەزموون وەرگرتن لە ڕابردوو و ئەوەی کە گوایە ئەو باوەڕی بە ڕەخنەگرتنی ڕەها هەیە!! دەوڵەتەکەی هیچ دژکردەوەیەکی نیشان نەداوەو ڕەخنەکانی قبووڵ کردوە. هاوکات چەندین جاریش جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە لە ئێراندا ئازادییەکی ڕەها هەیە.

جێ خۆیەتی لێرەدا ئاماژەیەکیش بە هەڵوێستی "عەلی خامنەیی"، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لەم پەیوەندییەدا بکەین. خامنەیی لە ڕۆژی ٢٥ی نوامبردا لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ کۆمەڵێك لە بەسیجییەکان، وێڕای ڕەخنە گرتن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن وتی: فەزای ڕاگەیاندن لە ئێراندا فەزای تۆمەت و دەنگۆ نانەوەیە دژی بەرپرسانی وڵات. ڕاگەیاندنەکان بەردەوام بەدوای ئەوەوەن کە دووبەرەکی ساز بکەن و پەرە بە ڕەشبینی بدەن و دەنگۆ بڵاو بکەنەوە". ناوبراو هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە گومان دروست کردن لەسەر هەڵبژاردنەکان و ڕەخنەگرتن لە کارو کردەوەکانی وەزارەتی ناوخۆو شووڕای نیگابان زەرەری هەیە و لە پێناو ویستی دوژمندایە. ڕێبەری کۆماری ئیسلامی هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دوژمن جەنگێکی نەرمی لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکانەوە دژی کۆماری ئیسلامی دەست پێ کردووەو بە بەسیجییەکانی ڕاگەیاند کە ئەرکی سەرەکیی ئێمە لەوە بەدوا دەبێ خەبات کردن دژی ئەو جەنگە نەرمەی دوژمن بێ.

خامنەیی لێرەدا جۆرێك دارودەستەکەی خۆی بۆ پەلاماردانی زیاتری ڕاگەیاندنەکان هاندەداو هاوکاتیش(وەك هەمیشە) دەیهەوێ بڵێ کە هەر ڕۆژنامە و بڵاوکراوەیەك بچووکترین ڕەخنە لە دەوڵەت و بەرپرسان بگرێ ئەوا دەستی دوژمنی لە پشتە. واتە لەژێر چەتری ئەم تۆمەتەدا دەیهەوێ ڕەوایی بە پەلاماردانی ڕۆژنامەنووسان و بەڕێوەبەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە لایەن دارودەستەکەیەوە بدا.

لەماوەی شەش مانگی ڕابردوودا چالاکی دژی ئاسایشی نەتەوەیی، بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بابەتی ناڕاست و درۆ بەمەستی دەنگۆ ساز کردن و وروژاندنی ڕای گشتی، سیخۆری کردن بۆ ئەمریکا، ئیسراییل، بریتانیاو...، پەیوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن، وتووێژ لەگەڵ میدیا دەرەکییەکان، سووکایەتی کردن بە ڕێبەری نیزام + سەرکۆمار و... لەو تۆمەت و بیانووانە بوون کە بەرپرسانی دەزگا ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی دژی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بەڕێوەبەرانیان بەکاریان هێناوە.

لە ڕاستیدا لە ژێر چەتری ئەم بیانوانەدا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بەمەبەستی پێش گرتن لە بڵاو بوونەوەی زیاتری هەواڵ و بابەتی پەیوەندیدار بەو قەیرانانەی کە ئەو وڵاتە تووشی بووە، دەیان ڕۆژنامەنووس دەستگیر کراون، چەندین بڵاوکراوە داخراون، سەدان سایت و وێبلاگ فیلتەر کراون، دەیان ڕۆژنامەنووس ناچار بوون هەڵبێن و وڵات بە جێ بهێڵن، بە شێوازی جۆراوجۆر هەڕەشە لە ڕۆژنامەنووسان کراوە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن پەلامار دراون.

بەهەرحاڵ ڕۆژنامەنووسان لە دۆخێکی زۆر تاڵدا لە ئێران ساڵی ٢٠٠٩یان تێپەڕ کرد، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەگەر ڕاگەیاندنەکان ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێران بڵاو نەکەنەوە، ڕۆژنامەنووسان بێدەنگ بن و... ئایا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لەو قەیرانانەی کە بۆ خۆیان خوڵقاندوویانە دەرباز دەبن و کێشەکان چارەسەر دەبن؟

## ڕۆژنە

# هەوری ڕەش و فرمێسکی تیمساح

عەلی بداغی

مەحموودی ئەحمەدی‌نژاد لە پەراوێزی کۆبوونەوەی سەرۆکی وڵاتان لە دانمارك بۆ باس و بڕیار لە سەر ژینگە، ڕایگەیاند کە ئێران بە تەمایە داوای قەرەبوو کردنەوەی زیانەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی لە سێ وڵاتی براوەی شەڕ، ئامریکا، بریتانیاو ڕوسیە بکا. سەرۆك کۆماری ئێران دەڵێ ئەوە مافی خەڵکی ئێرانەو دەبێ پێیان ببڕێ، چونکە خەڵکی ئێران ٦٥ ساڵ لەوە پێش وڵاتەکەیان وەك پردی سەرکەوتن بەکار هێنرا، بەڵام سەرەڕای ئەوەی خەسارو زیانێکی زۆریان وێ‌کەوت، کەچی دواتر هیچیان پێ نەبڕاو چییان پێ‌نەدرا.

ئێستا سەرەڕای ئەوەی کە قسەکانی ئەحمەدی‌نژاد چەندە لە نێو کۆڕو کۆمەڵە سیاسی‌یەکان و ناوەندە حوقووقییەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دا بڕ دەکاو ئەو بابەتە لە ڕووی حوقووقییەوە چەندەی بایەخ هەیە، کۆمەڵە پرسیارێکیش دێتە بەرچاو کە پێویستە ڕێبەرانی ڕێژیم خۆیان وەڵامیان بدەنەوە.

ئەوە کە ئاخۆ ماف و حەقو حوقووقی خەڵك ئەوەندە لای ئەوان بایەخی هەیە کە شەڕی بۆ بکەن و خۆیانی پێوە ماندوو بکەن؟ ئەدی بۆ لە ٢٣ی جۆزەردان دا زیاتر لە ٢٠ میلیون دەنگی خەڵکیان دزی، ئەدی ئەوە ماف و حەقی خەڵك نەبوو؟ بۆچی خۆپیشاندانی هێمنانە و مەدەنیی خەڵکیان کە بۆ نارەزایەتی دەربڕین لە دزرانی دەنگەکانیان هاتبوونە سەر شەقام، لە خوێن گەوزاند، پشتگیری و وەرگرتنەوەی دەنگی خەڵك مافی ئەوان بوو کە پێیان نەدرا، یان سەرکوت و کوشتن و گرتن و دەستدرێژی سیکسی کردنە سەریان؟

پرسیار ئەوەیە کە ئاخۆ پشتگیری لە گرووپە تێرۆریستەکانی حیزبوڵڵاو حەماس و سەدرو ئەلقاعیدەو پێدانی بە میلیارد دۆلار لە داهات و سامانی گشتیی خەڵکی ئێران بەو گرووپانە مافی خەڵکی ئێرانە تا لەو سونگەیەوە لە دنیادا تەریك بخرێنەوە؟ یان ئەوە مافی خەڵکی ئێرانە کە ئەمنییەت و ئاسایش و ژیانیان لێ هەڵگرێ تا ئەو جێیەی لە نیشتمانی خۆیان دا جێیان نەبێتەوە؟

کێ مافی خەڵکی ئێرانی پێشێل کردوە، وڵاتانی ڕۆژئاوا، یان دەسەڵاتە دژی گەلییی‌کان کە خوێنی لاوان و ئازادیخوازان و گەلانی ئێرانیان لە شووشە کردوە! کێ زیانی ڕاستەقینەو قەرەبوو نەکراوەی بە کۆمەڵگای ئێران گەیاندوە؟

٩٠ ساڵ لە شەڕی یەکەمی جیهانی و ٦٥ ساڵ لە شەڕی دووهەمی جیهانی تێ‌دەپەڕێ. خەڵکانی وڵاتانی براوەی شەڕ هیچ، خەڵکانی وڵاتانی دۆڕاوو کاولکراوی شەڕ وەك ژاپۆن و ئاڵمان لە کوێ و ئێستای خەڵکی ئێران لە کوێ، دەوڵەتەکانی ئەو گەلانە لە کوێ‌و ئێرانی خاوەن شکۆ! لە کوێ، تۆ بڵێی ئێران لە ژاپۆن و ئاڵمان زیاتر زیانی بەرکەوتبێ؟

کۆمەڵگایەك کە لە ٢٥ میلیون هێزی کاری، ١٧ میلیون بێکاری هەبێ کە ٣ لە ٤ی ئەو بێکارانەش لە لاوانی خوێندەوار و دانشگایی پێك هاتبن، کۆمەڵگایەك کە ٧٠٪ی سەنایع و کارخانەکانی بە هۆی سیاسەتی چەوتی بەڕێوەبەرانی لە کار کەوتبێ، کۆمەڵگایەك کە زیاتر لە ٤ میلیون موعتادی هەبێ، تەمەنی لەشفرۆشی بۆ خوار ١٤ ساڵ دابەزیبێ، تەمەنی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەشی بە هۆی نەبوونی کارو هیوا بە داهاتووی ژیان بۆ سەروو ٣٠ ساڵ هەڵکشابێ، لە حاڵێك دا لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا بە سەدان میلیارد دۆلاری داهات لە فرۆشی نەوت بووبێ، ئەوە خەتا و تاوانی وڵاتانی بێگانەیە، یان دەوڵەتە دژی گەلییەکانی بێگانە لە خەڵك؟ ئەوە وڵاتانی ڕۆژئاوان دەستیان لە بینەقاقای خەڵك وەرناوەو مافەکانیان لێ زەوت کردوون، یان خوێنمژان و ئەو بەڕێزانەی بە ناوی نوێنەری خودا لەسەر عەرزو هەڵبژێردراوانی گەل! حوکمیان بەسەردا دەکەن.

زیان و خەسارو نەهامەتییەکانی خەڵك لە سۆنگەی ٣٠ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاترە یان ئەو زیان و خەسارانەی ٧٠-٩٠ ساڵ لەوە پێش و لە سۆنگەی شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی جیهانییەوە وەبەر پێشینییانی ئەو خەڵکە کەوتوە؟

٢٢ ساڵ لەوەپێش خەڵکی بێ‌تاوانی سەردەشت لە لایەن ڕێژیمی بەعسەوە هێرشی شیمیاییان کرایە سەرو زیاتر لە ١٠٠٠کەس بەم هۆیەوە کوژران و پتر لە ٧٠٠٠ کەسیش بریندار بوون و زیانیان وێ‌کەوت.

ڕێژیمی بەعس ڕووخا، ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە نەك هەر لەبەر ئەوەی تاوانیان دژی گەلی خۆیان کردوە، بەڵکوو بە تاوانی ئەنجامدانی تاوان دژی مرۆڤایەتی درانە دادگاو زۆر گەل و لایەن و وڵاتی دراوسێی وەك کۆیت لە سۆنگەی تاوانەکانی ئەو ڕێژیمەوە قەرەبوو کرانەوە، ئەدی بۆ ڕێبەرانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەمبارەوە نەك هەر مەتەقیان لە خۆیان بڕیوە، بەڵکوو ئیزنی ئەوەش نادەن کە نوێنەرانی خەڵکی زیان وێکەوتووی ئەو ڕووداوە سامناکە بۆ خۆیان و بە تێچووی خۆیان پێوشوێنی ئەو داخوازییە بکەون، ئەوە لە حاڵێك دایە کە هەر خودی یاساکانی دادگای بنچینەیی تاوانەکانی عێراق ئەو مافەیان پێ‌دەدا.

هەموو ئەو بابەتانە ئاماژە بەو ڕاستییە دەکەن کە مافی کوردو مافی خەڵکانی غەیرە خۆیی لە لای کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی پوولێکی قەڵب ناهێنێ و بۆ ئەو ڕێژیمە گرینگتر لە هەموو شتێك هەوڵدان بۆ زیاتر مانەوەی خۆی لەسەر تەختی دەسەڵاتەو بۆ ئەو مەبەستەش ئامادەیە کە حەق و حقوق و مافی ڕەوای هەموو خەڵکی ئێرانیش لەو پێناوەدا فیدا و پێخوست بکا، وەك چۆن تا ئێستا کردوویەتی.

***

ناونیشانی ئەو بابەتە لە شێعرێکی "بۆران"ی شاعیر وەرگیراوە:

هۆ هەوری ڕەش

ئەشکی تیمساح ڕشتن بەسە

خۆر بە زیندوویی دەنێژی‌و

بۆشی دەگری بە دەلەسە!

# هەواری نووری کەزیەت بۆ ژیان دەرسی بەیانی بوو

شکۆی پەیوەندی دەریا و ئاسمانم چاوەکانی بوو
گوڵ ئەیگوت حاڵی ئابم لێت بەرۆکی دەرفەتم بەردە
لە خۆراوە کەچی بولبول خەریک شیرین زمانی بوو
لە ژێر ئاسمانی شین بێتوو بناسین نووک و سۆی رێگا
ژیانی بێ تام ئەبوو تائێستە بەو رازەم نەزانیبوو
شەفەق بر ژانگی خوێن پاڵێوە چی بکەم چەپکەری گەردوون
تەمای مووخە چنینی خەڵکی موڵکی ئاوەزانی بوو
ئەوین رۆژێ لەگەڵ کەژ هاتە گۆڕێ بوو بەکوی زووخاڵ
کەس هیچی لێ نەبیست ئەو رازە ئاخر کەس نەزانی بوو
خەزان هەرگیز لە خەونیشا بەگژ ئەو باخەدا ناچێ
کە سەوزەی شینی شاعێر تاهەتایە باخەوانی بوو
لە غوربەت دا وەکوو خۆم لێرە تەنیا تووتەلێکم دی
لەگەڵ ئەستێرەیەکی تاک جریوەی بەر بەیانی بوو
سەرنجی ئاسمان شینی شەهیدە تا ئەبەد یەت
بەخوێناوی پەپوولە روومەتی گوڵ ئەو خەرخەوانی بوو
نیگاکانی وەکوو کاج فەلسەفەی شین بوو لە بە بۆران
ئەوی هەرگیز کە تاسەم **ناشکێ** لێی ئەرخەیانی بوو

بۆران

لە بەفرانباری ١٣٧٥دا شاعیری مرۆڤدۆست و بە هەڵوێست مامۆستا حەسیب قەرەداغی ماڵاوایی یەکجاریی لە ئۆگرانی شێعرەکانی و لە گەل و نیشتمانەکەی کرد.

لە سێزدەیەمین ساڵەی مەرگی ئەو مرۆڤە نیشتمانپەروەرو جوانی پەرستەدا ئەم شێعرەی کە لە دوایین شێعرەکانیەتی، بڵاو دەکەینەوە.

"ئەدەب و هونەر"

# دیاری

حەسیب قەرەداغی



دوێنێ سۆزانیی سیاسەت وەکوو تەتار
هات چەپاوی توانامی کرد
ئەژنۆم نییە کە دوات کەوم، ئازیزەکەم
پەنام بۆ ئەم سۆزانە برد
لا کەرەوەو گۆشەنیگای چاوەکانت
بەرەو ناخم بنێرەوە
ئەم قەفەسەم تاریک مەکەو باسی عەشقم
بۆ هیچ کەسێ مەگێڕەوە
توێشووی رۆحم تەنها ماچێکە لەو لێوەت
پێت نەبەخشیم
چۆن دڵت دێ جێم بهێڵی کە نازانم
هەتا سبەی چلۆن بژیم؟
کە گەوهەری شیعرت نەویست، دانە دانە
ئەشکم دەکەم بە تاڵەوە
تاڵە تاڵە هەڵیان واسە وەکوو مەسیح
بەدار ئەستێرەی خاڵەوە
ئاوات بوو (وەلی) ی عەشقم هەر بۆ شەوێک
لەگەڵ شەمتا ببێت بە جووت
نەتهێشت بەڵام تەنها ماچێک
لەو گۆناتە دەبێ بە قووتی لایەمووت!!

من دەمەوێت دیارییەکت پێشکەش کەم
تۆ خۆت بڵێ چت بۆ بێنم؟
لە گەوهەری دەریای شیعرم بۆ ملوانکەت
کامیانت بۆ هەڵێنجێنم؟
ئەوەندەی تۆ لە پێش چاوما جوانکیلانەی
بووکێک نیە بەو بەهایە
نەقشی وەها بەم هونەرە دارێژرابێ
هەر شایانی دەستی خوایە
کچێک کوردە بێ یانەکەی بێ نانەکە
بۆ بەپەلەی لێم رادەکەی؟
رۆژی مەینەتی ئەم رۆحەم لە هەگبەتا
هەتاکو کوێ و بۆ کوێ دەبەی؟

# پۆن

پەری کەریمی نیا

حـەزم چووەتـە پیاوێـک، ماچەکانی بۆنی ئۆدکۆلۆن ئەدات. کە دەم ئەنێتە سەر دەمم سەرەتا دەمم دوای بازنەیەکی دەوری دەمم ئەوجا هەموو کەشەکە پڕ ئەکا لەبۆنی ئۆدکۆلۆن. وێنەگرەکە وێنەیەکی لێ گرتین. ئەوڕۆ وێنەکە دەگاتەوە دەستم. لە ئەشپەزخانە دانیشتووەو گۆشت ورد دەکات. لەدەرکە درا.

ـــ ئای وێنەکەم هاتییەوە؟ بە پەلە هەستا. دەرکەکەی کردەوە. پاکەتەکەی وەرگرت. هەڵیپچڕی. وێنەکەی دەرهێناو بردی بۆ لێوەکانی.

ـ ئەی بۆ ئۆدکۆلۆنەکەی کوا؟ چووە ئەودیو درگاکەوە، هەڵات بە دوای وێنەگرەکەداو وێنەکەی دایەوە.

هاتمەوە پی ...

هاتمەوە بە هاوسەرەکەم بڵێم: ئەمرۆیش هەر سەر رێگەی پێ گرتم. من راوەستابووم بۆ ماشین. لەوەتی من دەچم بۆ کلاس لە سەر رێگەکەمدا دووکانی شتی خواردەمەنی داناوە قەتم کڕیار لیێ نەدیوە. هەرکە رادەوەستم دووکانەکەی دەداتە دەست دراوسێ دووکانەکەی و لەگەڵم رادەوەستێ بۆ ماشین. سەرەتاکان هیچی نەئەوت، ئیشارە و شتیش هیچ. بەس ئەگەر ماشینێک هات سەیری ماشینەکە دەکات تا دەگاتە لای من. ماشینە وێڵ دەکا و بڕێ لە من رادەمێنێ.

ئێستا سەر و سمێڵیشی پاک پاک دەتاشێ. ئۆدکۆلۆنی لە خۆی دەدا لەوەی کە تۆ بە جێی ئۆدکۆلۆنەکەی من کڕیت. من وتم: «سانتیاگۆ» و تۆ «وانمانشۆ»ت هێنایەوە.

دەسەسرێکی سپی خاوێن خاوێنیشی پێیە دەیهێنێ بە سەر و ملیدا و دەڵێ گەرما!؟ گەرما!؟. دوگمەی پاڵتۆکەی دەکاتەوە.

لە درگام دا هاوسەرەکەم درگام بۆ بکاتەوە و بۆی بگێڕمەوە کە ئەمڕۆ رووداوتر بووە و هاتوویشەتە ناو ماشینەکەم و لە بەریشەوە دانیشتووە بە جێی منیش کرێکەی داوە. ویستم نەهێڵم ئەو ئاوڕی دایەوە و وتی: دەبێ ببیتە هاوسەرم. ویستم بڵێم: ببوورە برای بەڕێز نانت لە جێگایەکی‌دی بدرێتێ، کە شۆفێر وتی: خواحافیز. ئەو پێش لە من دابەزی و لە بەردەم درگای کلاسەکەمدا راوەستا. بە شۆفێرم وت: دانابەزم.

ئەرێ پێت بڵێم: من ئیتر ناچمەوە بۆ کلاس. پێت بڵێم ئەمەیشی پێداوم. زنجیر و ئەڵڵایەک. من یەکەمجار نەمدیت، لە سەرباوشم بوو. بە قینەوە چاوم لێکرد. پێدەکەنی. دەسەسرە سپیەکەی دەهێنا بە ملیدا. شۆفێیەکە یەک چرکەیش رانەدەوەستا. ئەگەر ماشینە ریز کراوەکان لە پشت چرای سووردا نەبوایە. هەر ئاوڕم نەدایەوە. دەستم لە سەر ئەڵڵا و زنجیرەکە قوفڵ کردبوو. لەرزینەکە نەدەبڕا. لە ماشینەکە دابەزیم و ملی رێگام گرت. دەنگێکم بیست: ئەڵڵا بە زنجیرەوە.


بە پەلە هاتمەوە پێت بڵێم: بە دوامەوەیە. دەستی لە ناو هەر دوو گیرفانی پاڵتۆ رەشەکەی ناوە. قاچی لە ناو جێ پێڵاوەکانم دادەنێ.

وتم کە دەرکەت کردەوە و ئاوا بە لەرز بینیمت باوشت پێدا کردم وتت: چی بووە؟ پێت بڵێم: هەڕەشەی لێکردووم جەزام لێ بستێنێت. هاتمەوە پێت بڵێم: تەلەفوونەکە لا ببە. نامەوێ ژمارەکەمان بزانێت. هاتمەوە پێت بڵێم: ئەزانی من لە پیاوی بێ سمێڵی پاڵتۆ رەش دەترسم. ئیتر لەو شەقام و کۆڵانەیشەوە نارۆم.

هاتمەوە پێت بڵێم: چاوێکی لە هاوسەرەکەی کرد و روانییە مێزەکەی بەرامبەری.

ـــ بەڵێ جەنابی قازی،

هاتمەوە پێی بڵێم.



KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No. 526 5 Jan 2010

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 - MHZ: 11604 -
Polarization: Horizental - S R: 27500 - FEC: 5/6

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

# نەدا ئاقا سوڵتان دەستی لە کوشتنی خۆیدا هەبووە

پاش تێپەڕ بوونی نزیکەی ٦ مانگ بە سەر کوژرانی نەدا ئاقا سوڵتان دا، ڕۆژنامەی "وطن امروز"ی سپای پاسداران شاکارێکی (!)دیکەی خوڵقاندووە بە خەیاڵی خۆی لە قاوی داوە کە نەدا خۆی دەستی لە کوشتنی خۆیدا هەبووە. ئەو ڕۆژنامەیە لە وتارێك دا لە ژێر سەردێڕی "وردەکارییەکانی کوشتنی نەدا" ڕایگەیاندوە کە فیلمێك بڵاو دەکەنەوە کە بە بەڵگەوە سەلماندوویانە کە نەدا ئاقاسوڵتان لە سەر شەقام و لە نێو خۆپیشاندەران دا نە کوژراوە، بەڵکوو لەو فیلمە دا کە پێشتر بڵاو بۆتەوە ناوبراو لە ڕاستیدا ئەو خوێنەی کە لە جەستەی "نەدا"وە دەڕژێتە سەر شەقام، خوێنی خۆی نیە بەڵکوو کیسەیەکی خوێنی لە نێو جەستەی خۆی دا حەشار داوە. بە پێی ئیدعاکەی ڕۆژنامەی "وطن امروز" نەدا لە فیلمێك دا دەوری کوژرانی خۆی بینیوە و ئەو کارەش بە پیلانی سازمانە جاسووسییەکانی ئەمریکا و بریتانیا بووە. و ئەو دوو ڕێکخراوەیە دواتر لە شوێنێکی دیکە نەدا دەکوژن تا ڕاستییەکان ئاشکرا نەبن.

شایانی باسە لە دوای کوژرانی "نەدا ئاقا سوڵتان" وە تا ئێستا کاربەدەستانی ڕێژیم و ڕۆژنامەکانی سەر بە دەوڵەت چەندین سێناریۆ و داستانی جیاوازیان لەم پێوەندییەدا باس کردوە کە تەنیا خاڵی هاوبەشی هەموو ئەو سێناریۆیانە ڕۆڵی سازمانە جاسووسییەکانی ئەمریکا و بریتانیا بووە.



# خەڵاتی هونەرمەندی ساڵی ٢٠٠٩ بە قالە مەڕە بەخشرا

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ خەڵاتی هونەرمەندی ساڵی ٢٠٠٩ی بە هونەرمەندی کۆچکردوو و شمشاڵژەنی بە توانای کورد قالەمەڕە بەخشی. خەڵاتی هونەریی مامڵێ کە ئەمساڵ بۆ جاری یەکەمە بەڕێوە دەچێ وەکوو نۆبەرە ئەو خەڵاتە بەخشرایە هونەمەند قالەمەڕەو بڕیارە لەمەودوا ساڵانە لەلایەن مەڵبەندی هونەریی "مامڵێ"وە کەسێك وەك هونەرمەندی ساڵی کوردستان خەڵات بکرێ.

شایانی باسە لە ڕێورەسمێك دا کە بەم بۆنەوە لە شاری بۆکان بەڕێوە چوو و ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندان و هونەر دۆستان تێیدا بەشدار بوون، ڕێز لە کەسایەتیی هونەرمەند قالە مەڕە گیراو پاشان بەشداربووان سەردانی گۆڕی ئەو هونەرمەندەیان کردو تاجە گوڵینەیان لە سەر گڵکۆکەی دانا.




### لە ماوەی حەوتوویەک دا

# لە فەرانسە زیاتر لە ٦٥ هەزار کەس فیلمە نوێیەکەی بەهمەن قوبادیان دیتوە

لە یەکەم حەوتووی نیشاندانی فیلمی "کەس بە پشیلە ئێرانییەکان نازانێ" لە فەرانسە، زیاتر لە ٦٥ هەزار کەس لە سینەماکانی ئەو وڵاتەدا ئەو فیلمەیان بینیوە. ئەو ژمارە بینەرە بۆ فیلمێکی ئاسیایی لە وڵاتی فەرانسە بە ژمارەیەکی زۆر دادەنرێ و نیشانەی پێشوازییەکی زۆرە لەو فیلمە.

ئەو فیلمە کە تازەترین بەرهەمی قوبادییەو باس لە کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵێك لاو دەکا کە بە جۆری موسیقیی ناسراو بە "موسیقی زیر زمینی"یەوە سەرقاڵن. هەندێك کەس ئەو پێشوازییە گەرمە لە فەرانسە و وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ ئەو فیلمە بۆ پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکانی ئەم دوایانەی ئێران دەگەڕێننەوە.



# کاریگەریی درەنگ خەوتن لە سەر نەخۆشیی "خەمۆکی"



کۆمەڵێك لە توێژەرانی زانکۆی پزیشکیی کۆلۆمبیای ئەمریکا، لە توێژینەوەیەك دا بەو ئاکامە گەیشتوون کە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی خەمۆکی لە نێو ئەو لاوانەدا کە پاش کاتژمێر ١٢ی نیوەشەو دەخەون، ٢٤% زیاتر لەو کەسانەیە کە بەر لەو کاتژمێرە دەخەون.

لەو توێژینەوەیەدا کە لە سەر ١٥٥٠٠ کەس کراوە، دەرکەوتوە کە ئەو کەسانەی کە لە شەو و ڕۆژێك دا ٥ کاتژمێر یان کەمتر لە ٥ کاتژمێر دەخەون، ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی خەمۆکی ٧١% زیاترە لەو کەسانەی کە بۆ ماوەی ٨ کاتژمێر دەخەون. ئەو توێژەرانە ڕایانگەیاندوە کە کەسانی تەمەن ١٢ تا ١٨ ساڵ پێویستە لە شەوڕۆژێك دا ٩ کاتژمێر بخەون و بۆ تەمەنی سەرووی ١٨ ساڵیش پێویستە لە شەو ڕۆژێك دا ٧ تا ٩ کاتژمێر بخەون.

باشترین کاتی خەویش لەکاتژمێر ٩ شەو تا ٥ی بەرەبەیان دیاری کراوە.

### بە هۆی ئاڵۆزییەکانی ئێرانەوە

# بریتانیا کەتیبەی "مەنشووری کوروش" ناگەڕێنێتەوە ئێران



کەتیبەی "مەنشووری کوروش" کە لە یەکێك لە موزەخانەکانی وڵاتی بریتانیایە و بڕیار بوو ڕۆژی ٢٦ی بەفرانبار بۆ نیشاندان لە پێشانگایەك بۆ ماوەیەکی کورت بگەڕێندرێتەوە ئێران، لەم ڕۆژانەی دوایی دا دەوڵەتی بریتانیا ڕایگەیاندوە کە بە هۆی ئاڵۆزییەکانی ئێران و بانگ کردنی نابە جێی باڵوێزی ئەو وڵاتە بۆ وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئەو وڵاتە ئامادە نیە کە ئەو کەتیبەیە بۆ ئێران بگەڕێنێتەوە.

# پیشان درانی چەند بەرهەمی هونەریی منداڵان لەلایەن ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە

ڕۆژی یەك شەممە ١٣ی بەفرانبار ڕێورەسمێك بە مەبەستی گەشە پێدانی ئاستی هونەریی منداڵان لەلایەن بەشی ئاموزیشی ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە چوو.

ئەو ڕێورەسمە کە لە چەند بەرهەمی منداڵانی نێو کەمپەکانی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستان پێك هاتبوو، کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆی یەکشەممە ١٣ی بەفرانبار دەستی پێ کرد و ئێوارەی ئەو ڕۆژەش لە نێو شایی و هەڵپەرکیی منداڵانی بەشداری ڕێوڕەسمەکەدا کۆتایی پێ هات.

کۆی بەرنامەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بەڕێوە چوو

١. باسێکی کورت سەبارەت بە منداڵان لەلایەن فەرشید محەمەدی ئەندامی بەڕێوەبەری ناوەندی منداڵپارێزی


٢. پێشکەش کردنی سروودی "مامۆستا" لەلایەن تیپی سروودی نیشتمانەوە

٣ـ پێشکەش کردنی شانۆی "ئاسنگەر" لەلایەن تیپی شانۆی نیشتمان و لە نووسین و دەرهێنانی هێرش ئەحمەدی

٤. پێشکەش کردنی چەند تابلۆیەکی هەڵپەرکێ لەلایەن تیپی منداڵانی نیشتمان

٥. شانۆی "مامۆستا" لەلایەن تیپی شانۆی نیشتمان نووسین و دەرهێنانی هێرش ئەحمەدی

٦. سروودی وڵات لە پێشکەش کردنی تیپی سروودی نیشتمان.




بەر لەماڵاوایی

# ٢٠٠٩، ساڵێکی تاڵ بۆ ڕێژیمی ئێران

ب هیوا

ساڵی ٢٠٠٩ وەك ساڵانی پێش خۆی و تەنانەت زیاتر لە هێندێکیان، ساڵی ڕووداو و گۆڕانی گرنگ بوو. کۆمەڵێك لەو ڕووداو و گۆڕانانە پێوەندییان بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەبوو.

ساڵی زایینیی ڕابردوو لە کاتێك دا دەستی پێ کرد کە لە ئەمریکا، سەرکۆمارێکی نوێ بە گوتارێکی ئاشتیخوازانەوە هاتبووە سەرکار، ئوبامای ڕەش پێستی بنەچەکە موسوڵمان لە حیزبی دێموکراتەکان کە لە جیاتی بەکار هێنانی هەڕەشە و زمانی زبر، گوتاری پێویستیی گۆڕان لە سیاسەتەکانی ئەمریکایدا هێنابووە گۆڕو، لە پێوەندی لەگەڵ ئێرانیش دا بە زمانێکی نەرم و ئاشتیخوازانە دەدوا. خوشبینی بەم گوتارە بوو کە سەرکۆماری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی هان دا لە هەنگاوێکی چاوەڕواننەکراو دا پەیامی پیرۆزبایی بۆ ئوباما بە بۆنەی سەرکەوتن لە هەڵبژاردندا بنێرێ.

بەڵام هەم بڕیار بەدەستانی ڕێژیمی ئێران و هەم سەرکۆماری تازەی ئەمریکا، لە چاوەڕوانیی ڕوونبوونەوەی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران-دا مانەوە بۆ ئەوەی هەر دوولا بە بەرچاو ڕوونییەکی زیاترەوە بکەونە دانوستان لەگەڵ یەکتر. ئەگەر ئەمریکا بە هیوای هەڵبژێرانی کەسێکی باشتر لە ئەحمەدینژاد و گونجاو بۆ دیالۆگ و لێك تێگەیشتن و ڕێککەوتن، چاوەڕوانیی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی ٢٢ی جۆزەردانی دەکرد، ڕێبەریی کۆماری ئیسلامی و قۆڵی کۆنەپارێز و پاوانخواز. لە هەوڵی ئەوەدابوون، بۆ بەدنیا نیشاندانی پێگەی خەڵکیی نیزامەکەیان، زۆرترین خەڵك بێننە سەر سەندوقەکانی دەنگدان و، کەسی گونجاو بۆ ململانی لەگەڵ ئەمریکا، بە زۆرترین دەنگەوە، بکەنەوە بە سەرکۆمار، تا ئەمجارەیان پشت ئەستوور بەم بەشدارییە بەرینەی خەڵك لە هەڵبژاردن دا و، دەنگی یەکجار زۆری سەرکۆمار، ئەمریکا ناچار بەمل ڕاکێشان بۆ داواکانی خۆیان بکەن.

ملدانی ڕێژیم بۆ ڕقبەرقەیەکی جیددی لە نێوان چوار کاندیدای پۆستی سەرکۆماری و دەرەتاندان بە بڵاوبوونەوەی دروشم و بەرنامەکانیان و، تەحەممولی چالاکی و هەڵسووڕانی لایەنگرانی کاندیداکان، بۆ ئەوە بوو ڕواڵەتێکی دێموکراتیك لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری، بە خەڵکی دنیا نیشان بدرێ و ئەم ژێستە بکرێتە پاڵپشتێك بۆ مەیداندارییەکانی ئەحمەدینژاد لە ئاستی دەرەوەو نێوخۆ لە دەورەی دووهەمی سەرکۆماریدا. بەڵام خەڵکی وشیاری ئێران ئەم دەرەتانەیان بە قازانجی خۆیان قۆستەوە و لەم دەرفەتە بۆ هێنانەگۆڕی ویست و داخوازەکانی خۆیان و بێزاری دەربڕین لە ناوکەی ئەسڵیی دەسەڵاتی ڕێژیم و سیاسەتەکانیان کەڵکیان وەرگرت.

نە ڕەتکردنەوەی کاندیداتۆریی دەیان کەسایەتیی دەرەوەی نیزام لە لایەن شوورای نیگابان، نە پشتیوانیی سیاسی و ڕێکخراوی ڕەهبەری و دامەزراوەکانی سەر بە ئەو لە ئەحمەدینژاد و نە ئەم هەموو پووڵ و پارەیەی پێشترو لە گەرمەی ملبەملەی هەڵبژاردن دا لەلایەن ئەحمەدینژادەوە بۆ ڕاکێشانی دەنگی خەڵك تەخشان و پەخشان دەکرا، بەفریای ناوبراو نەگەیشتن. هەرچی ڕۆژی دەنگدان نزیکتر دەبۆوە پتر دەردەکەوت کە کاندیدای بەیتی ڕەهبەری و سوپای پاسداران و. دۆڕاوی ئەم هەڵبژاردنە دەبێ و خەڵك جارێکی دیکە کاندیدایەك هەڵ دەبژێرن کە دروشم و بەرنامەکانی لە خزمەت گۆڕان و کرانەوە بە قازانجی خەڵك دا بێ. بەشداریی کەم وێنەی خەڵك لە دەنگدان دا کە قەراربوو سەرانی ئەم ڕێژیمە بیکەن بە بەڵگەی مەشروعییەتی نیزامەکەیان و وەك دەسکەوتێك کەڵکی لێ وەربگرن، بوو بە مایەی بەدبەختیان. چونکە جگە لەوەی دەنگی ئەو خەڵکە زۆرە، کاندیدا نەخوازراوەکانی بە سەر کاندیدای ئەوان دا سەر خست، کاری دزین و جێگۆڕکێی دەنگەکان و ساختەکاریی دیکەشی لەوان وەزەحمەت خست. تەنیا دەست بە سەرداگرتنی دەنگەکان و ڕاگەیاندنی ئاکامێکی بە دڵی خۆیان لە پەنای ڕاگەیاندنی حکوومەتێکی نیزامی دا، دەیتوانی سیناریۆی هێنانەوە سەرکاری دووبارەی ئەحمەدینژاد بگەیەنێتە ئەنجام.

کودیتایەك کە دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی ٢٣ی جۆزەردان لە دژی ویست و ئیرادەی خەڵك کردیان، بە ڕواڵەت تاقەڕێگای دەرباز بوونی ئەوان لە مۆتەکەیەك بوو کە بە هۆی دەنگەکانی خەڵکی ئێرانەوە هاتبووە سەر ڕێیان. بەڵام هەر ئەم جۆرە خۆ دەرباز کردنەو لە ڕاستی دا ڕیزنەگرتن لە ئاکامەکانی هەڵبژاردنێك کە خەڵك سەرەڕای ئەم هەمووە بەربەست و پاڵاوتن و کەندوکۆسپەش تێی دا بەشدار ببوون، بوو بە سەرەتای بەرەو هەڵدێر چوونی نیزامی کۆماری ئیسلامی.

دەکرێ بڵێین لە کۆتاییەکانی جۆزەردانەوە (نێوەراستەکانی ژووئەنی ٢٠٠٩) تا دوایین ڕۆژەکانی مانگی دیسامبر کە ساڵی ٢٠٠٩ کۆتایی پێ هات، کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات بەرو بوومی تاڵی ئەوتۆوەی چنیەوە کە لە ٢٣ی جۆزەردان دا چاندی.

سەر کۆمارێك کە قەرار وا بوو پشت ئەستور بە بەشداریی سەدی هەشتای خەڵك لە دەنگدان داو دڵگەرم بە دەنگی بێوێنەی ١٦میلیۆنی! لە ئاستی دنیادا مانۆر بدا، بەڵام چونکە سەرکەوتنەکەی بەرهەمی ساختەکاری و کودەتا بوو، لە نێو خۆدا لەگەڵ خۆپێشاندانی میلیۆنیی خەڵك و، لە دەرەوەی وڵات لە گەڵ متمانە پێ نەکردن و ترۆکران لە لایەن ڕێبەران و سەرانی وڵاتانی جیهان و بیروڕای گشتی دنیاوە بەرەوروو بوو. ئیستاش کە ئیستایە ژمارەی ئەو سەرۆك و ڕێبەرانەی پیرۆزباییان لەم "سەر کۆمار"ە کردوە لە پەنجەی هەر دوودەست تێ نەپەریون. لە سەفەری ڕووهەڵماڵاوانەشیدا بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا، دەرکەوت کە نە بۆ خۆی ئەوەندە مەشروعییەت و نە قسەکانی ئەوەندە قیمەتیان هەیە کە ڕێبەران و و نوێنەرانی وڵاتانی دنیا گوێی لێ بگرن.

ل ٥